سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠ .................. لاپەڕەی ........ ٥

١- پەتی سێدارە لە ملی کوردستان دا، ڕاپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران...
٢- ئابڵووقە سەپێندراوەکانی سەر ئێران ئەو وڵاتە بەرەو کوێوە دەبەن...
٣- ئێعدامی ٢ کەس لە تاوانبارانی بەندیخانەی کەهریزەک و ڕویی ڕەشی کۆماری ئیسلامی...
٤- هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران و ئەگەرەکانی دوای ئەو شەڕە...
٥- سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران و دەوری هەلپەرستانەی تورکیە لەو نێوە دا...
٦- کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی منداڵان و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی...
٧- سزا نێودەوڵەتییەکان و هەوڵی خۆدزینەوەی ئێران...
٨- نەمانی یارانەکان و داهاتووی ڕەشی ئابووری ئێران...
٩- ئەحمەدی نژاد داوا دەکات تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێران دا بکرێتە ١٦ بۆ ١٧ ساڵ...
١٠- کردەوە تێرۆریستییەکەی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید و چەند قسەیەک...
١١- دەورێکی نوێی سزا نێودەولەتییەکان بۆ سەر ئێران بەڕێوەیە...
١٢- ئاگر گرتنی شاخ و کێوەکانی کوردستان زیانێکی قەرەبوو نەکراوە

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١ ............. لاپەڕەی ............ ٣٧

١٣- نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی لە سەربەخۆیی باشووری سودان و دەرکەوتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەلی کورد...
١٤- هەوڵەکانی ڕژیمی ئێران بۆ دەست بەسەردا گرتنی حکومەتی نوێی عێراق...

١٥- قەیرانی برسیەتی و بێکاری لە ئێراندا و مەترسی دەمڕاستەکانی ڕژیم لە سەرهەڵدانێکی هاوشێوەی تونس
١٦- قەیرانی برسیەتی و بێکاری لە ئێراندا و مەترسی دەمڕاستەکانی ڕژیم لە سەرهەڵدانێکی هاوشێوەی تونس...
١٧- شەڕی نێوان مەکتەبی ئیسلام و مەکتەبی ئێرانی، شەڕێک کە پێکڵەکانی نیزامی ئیسلامی دەخاتە لەرزە...
١٨- هەوڵەکانی کومیتەی پشتگیری لە کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل خەریکە دەگاتە ئەنجام...
١٩- دەستێوەردانی ڕژیمی ئێران لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبی کەنداوا و هەڵوێستی ئۆپۆزێسیۆنی عەرەب...
٢٠- نرخی پێداویستییەکانی خەڵک لە ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرانتر دەبن...
٢١- ئوسامە بن لادن کێ بوو...
٢٢- بەڵگەنامەکان باس لە پەوەندییەکی قوڵی سوپای قودسی ڕژیمی تاران و ئەلقاعیدە دەکەن...
٢٣- مامەڵە نهێنییەکانی کۆمپانیای ئیسرائیلی عوفر لەگەڵ ئێران و...
٢٤- لە یادی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی دا...
٢٥- یادیک لە هاوڕێ و مامۆستام کاک عوسمان ڕەحیمی...
٢٦- ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی لە هێرشە تێرۆریستیەکانی ١١ی سێپتامبر دا هەبووە...
٢٧- پانزەی سێپتامبر ڕۆژی نێونەتەوەیی دێمۆکراسی...
٢٨- کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان لە خزمەت ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا بۆ...
٢٩- سپای پاسدارانی ڕژیمی ئێران گەورەترین تۆڕی مامەڵە و قاچاچچیەتی مادە هۆشبەرەکانە...
٣٠- ڕاگرتنی مۆڵەتی هاتوچۆی گەمیە نەوتکێشە ئێرانییەکان ڕێگەیەکی نوێ بۆ ئابڵوقەی زیاتر ئەو وڵاتە...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ ................. لاپەڕەی ............ ٩٠

٣١- والستریت ژوڕناڵ: ئەمریکا لە ئەگەری هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نیگەرانە...
٣٢- نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد برایيم خانی یوونسی کۆچی دوایی کرد...
٣٣- ڕوسیە خۆی بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی قورس لە ناوچەی کەنداو ئامادە دەکات...
٣٤- بڵاو بوونەوەی شێعەگەری لە میسر و هۆشداری زانکۆی ئەلئەزهەر و سەلەفی...
٣٥- ٦٢ هەمین ساڵەوەگەڕی پەسندکرانی جاڕی گەردوونی مافەکانی...

٣٦- وێنەگرە تایبەتەکەی ئەحمەدی نژاد و ئەو فیلم و وێنانەی بردنی بۆ ئەمریکا!!...
٣٧- «مویان»، نووسەری چینی، براوەی خەلاتی ئەدەبیی نۆبیلی ٢٠١٢...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ................. لاپەڕەی ................. ١٠٩

٣٨- وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران گەورەترین و بە هێزترین دەزگای سیخوڕییە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دا...
٣٩- لە ئێراندا تەنانەت باوەڕپێکراوترین ئەندامانی نیزامی ئیسلامیش سیخووڕییان بە سەرەوە دەکرێ...
٤٠- لە ڕۆژئاوا سەرنج ڕاکێش و فریودەر، لە ماڵەوە پەت و سێدارە...
٤١- دەی دێسامبر، ڕۆژی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و چەند وتەیەک...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ................. لاپەڕەی ........... ١٢٦

٤٢- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ ئێراِن یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەم هێنانی مادەی هۆشبەری شیشە،یە لە جیهاندا...
٤٣- سەردانی کۆمپانیا و بازرگانە ئەمریکاییەکان بۆ ئێران، لە ژێر سێبەری سزا و ئابلووقە نێودەوڵەتییەکاندا...
٤٤- دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان و قازانجەکانی بۆ تورکیە...
٤٥- گیارەنگ ئەو سەرچاوەیەی کە ڕۆژانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەڵکی لێ وەردەگرم...
٤٦- پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان...
٤٧- کۆچی دوایی کەسایەتییەکی ناوداری شاری بانە حاجی کەریم وسووقی...
٤٨- مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵکی بانە...

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠

## پەتی سێدارە لە ملی کوردستان دا، ڕاپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران

**سەرچاوە - هرانا**

**موحارەبە، ئەندامەتی و هاوکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دژ بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی، تاوان گەلێکی هاوشیوەن کە لە دۆسییەی ١٥ بەندکراوی کوردی مەحکوم بە ئێعدام دا بەدیی دەکرێن. پاش تێپەڕینی ٣ حەفتە بە سەر لە سێدارەدانی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی دا، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ئێعدامی دژبەرانی حکومەت لە کوردستان دا هەروا درێژەی هەبێ.**

**ئێعدامی سیاسی لە کوردستان دا تەنیا تایبەت بە دەورانی دەسەڵات داریەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو ئەو کردەوە دزیوە لە دەورانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی پێشووش دا هەروا بەردەوام بووە و هەموو کاتێک وەک ئامرازیکی تۆڵە سەندنەوە لە گەلی کورد بە کاریان هێناوە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی ئێعدامەکان لە ماوەی دەسەلاتی حکومەتی ئیسلامی دا بووە. یەکەمین سزای سێدارە لە کوردستان دا لە دوای هاتنە سەر حکومی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ دا جێبەجی کرا و لەو ڕێکەوتە بەدواوە تا ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی ٨٣٢ کەس لە کوردستان گوللە باران کراون.**

**ئێستا و پاش تێپەڕینی٣٠ لە بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی دەسەلات دارانی حاکم، دژ بە گەلی کوردستان هیچ گۆڕانێکی بە سەر دا نەهاتووە و سزای سێدارە هەر وا لە جێی خۆیدا ماوەتەوە.**

**سەیر لەوە دایە کە لەو ماوەیە دا ناوەرۆکی دۆسیە و پەروەندەی هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی سیاسییەوە لە سێدارە دراون وەک یەک بوون و تەنانەت ئەو ١٥ کەسەی دیکەش کە ئێستا لە نۆبە دان بۆ ئێعدام کردن بە یەک**

تاوان و لە چوارچێوەی یەک یاسا دا سزای سێدارەیان بە سەر دا سەپێندراوە.

لە دوایین راپۆرتی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، ناوی ئەو ١٥ کەسە بەو شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

١- حەبیبوڵا لەتیفی خوێندکاری بەشی ئەندازیاری ساڵی ١٣٨٦ لە شاری سنە دەستگیر کرا. ساڵێک دواتر لە دادگایەکی سەرپێی دا سزای سێدارەی بە سەر دا سەپیندار، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی ناوبراو بەرامبەر بەو حوکمە، پەروەندەکەی هەناردەی دادگای پێداچوونەوە کرا و لەو دادگایەش دا بۆ جاری دووهەم سزای سێدارەی بە سەر دا سەپێندرایەوە. تاوانی ناو براو ئەندامەتی لە پژاک دا و هەوڵ دا بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵاتە. بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ١٧ جۆزەردان بۆ لە سێدارە دانی دیاری کراوە.

زێنەب جەلالیان لە دایکبووی ١٣٦١ی هەتاوی لە ماکۆ. ساڵی ١٣٨٨ بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ پەژاک دا سزای سێدارەی بۆ دیاری کرا. ئەو سزایە لە لایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە.

حەبیبوڵا گولپەری پوور: خەلکی سنە، بە تاوانی موحارەبە بە شێوەی چالاکی تەبلیغاتی و ئەندامەتی لە ڕێکخراوێکی دژ بە حکومەت دا، بە پێی مادەی ١٨٦ و ١٩٠ی یاسای سزا ئیسلامییەکان، لە لایەن دادگای مەهابادەوە سزای ئێعدامی بۆ بڕایەوە. ناوبراو لە ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕەوە دەستی بە مانگرتن لە خواردن کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.

ڕەشید ئاخکەندی: لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی دا لە شاری ئیسفەهان گیرا. ساڵێک دوایی تر لە ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٨٨ دا لە دادگای شۆڕش لە شاری سنە بە تاوانی موحارەبە سزای سێدارەی بە سەر دا سەپێندرا.

شێرکۆ معارفی: تەمەن ٣٠ ساڵ، خەڵکی بانە. لە ڕۆژی ٩ی سەرمازی ١٣٨٧ دا قۆلبەست کرا و لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سەقزەوە بە تاوانی موحارەبە حوکمی ئێعدامی بۆ بڕایەوە. پاش ماوەیەک ئەو سزایە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کوردستان و دیوانی بەرزی وڵاتەوە پەشتراست کرایەوە.

مستەفا سەلیمی: خەڵکی ئاوایی ئیلوو ی ناوچەی تیلەکۆی سەقز. ساڵی ١٣٨٠ پەیوەندی بە حیزبیکی ئۆپۆزیسیۆنەوە گرتووە و پاش ٣ ساڵ وازی لە کاری سیاسی هێناوە. ناوبراو لە شاری نەهاوەند بە تاوانی موحارەبە دەستبەسەر کرا و لە لایەن دادگای شاری سەقزەوە سزای سێدارەی بە سەر داسەپێندرا.

ڕۆستەم ئەرکیا: خەڵکی ماکۆ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٣٨٦ بە تاوانی ئەندامەتی لە پەژاک دا سزای سێدارەی بۆ برایەوە.

حوسەین خزری: لە دایکبووی ١٣٦١ی هەتاوی. مانگی خەزەڵوەری ١٣٨٧ بە تاوانی هەوڵ دان بۆ سێواندنی ئاسایشی ولات و ئەندامەتی لە پەژاک دا لە لایەن دادگای شاری ورمێ وە سزای سیدارەی بە سەردا سەپیندرا.
ئەنوەر سەلیمی: لە بەفرانباری ١٣٨٧ دا لە شاری کرماشان گیرا و بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبیکی کوردی دا سزای سێدارەی بۆ دیاری کرا.

سەید جەمال موحەمەدی: ساڵی ١٣٨٧ بە تاوانی موحارەبە و ئەندامەتی لە پژاک دا دەستگیر کرا و سزای سیدارەی بۆ بڕایەوە.

سەید سامی حوسەینی: خەڵکی شاری سەڵماس لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.ساڵی ١٣٨٧ هاوڕێ لەگەڵ سەید جەمال حوسەینی گیرا و بە تاوانی موحارەبە سزای سێدارەی بۆ برایەوە.

ئیرەج مەحەمەدی: تەمەن ٣٠ ساڵە و خەڵکی مياندواو. سزای گولەباران کردنی بۆ دیاری کراوە.

موحەمەدئەمین ئاگوشی: تەمەن ٥٠ ساڵ، مامۆستا خانەنشین. ساڵی ١٣٨٦ دەستگیر کرا و لە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٨٦ دا دەستبەسەر کرا و سزای گوللە باران کردنی بۆ بڕایەوە.

ئەحمەد پولادخانی: تەمەن ٤٠ ساڵ، ساڵی ١٣٨٦ دەستبەسەر کرا و لە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٨٨ دا لە دادگایە سەربازی شاری ورمێ بە تاوانی سیخوڕی و ئەندامەتی لە پەژاک دا سزای سێدارەی بۆ بڕایەوە.

عەزیز موحەممەدزادە: تەمەن ٢٦ ساڵ خەڵکی بانە. بە تاوانی موحارەبە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵات لە شاری بانە دەستگیر کرا و لە لایەن دادگای شۆڕش لە سەقز، سزای سێدارەی بۆ دیاری کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٠

## ئابڵووقە سەپێندراوەکانی سەر ئێران ئەو وڵاتە بەرەو کوێوە دەبەن

بە هۆی ئەو سزا نێودەوڵەتییانەی کە چەند حەفتە لەمەوبەر لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە سەر ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەپێندرا، تا دێت بەرتەسک تر دەبێتەوە. هەر لەم پەیوەندییە دا ڕۆژی ڕابردوو وەزارەتی خەزێنەداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەر ڕووناکایی بڕیارنامەی ژمارە ١٩٢٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرماندەی سپای پاسداران و وەزیری بەرگری ڕژیمی ئیسلامی خستە نێو ڕەشنووسی ئەو کەس و لایانانەوە کە ئەو سزایانە دەیانگرێتەوە. بە گویرەی ئەو بڕیارە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕیکی بازرگانی لە لایەن دانیشتووانی ئەمریکا چ بە شیوەی تاک و چ بە شیوەی شیرکەت و بنیاتی بازرگانی لەگەڵ ئەو ٢ کەس و ئۆرگان و بنیات و ڕێکخراوەکانی گرێدراوی ئەوان بە تەواوی قەدەغە کراوە و سەرپێچی کاران تووشی سزای توند دەبنەوە.

جگە لەو ٢ کەسە چەندین ڕێکخراو و شیرکەتی بارزگانی ئێرانیش کە پەیوەندییان بە بەرنامەی ناوەکی ڕژیمی تارانەوە هەیە ئەو سزایانە دەیانگرێتەوە و گشت دارایی و پاشەکەوتەکانیان لە بانکەکانی ئەمریکا و ئوروپا دا دەستی بە سەردا دەگیرێت. ئەوە جگە لەو پارت و ڕێکخراوە چەکدارییانەی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین و حیزبوڵای لوبنان کە وەک بەشێک لە ڕێکخستنی چەکداری سپای پاسداران دێنە ئەژمار، کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان تووشی ئەو لێپرسینەوە نێودەوڵەتیە دەبن کە بەرۆکی ڕژیمی تارانی گرتووە.

گرنگی سزادانی سپای پاسداران و وەزارەتی بەرگری ئێران لەوە دایە کە بە ئابڵوقە دانان لە سەر ئەو دوو دەزگا سەرکوتەی ڕژیمی ئیسلامی چەندین خاڵی هاوبەش دەپێکرێن.

یەکەم ئەوەی کە ڕاستەوخۆ قەیرانەکە بەردەرگا بە باڵی سەربازی و سەرکوتی ڕژیم دەگرێت و لاواز بوونی ئەو دەزگا گرینەگە سەربازییە بە مانای لاواز بوونی جوڵەی سەربازی و ئامرازی سەرکوتی ڕژیمی تاران بە حیساب دێت.

دووهەم ئەوەی کە بە ئابڵووقە دانان لە سەر سپا و وەزارەتی بەرگری، زەبرێکی کوشندە لە پەیکەری بەرنامەی ناوەکی ڕژیم دەوەشیندریت، چونکە ئەوە ئەو دوو ئۆرگانەی ڕژیمن کە لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ بەرنامەی ناوەکی ڕژیم و ئەوانن کە بە تێوەردانی ئۆرگان و بنیاتە سەربازییەکانیان ڕەوڕەوەی بە ئەتۆمی کردنی حکومەتی مەلاکانیان خستووەتە گەڕ و بەرەو پێشەوەی دەبەن.

سێهەم خاڵی گرینگ لە ئابڵووقەی ئەو دوو ئۆرگانەی حکومەتی ئێراندا ئەوەیە کە بە سزادانی سپا و وەزارەتی دیفاعی ئیران، زەبرێکی کوشندە لە کەرتی نەوت و گازی ئێران دەدریت، چونکە ئەوە ماوەیە کاربەدەستانی ڕژیم لە ڕێبەرەوە بگرە تا دەگاتە ئەندامانی مەجلیسی ڕژیم، لە هەوڵی ئەوە دان کە هەموو ڕێکەوتننامە نەوتییەکان کە لەگەڵ وڵاتان و شیرکەتە بێگانەکاندا واژوویان کردووە هەڵوەشیننەوە و بیدەن بە سپا و وەزارەتی بەرگری، ئەوە جگە لەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری داهات و دەرکەوتەکانی ڕژیم کە لە ڕێگەی بانکە ناوخۆییەکانەوە ئەنجام دەدرێن لە ژێر چاوەدیری ڕاستەوخۆی سپای پاسداران دایە.

لە لایەکی دیکەوە سزا زیادییەکانی وڵاتانی یەکیەتی ئوروپا و ئوسترالیا کە هاوکات لەگەڵ سزاکانی ئەمریکا دا کەوتوونەتە واری جیبەجێ کردنەوە، هێندەی دیکە بەربینی بە حکومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی گرتووە و تا دێت زیاتر مەیدانی مانۆڕ لێدانی پێ تەنگ دەکاتەوە، هەر بۆیە ڕۆژ نیە چ مەجلیس و چ حکومەتی ئێران دەست نەدەنە کارێکی ناعاقلانە و هەڕەشە لەم و لەو نەکەن، کە ئەگەر ئاوا بڕوات دوور نیە بۆ ڕزگار کردنی خۆیان لە مەرگی بێ ئەم لاو لا، دەست بدەنە کارێکی ناشیاو و نانەوەی شەڕێکی ماڵوێران کەری دیکە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا کە بە دڵنیاییەوە سەرئەنجام دۆکەڵەکەی دەچێتەوە چاوی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٠

## ئێعدامی ٢ کەس لە تاوانبارانی بەندیخانەی کەهریزەک و ڕویی ڕەشی کۆماری ئیسلامی

دادگایەکی سەربازی ڕژیمی ئیسلامی ئێران ٢ کەس لە تاوانبارانی ڕووداوەکانی بەندیخانەی کەهریزەکی بە تاوانی دەستدرێژی سکسی و لێدان و ئەشکەنجەی لە ڕادە بەدەری گیراوەکانی ئەو بەندیخانەی لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانەکانی ساڵی ڕابردوو لە تاران، بە ئێعدام سزا دا.

بە گوێرەی هەواڵدەرییەکانی ناوخۆی ئێران لە بەیاننامەیەک دا کە لە لایەن دادگای هێزە چەکدارەکانی ئیرانەوە بڵاو کراوەتەوە ئاشکرا کراوە کە ٢ کەس لەو بەکرێگیراوانەی ڕژیمی مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە زیندانی کەهریزەک ئەزیەت و ئازاری بەندکراوەکانیان لە مانگی جۆزەردانی ساڵ ڕابردوو دا دابوو و بە هۆیەوە چەندین کەس گیانیان لە دەست، سزای سێدارەیان بۆ براوەتەوە و ٩ کەسی دیکەش لەو تاوانبارانە سزای زیندانی، یان سزای مالییان بە سەر دا بڕاوە. لە بەیاننامەکە دا هاتووە کە ئەو سزایانە بڕیاری کۆتاییان لە سەر نەدراوە و دەکرێ گۆڕانکارییان بە سەر دابێت.

هەرچەندە ناو و پلەی ئەو تاوانبارانە ئاشکرا نەکراوە بەڵام لە بەیاننامەکەی دەزگای دادوەری هێزە چەکدارەکانی ڕژیم دا هاتوو کە لە ناو تاوانبارەکاندا کەسانەی خاوەن پلەی سەربازیش بە دیی دەکرێن. سەیر لەوە دایە کە تاکوو ئێستا هیچ باسێک لە تاوانبارانی سەرەکی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نەهاتووەتە بەرباس و هەم دەزگای داوەری ئێران و هەم کاربەدەستانی بە ناو چاوەدیری هێزە چەکدارەکانی ڕژیم، خۆیان لەو ڕاستییانە لائەدەن. لە ڕاپۆرتی کومیتەی لیکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی کەهریزەک کە ساڵی رابردوو لە لایەن ڕێبەری ڕژیم ئاخوند عەلی خامنیەییەوە دەستنیشان کرا و تاقمێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ڕژیمی تێدا بوون، ڕاستەخۆ پەنجەی تاوان بۆ لای " سەعید مورتەزەوی و سەرتیپی پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدم " درێژ کرابوو. ئەو دوو تاوانبارە لەو سەردەمە دا یەکیان بەرپرسی دەزگای قەزایی ڕژیم لە تاران و ئەوی دیکەیان لێپرسراوی هێزە بەناو ئینتزامییەکانی ڕژیم لە تارانی گەورە دا بوو. ئەو ٢ کەسە کە جگە لە ڕووداوەکانی کەهریزەک لە گرتن، کوشتن، ئەشکەنجە، دەستدرێژی بۆ سەر کەرامەت و گەورەیی و ئێعدامی لاوانی ئێراندا دەستێکی باڵایان هەیە و بە تایبەت سەعیدی مورتەزەوی یەکێک لەو جەللادانەی ڕژیمە کە تاکوو سەر ئێسقان لە خیانەت و جەنایەت دا نوقم بووە،

بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە لە بری ئەو خیانەت و جەنایەتە کە کردوویەتی سزا بدرێت، ئێستا لە جێگەیەکی باشتر و بە پلەیەکی بەرزتر لە جاران خزمەتی ئیمامی ئۆمەتیو دینی نەبەوی شەریف دەکات.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە پاش سەرهەڵدانە بەرینەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوو لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران، کە دژی دیسانەوە سەپاندنەوەی پاسدار ئەحمەدی نژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران سەری هەڵدا، بەکرێگیراوانی ڕژیم پێک هاتوو لە پاسدار، بەسیجی، هێزە ئینتزامییەکان، هێزە بەرگ شەخسییەکان و تەنانەت خودی مەلا و ئاخوندەکان، بۆ سەرکوتی ئەو سەرهەڵدانانە هاتنە مەیدان و بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە و دوور لە هەرچەشنە ڕەفتارێکی مرۆڤانە کەوتنە گیانی خەڵکی بێ تاوانی ئەو شارانە و سەدان کەس کوژران و بریندار بوون و هەزاران کەسی دیکەش خرانە بەندیخانەوە.

بەشێک لەو گیراوانە بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکانیان و تەنانەت کاربەدەستانی دەزگای داوەری خودی ڕژیمیش لە بەندیخانەی ئەوینەوە بۆ بەندیخانەیەکی وێرانە و داخراو بە ناوی کەهریزەک لە دەرەوەی تاران دەگوازرێنەوە و لەوێ بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەعید مورتەزەوی و لە ژێر چاوەدێری سەرتیپی پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم دا زۆر بێ بەزەییانە ئەو گیراوانە ئەشکەنجە و ئازاد دەدەن و تەنانەت دەستدرێژی جنسیان دەکرێتە سەر. بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئەو ڕووداوانە وەک بوومبێک لە هەموو جیهاندا تەقییەوە، بەڵام ئەوانەی کە ئەو هەواڵەیان نەبیست و تا دوایین ساتەکانیش هەر ئینکاریان کرد، نوێنەری خودا، واتە عەلی خامنەیی و دەمڕاستەکانی دیکەی ڕژیمی ئیسلامی بوون، بەڵام بە ئێعدام کردنی ئەو ٢ کەسە هەموو ئەو فڕوفیشاڵەی کە لەلایەن دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژیمەوە سەبارەت بە نەبوونی کەهریزەک و تەنانەت مردنی ئەو کەسانە بە نەخۆشی، بوونە بڵقی سەر ئاو و ئیتر لەمەودوا هیچ کەسێک ناتوانێ ئینکاری ئەو ڕووداوانە بکات.

هەرچەندە ئەو جەنایەتە زۆر لەوە گەورەتر و بەرینتر بوو کە لە ڕاگەیانەکاندا بلاو کرایەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕێکخراو یان فەرمانگەیەکی سەربەخۆی دوور لە دەسەڵات، لێکۆڵینەوەکان نەگەیشتنە ئەنجام و تاوانبارانی سەرەکی و ئەو کەسانەی کە فەرمانی ئەو کارەیان دابوو بە سزای جەنایەتەکانیان نەگەیشتن. لە کەس شاراوە نیە کە ڕووداوەکانی بەندیخانەی کەهریزەک مشتێک لە خەرمانی ئەو جەنایەت و خیانەت و کوشتارەن کە ڕژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی بە گشت تاقم و بەرەکە و جەناحەکانیەوە، لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا دژ بە کۆمەلانی خەڵکی ئێران ئەنجامیان داوە. هەر لە کۆمەڵکوژییەکانی ئیندرقاش و سوفیان و قاڕنێ و قەلاتانەوە

بگرە تاکوو لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهاباد و ئێعدامی کەسانی بێتاوانی کورد و ئێعدامی بەکۆمەلانی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی دا، هەموو دەیان و سەدان بەڵگەی ڕەشن لە سەر کارنامەی کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی ئێران و حاشا کردن و دیزە بەدەرخۆنە کردن لێیان بە خیانەت بە خوینی لاوانی وڵات و ئەو شەهیدانە دەژمێردرێت کە بێ تاوان لە لایەن ئەو ڕژیمە درانە بەر گولە و گیانیان لە دەست دا.

ئەمڕۆ ئیتر بە هۆی ئەو کێشە ناوخۆییانەی کە بەبینی بە دەسەڵاتی نگریسی ئیسلامی ئێران گرتووە، هەموو ئەوانەشی کە گوناحی بەشێک لەو تاوانانەیان لە ئەستۆدایە بوونەتە دژبەری نیزام و خۆیان خەریکی ئاشکرا کردنی ڕوپی دزێوی ئەو حکومەتەن کە خۆیان بنیات نەری بوون.

جێی خۆیەتی لەم ساتە وەختە کەسانی زیان لێکەوتووی دەستی ئەو حکومەتە دژی گەلییە، بەڵگەی ئێعدامی ئەو ٢ پاسدارە چەقۆکێشەی ئیمامی زەمان کە لە لایەن خودی ڕژیمەوە سزای سێدارەیان بە سەر دا سەپێندراوە، بگەیینە کۆڕ و کۆمەلە نێودەوڵەتییەکان و بۆ مەحکوم کردنی سەرتا پێی نیزامی کۆنەپەرست و جەنایەتکاری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگرن. با کۆمەڵانی خەڵک و بنەماڵەی شەهیدانی ٣٠ دەسەڵات داریەتی حکومەتی ئیسلامی کە خۆی بە نوێنەری خودا دەزانیت لەوە دڵنیا بن کە گلۆڵەی بەختی ڕژیم ڕوو لە لێژییە و ڕەنگە زۆر نەخایەنێت کە ڕۆژی دەسەڵات دارانی چەوسێنەری ئێران ئاوا ببێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٠

## هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران و ئەگەرەکانی دوای ئەو شەڕە

ڕۆژنامەی "جورزالیم پۆست،ی" چاپی ئیسرائیل لە ژمارەی ڕۆژی دووشەممەی خۆی دا بابەتێکی سەبارەت بە گەڕێکی نوێ لە هاوکاری نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ دژایەتی کردنی حکومەتی ئێران دوای پەسند کردنی بڕیاری ژمارە ١٩٢٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاو کردووەتەوە دەنووسێت: لە دوایین وتووێژەکانی نێوان کاربەدەستانی ئیسرائیل و

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا، باس لە ئەگەری پێویستی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر بنکە وبنیاتە ناوەکی و سەربازییە گرینگەکانی ئێران کراوە. هەر لەو پەیوەندییە دا کاربەدەستێکی سەربازی ئیسڕائیل بەو ڕۆژنامەیە دەڵێت: کاتیک سزا سەپیندراوەکان کاریگەی تەواویان لە سەر ئێران دەبیت کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە هەست بە لە ئارادا بوونی هێرشێکی سەربازیش بکەن. ئەو کاربەدەستانی سەربازییە دەڵێت: بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە گومانی بەرهەم هینانی چەکی ناوەکی لە سەر ئێران دەستی پێ کردووە، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ئێران بۆ ماوەیەکی کورت لە ترسی هێرشی سەربازی ئەمریکا وازی لە پەرەپێدانی بەرنامەی ناوەکی خۆی هێناوە.

بە وتەی جورزالیم پۆست ڕەنگە هەوڵەکانی ئیسڕائیل بۆ قاییل کردنی ئەمریکاییەکان بۆ بەرنامە ڕێژی سەربازی دژ بە ئێران ئەنجامی باشی بووبێت. چونکە ماوەیەک لەمەوبەر ژنڕاڵ" جیم جۆنز" راوێژکاری ئاسایشی کۆشکی سپی لە نامەیەک دا کە ئاراستەی وەزارەتی بەرگری کردبوو ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەمریکا هیچ پلانێکی ئامادە کراوی بۆ کاتێک نیە کە ئێران ببیتە خاوەن بۆمبی ناوەکی. ئەو وتانەی ژنڕاڵ جۆنز کێشەیەکی گەورەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکا دا نایەوە و بە شێوەیەک کە وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ داکۆکی لە وەزارەتەکەی بە ڕاشکاوی رایگەیاند کە ئەوان پلانی خۆیان بۆ ئەو ساتە وەختانە هەیە. ئەو وتانەی جۆنز ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ئەمریکا بە نیازی وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە ئێران نیە. بەڵام پاش جاوپێکەتنێکی دوو قۆڵی نێوان باراک ئۆباما و بینامین ناتانیاهو لە سەرەتای ئەم مانگە دا، هەردووک لا باسیان لە دارشتنی بەرنامەیەکەی تۆکمەی هاوبەش بۆ پێشگیری ئێران بە بۆمبی ناوەکی کرد. تەنانەت چەند ڕۆژ دواتر ئۆباما لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کاناڵێکی ئیسڕائیلی دا بۆ جارێکی دیکە پشتگیری حوکەمەتەکەی بۆ ئیسرائیل دووپات کردەوە و ڕایگەیاند کە پاراستنی ئیسڕائیل لە سەروو گشت بەرنامەکانی حکومەتی ئەمریکاوەیە و هەر بۆیە بۆ پاراستنی ئەو وڵاتە لە هەر هێرشێکی دەرەکی، ئەمریکا گشت ڕێگەیەکی گونجاو دەگرێتە بەر.

چاوەدێرانی سیاسی لەو بڕوایە دان کە بەشێکی بەرچاو خواستەکانی ئیسڕائیل لە پەیوەندی لەگەڵ سەپاندنی سزای ئابووری زیاتر بە سەر ئێراندا هاتووەتە دیی، هەر بۆیە ماوەیەکە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە وەک جاران باس لە کێشەی ناوەکی ئێران ناکەن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەشێکی دیکە لە دەوڵەتی ئیسڕائیل کە هێشتا لەو بڕوایەدان کە ڕەنگە ئەو سزایان کاریگەری ئەو تۆیان نەبێت، هەر لە هاتووچۆی دیپلۆماتیک بۆ وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی جیهان بەتایبەت ئەمریکا دان و دەیانەوێت لە ڕێگەی هەرچی زیاتر زەق کردنەوەی بەرنامەی ناوەکی ئێران، کاربەدەستانی وڵاتانی بڕیار بە دەست بگەیینە ئەو قەناعەتە کە بۆ بەرگری لە بە ئەتۆمی بوونی ئێران،

جگە لە سزای ئابووری، پێویستی بە پلانی گورزێکی سەربازیش هەیە.

هەر لەو پەیوەندییە دا ڕۆژنامەی " تایم،ی" ئەمریکاییش لە بابەتیک دا باس لە هاتنەوە ئارای وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە ئێران دەکات و دەنووسێت: فەرماندەیی هێزە سرابازییەکانی ئەمریکا لەم دواییانە دا توانیویانە پشوەچوونیک باش لە دەستنیشان کردنی ئامانجە ناوەکی و سەربازییەکانی ئێران، لە قووڵایی خاکی ئەو وڵاتە دا بە دەست بێنن. ئەوە لە کاتێکدایە کە تا ٢ ساڵ لەمەوبەر ئەمریکاییەکان باسیان لە ئاستەم بوونی دەستنیشان کردنی ئەو ئامانجانە دەکرد.

بنیاتی لێکۆڵینەوەی ئاکسفۆردی بریتانی ئاکامی دواییین لێکۆڵینەوەی خۆی ئاشکرا کردووە و باس لە هەڵگیرسانی شەڕێکی قورس لە ناوچەی خورهەڵاتی ناووین دەکات کە دوو جەمسەری سەرەکی ئەو شەرە لە وڵاتانی ئیسرائیل و ئێران پێک دێن. چاوەدیرانی ئاکسفۆرد لەو بڕوایە دا کە ئەو شەڕە درێژە دەکێشی و ڕەنگە ئاگرەکەی هەموو ناوچەکە بگرێتەوە.

دیارە ئەوە تەنیا پشپۆڕان و چاوەدێرانی ئاکسفۆرد نین کە پێشبینی هەڵگیرسانی شەڕ دەکەن، بەڵکوو لە ماوەی چەند حەفتەی ڕابردوو دا و لە چەندین بۆنە و ڕووداوی جۆراوجۆر دا لە لایەن زۆر لە ڕێبەرانی جیهانەوە باس لە ئەگەر هەلایسانی ئەو شەرە کراوە و تەنانەت هەردووک وڵاتی دۆستی ئێران واتە کوبا و ونێزوێلا بە ڕاشکاوی باس لە ئەگەر هێرشێکی ناوەکی بۆ سەر ئێران دەکەن.

هەر لەم پەیوەندییە دا حەفتەی رابردوو " یوسف عەتەییەی" باڵوێزی میرنشینی یەکگرتووەکانی عەرەب لە ئەمریکا بە ئاشکرا دڵگرانی خۆی سەبارەت بە ئاکامی هێرشیکی سەربازی بۆ سەر ئێران دەربڕی بوو و ڕایگەیاندبوو بەڵام بەو حاڵەش ئەوان هەڵگیرسانی ئەو شەرەیان لە ئێرانێکی خاوەن چەکی ناوەکی لە دراوسییەتی خۆیان دا پێ باشترە.

گومانی هێرشیکی سەربازی بۆ سەر ئێران، سەرەرای ئینکار و خۆدزینەوەی کاربەدەستانی ڕژیمی تاران، لە ناوخۆی ئەو وڵاتەش دا تا ڕادەیەک بووتە مەسەلەیەکی ئینکاری نەکراو و زۆر کەس هەن کە ڕۆژانە لەو بوارده باو و ڕاوێژ دەکەن.

هەربۆیە ڕۆژنامەی ڕسالەت،ی چاپی تاران لە ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەی خۆی دا لەو بارەوە دەنووسێت: ئێمە دەبێ لە ئەزموونەکانی شەڕی هەشت سالەمان لەگەل عێراق دا دەرسێکی باشمان وەرگرتبێت و گەیشتبێتینە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ دەست لە سەر دەست دانیشین و چاوەڕێی هێرشی دوژمن بکەین و پاشانیش ناوی بنێین دیفاعی موقەدەس. ئیمە دەبێ بە ڕچاو کردنی سەپاندنی سزای ئابووری و ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی کە ڕۆژانە لە لایەن کاربەدەستانی ئەمریکاوە دووپات دەکرێنەوە، مەترسی هێرشیکی سەربازی بۆ سەر ولاتەکەمان هەست پێ بکەین و بیر لە دژە هێرشیکی پێش وەخت بکەینەوە. ڕسالەت لە درێژە دا دەنووسێت: بەلام کە باس لە هێرشی پێش وەختی ئێران دێتە پێش، دەبێ ئامانجەکان ڕوون بن. تۆبڵێی ئەو هێرشانە بۆ سەر ئیسرائیل بن یان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی یان ولاتیکی دیکە لە ناوچەکە دەکاتە ئامانج، ئەوە پرسیاریکە کە ڕەنگە ولامەکەی کاتی شەرکە وەربگیرێتەوە.

بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی شەڕێکی دیکەی ماڵوێرانکەر دەکات و ڕەنگە ئەم شەڕە لەگەڵ شەڕەکانی دیکە دا جیاوازییەکی تەواوی هەبێت، چۆنکە مەترسی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی لە لایەن کاراکتەرەکانییەوە دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٠

---

## سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران و دەوری هەلپەرستانەی تورکیە لەو نێوە دا

لەوەتەی بڕیاری ١٩٢٩ی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا پەسند کراوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ولات و کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی یان پەیوەندی ئابوورییان لەگەڵ ئەو ولاتە دا بڕیوە، یان بە شیوەیەکی گشتی ئاستی ئاڵوگۆڕەبازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەو ولاتە هێناوەتە ئاستێکی زۆر نزم. ئەوە جگە لەوەی ولاتانیکی وەک ئەمریکا، کەنادا، ئوستڕالیا، ژاپۆن و دەیان ولاتی دیکە جگە لەو سزا دیاری کراوانەی کە لە بڕیارنامەکە دا هاتووە، سزای زیاتر بە سەر ئیراندا سەپاندووە.

لەو نێوانە دا حکومەتی تورکیە بە کەڵک وەرگرتن لەو بۆشاییەی کە بە هۆی ئەو سزانەوە هاتوونەتە ئاراوە و لە لایەکی دیکەوە بە کەڵک وەرگرتن ئەو ئاشوبە بازاڕەی کە بە هۆی کەلە ڕەقی و لاساری کاربەدەستانی ئێران بە سەر ناوچەکە دازاڵە، دەستی داوەتە پێشێلکارییەکی ئاشکرای سزا نێودەوڵەتییەکان و لە جیاتی ڕچاوکردنی سزا سەپێنداروەکان بە سەر ئێراندا، بە نیازە ئاستی ئالوگۆڕە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە دا تا ئاستی ٣٠٠% زیاتر بکات.

ئەو کارەی تورکیە لە لایەکەوە پێشێلکارییەکی ئاشکرای بریارەکانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە خۆی تێیدا ئەندامە و لە لایەکی دیکەوە پووچەڵ کردنەوەی کارتێکەری ئەو سزانەیە لە سەر ئێران.

سەیر لەوە دایە حەفتەی ڕابردوو " زەفەر چاغلایان،ی" وەزیری بارزگانی دەرەوەی تورکیە لە وتووێژێک دا لەگەڵ هەواڵدەری رویتەرز ئیدعای کردبوو کە هیچ بانک و کۆمپانیایەکی تورکی پێشێلی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێرانیان نەکردووە، بەڵام هاوکات لە ڕاپۆرتێک دا کە لە لایەن ڕێکخراوە سیخوڕییە ئوروپاییەکانەوە کە چاوەدێری پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتیان کردووە، باس لەوە دەکەن کە کۆمپانیا تورکییەکان دەوری دەڵاڵ و پەیوەندی دەبین لە نێوان وڵاتانی ئوروپایی و ئێراندا و ئەگەر بێتوو چاوەدێرییەکی قوورس نەخرێتە سەر کرداری ئەو ڕێکخراوانە، ئەوا دوور نیە ڕژیمی تاران زۆر بە ئاسانی بتوانێ دەستی بە زۆر کەرەستەی قەدەغە کراو ڕابگات.

هاوکات لەگەڵ ئەو بەربەستە بانکییانەی کە بۆ بانکە ئێرانییەکان لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا دا هاتووەتە پێش، بەڵام لەم چەند مانگەی دوایی دا بانکی میللەتی ئێران لقێکی فەرمی خۆی لە شارەکانی ئیستانبول، ئانکارا و ئەزمیر دامەزراندووە و ئەو هەنگاوەی بانکی میللەت بووەتە هۆی پەرەسەندنێکی بەرچاو لە ئاڵوویرە بانکەکانی ئێران و تورکیە دا. دیارە ئەو کارە بە ئاگاداری حکومەتی تورکیە و وەزارەتی دارایی و بازرگانی ئەو وڵاتە کراوە و تاکوو ئێستا هیچ چەشنە بەربەستێک بۆ ئەو بانکانە نەهاتووەتە پێش.

چاغلایان وێرای ئاماژە بە بردنە سەر ئاستی هاریکاری بازرگانی نێوان وڵاتەکەی و ئێران و تەنانەت هێنانە بەر باسی ئەوەی کە حکومەتی ئاکەپە دەیەوێت هێندێک ئاسانکاری لە یاسای گۆمرک و بەندەرەکانی دا بکات تا لەمەودوا ئەو کارەی کە لە بەندەرەکانی دوبەی و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دەکرا، لە تورکیە بکرێت،

بەڵام هاوکات باس لەوە دەکات کە وڵاتەکەی بە تەمایە گشت خاڵ و برگەکانی بریاری ١٩٢٩ی نەتەوەیەکگرتووەکان جێبەجێ بکات.

لە لایەکی دیکەوە بە لەبەرچاو گرتنی زیادبوونی داواکاری لە سەر بەنزین لە ئێراندا، ئەو وڵاتە دەبی لانی کەم ٤٠٪ پێداویستی بەنزینی خۆی لە دەرەوە دابین بکات، هەر بۆیە لەم نێوانە دا تورکیە بریاری داوە کە ئەو کەم وکورییەی ئێران پڕ بکاتەوە، چونکە ئەو وڵاتە هاوسنووری ئێرانە و توانایەکی باشی هەیە لە پاڵاوتن و بەرهەم هێنانی بەنزین و سووتەمەنی دا، ئەوە جگە لەوەی کە هاتوچووی نیوان دوو وڵات دەتوانێ کارتێکەرییەکی باشی لە سەر بۆژانەوەی کەرتی بازرگانی تاکە کەسی و تەنانەت شیرکەتە بچوکەکانی ئێران هەبێت و جگە لەوەش ببێتە ڕێگەیەک بۆ دابین کردنی زۆر کەرەستە و ئامێری ورد کە رەنگە گرینگی تایبەتیان هەبێت بەڵام بە چاو هەستیان پێ نەکرێت.

بە بڕوای چاوەدێرانی سیاسی سەرەڕای ئەوەی کە تورکیە لە کۆڕی هێمنایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خاوەن دەنگە، بەڵام هاورێ لەگەڵ وڵاتی برێزیل، ناویان لە ڕیزی ئەو وڵاتانە دا نیە کە بڕیاری ١٩٢٩ی نەتەوەیەکگرتووەکانیان پەسند کردووە، هەر بۆیە زۆریش چاوەروانی ئەوەی لێناکرێت کە مل بۆ داواکارییە نێودەوڵەتییەکان ڕاکێشێت.

دەسەڵاتدارانی تورکیە و لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە کەوتوونەتە مامەلە کردن لەگەڵ دۆزی ئێراندا و بە واتایەکی دیکە هەر یەکەو دەورێکیان لەم شانۆگەرییە دا بۆ خۆیان هەڵبژاردوو. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو " عەبدوڵا گول،ی" سەرۆک کۆماری دەوڵەتی تورک لە وتەیەک دا کە لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشکەشی کرد، لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ناوەکی ئێراندا، ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی دەبێ مل بۆ داواکارییە نێودەوڵەتییەکان ڕاکێشن و گوێبیستی بانگەوازە جیهانییەکان بن. ئەو وتانەی سەرۆک کۆماری تورکیە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک لەمەوبەر رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا نارەزایەتی توندی خۆی و حکومەتەکەی بەرامبەر بە سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان بە سەر ئیران دا دەربڕی و تەنانەت بە کردەوەش دەبینین کە تورکیە هیچ مەیلێکی ئەوتۆ بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەو سزایانە لە خۆی نیشان نادات. ئەو سیاسەتی بانێک و دوو هەوای تورکیە بووتە هۆی قازانجێکی زۆری دارایی ئەو وڵاتە و لەو لاشەوە لاڕێی زیاتری ئیران، چونکە

کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی باش دەزانن کە ئەگەر ڕاستەوخۆ ناتوانن لە وڵات یان کۆمپانیایەکی بێگانە شت و مەک و پێویستەکانیان دابین بکەن، بەڵام بە دەڵاڵی شیرکەتە تورکییەکان، دیارە بە پوڵێکی زۆر زیاتر ئیمکانی ئەوەیان هەیە کە پێداویستیەکانیان بە دەست بێنن.

لێرە دا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئاخۆ تاکەی تورکیە دەتوانێت ئاوا بە ئاشکرا لە بەرامبەر یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەسند کراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لاساری بکات و تۆ بڵێی ئەو کارەی تورکیە نەبێتە هۆی لا ڕێی زیاتری ئێران؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی منداڵان و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

لە بابەتێک بە بۆنەی ٨ی ئوکتۆبر، ڕۆژی نیونەتەوەیی منداڵانەوە هەواڵدەری ئیلنای ئێرانی باس لە کەم و کوڕی یاساکانی ئێران سەبارەت بە مافی منداڵان دەکات و نووسیویەتی: ئەوە زیاتر لە ١٧ ساڵە کە ئێران چووتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوەی کە کۆنوانسیۆنی نێودەوڵەتی پاراستنی مافی منداڵایان واژوو کردووە. بەڵام تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێت تەنیا ١٥%ی منداڵان و بنەماڵەکانیان لەو وڵاتە دا لەگەڵ یاساکانی ئەو کۆنوانسیۆنە ئاشنایەتییان هەیە.

لەو ڕاپۆرتە دا هاتوو: زیاتر لە نیوەی باوک و دایکانی ئێرانی لێدان و سەرکۆنە کردنی منداڵەکانیان بە مافی بێ ئەم لاولای خۆیان دەزانن و زیاتر لە ٣٠%ی منداڵانی خوار ٦ ساڵ، لە ژێر مەترسی ئازادانی بەدەنی دان. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠٠هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش کراون و ٤٠٠ هەزار منداڵی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان، ڕۆژانە لە ژێر ئازاری کاری تاقەت پڕووکێن دا دەناڵێنن.

بە گوێرەی یاسا بنەڕەتییەکانی ئێران خوێندن لە هەموو ئێران دا دەبێ تا لانی کەم کۆتایی ٣ی ناوەندی بۆ هەموو کەس زۆرەملی بێت و هیچ منداڵێک مافی ئەوە نیە کە سەرپێچی ئەو یاسایە بکات. بەڵام سەرەڕای بوونی

یاسایەکی لەو جۆرەش، نە پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧ و نە دوای شۆڕش، ئەو یاسایە نەک هەر نەکەوتە واری جیبەجێ کردنەوە، بەڵکوو هەر ئێستا لە ئێراندا زیاتر لە ٢ ملیۆن و نیو منداڵ لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکاری وڵات چوونەتە دەرەوە و سەرقاڵی کاری تاقەت پڕوکێنن. تەنانەت بەشێکی زۆر لەو منداڵانە لە ماڵەکانی خۆیان هەڵاتوون و شەوانە لە شەقام و گۆرەپانی شارەکاندا ڕۆژ دەکەنەوە.

دیاردەی منداڵی سەرجادە پێشتر لە ئێراندا زۆر کەم دەکەوتە بەرچاو و ئەگەریش هەبوویێت لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا و لە سایەتی سیاسەتی مرۆڤ دۆستانەی ڕژیمی عەدلی عەلی دا کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە چاوێ دەبینێت، ئەو دیاردە دزیوە بووەتە شتێکی ڕۆتین و تەنانەت زۆر لەو منداڵانە لە ڕەگەزی مێینەن.

هۆی سەرەکی زەق بوونەوەی ئەو دیارە ئەویش ئاوا بەو شێوە بەر بڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ بێ بەرنامەیی دەوڵەتی ئێران و دابین نەکردنی بودجەیەکی تایبەت کە لە ڕێگەوە بتوانرێ یارمەتی بنەماڵەی ئەو منداڵانە بدرێ کە لە جیاتی ئەوەی بە زۆر منداڵەکانیان بخەنە بازاڕی کارەوە، هانیان بدەن بچنە پۆلەکانی خوێندن و فێری خوێندن و نووسین بن.

هەر ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ هەزار منداڵی ئەفغانی لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ئێراندا دەژین، بەڵام یاساکانی ئێران ڕێگەیان پێ نادات کە بچنە خوێندنگەکان چونکە هەم خۆیان و هەم بنەماڵەکانیان بە گوێرەی یاساکانی ئێران بە شیوەیەکی نایاسایی لەو وڵاتە دادەژین، هەر بۆیە ڕێگەیان پێ نادرێ کەڵک لە سیستەمی خوێندنی ئەو وڵاتە وەرگرن. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێران کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵی واژوو کردووە و بە گوێرەی ئەو یاسایانە هەر منداڵێک لە هەر جێیەکی جیهان دا ژیان بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر خەڵکی ئەو وڵاتەش نەبێت، مافی ئەوەی هەیە کەڵک لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی جێی ژیانی وەرگرێت.

مادام کە ئێران کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی منداڵانی پەسند کردووە، هەر بۆیە دەبێ ڕێز لە گشت خاڵ و پەسند کراوەکانیشی بگرێت و بیانخاتە واری جێبەجێ کردنەوە. دیارە بەشێک لەو تاوانە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە وەک چاوەدێری سەرەکی ئەو پەسند کراوە جیهانییە، تاکوو ئێستا هیچ لێپرسینەوەیەکی لە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەکردووەتەوە و تەنانەت بۆ تاکە جارێکیش بێت

هۆشدارییەک نەدراوەتە کاربەدەستانی ئێران کە نابێ جیاوازی بکەن لە نێوان منداڵانی ئێران و وڵاتانی دیکە و تەنانەت منداڵانی فارس و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکەی ئێران دا.

وازهێنان لە خوێندن و چوونە ناو بازاڕی کار تەنیا بەشی منداڵانی ئەفغانی نیە، بەڵکوو لە سێبەری شوومی ڕژیمی ئیسلامییەوە ئەو مۆتەکەیە بەربینی بە منداڵانی کورد و گشت کەمەنەتەوایەتییەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە و هەر ئێستا دەیان هەزار منداڵی کورد بۆ پەیدا کردنی بژیوی ڕۆژانەی بنەماڵەکانیان ملیان داوەتە بەر کار و، خوێندنگە و مامۆستا لای ئەوان جگە لە خەون و خەیاڵ شتێکی دیکە نیە.

سەیر لەوە دایە لە کاتێکدا کە بە پێی مادەی ٣٨ لە کۆنوانسیۆنی جیهانی مافی منداڵان، ئەرکی حکومەت و دەسەڵات دارانی وڵات، بە تایبەت وەزارەتی پەروەردەیە کە منداڵان لە بەرەکانی شەڕ و تێوەگلانیان لە کێشە تایفی و ئایینی و سیاسییەکان دوور بگرن، بەلام لە وڵاتی بەڵا لێداروی ئێراندا، وەزارەتی پەروەردە و فێرکرن بۆ خۆی ئاگری شەڕ بۆ منداڵان خۆش دەکات و پەلکێشی ناو جەرگەی شەرەکەیان دەکات. ئەمساڵ بە پێی بڕیارێکی وزیری پەروەردەی ڕژیمی ئیسلامی قەرار بوو کە لە گشت خوێندنگەکانی وڵات دا بنکەی بەسیج بکرێتەوە و وەک ساڵانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان، لە جیاتی فێرکرنی خوێندکاران بە کاری دەستی و وینە کێشان، مەلا و پاسدارە چەقۆ کێشەکانی حکومەتی ئیسلامی پولەکانی ئوموری تەربییەتی بۆ جارێکی دیکە ببووژێننەوە و وانەی شەهادەت و شەڕ و خوێن و خۆکوشتن فێری منداڵانی ساویلکەی وڵات بکەن.
ئەوە جگە لەوەی کە هەر ئێستا سەدان مێرمنداڵ بە تاوانی جۆراوجۆر لە بەندیخانەکانی ڕژیم دان و تەنانەت دەیان کەسیان سزای سێدارەیان بە سەردا سەپێندراوە.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە کۆتایی دا ئەو پرسیارە بکەین کە کۆنوانسیۆنی جیهانی مافی منداڵان بۆ منداڵانی ئێران چ کەڵکێکی هەیە و تۆ بڵێی ڕۆژێک دابێت کە ئەو یاسا نێودەوڵەتییە لە وڵاتانی جیهانی سیهەمیش جێگیر بکرێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## سزا نێودەوڵەتییەکان و هەوڵی خۆدزینەوەی ئێران

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست ڕۆژی چوارشەممە لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرا کرد کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی خۆدزینەوە لە سزا نێودەوڵەتییەکان، بە نیازە بە شێوەیەکی نهێنی چەندین بانک لە وڵاتانی ئیسلامی و لە ژێر ناوی جیاواز دا بنیات بنێت.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ڕژیم هەوڵ دەدات لە وڵاتانی عێراق و مالزی و بە کەڵک وەرگرتن لە ناوی خوازراو ئەو بانکانە بکاتەوە، کە لەو حالەتە دا ئاستەمە خاوەنداریەتی بانکەکان ئاشکرا ببێت.

هەر لەو پەیوەندییە دا "مارک تونەر،ی" وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووساندا کە ئەو هەواڵە تا چەندە لە راستییەوە نزیکە وتی: ئەو هەواڵانەی ئێران شتێکی نوێ نین و کاربەدەستانی ئێران دەمێکەیە خەریکی کاری لەو بابەتەن. ئێمە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لەو هەنگاوانەی ئێرانین و باس کردن لەو بابەتە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و بگرە لە هەموو جیهان، وەک سەرەکترین بابەتی وتووێژی نێوانمان باسی لێوە دەکرێ. ئێمە لەوە دڵنیاین کە سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان کاری خۆیان کردووە و هێدی هێدی خەریکە چۆک بە ئابووری ئێران دا دەدات.

هەر سەبارەت بەو هەواڵە کاربەدەستێکی کۆشکی سپی لە وتووێژێک دا لەگەڵ ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست ئاشکرای کردووە کە حکومەتی ئەمریکا بە توندی کەوتووەتە خۆ بۆ بەرپەرچ دانەوە و پوچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵە نوێیەی ئێران. ئەو بەرپرسە ئەمریکییە دەڵێ: لە ماوەی چەند حەفتەی ڕابردوو دا نوێنەرمان بۆ زۆربەی وڵاتانی دۆستمان لە ناوچە ناردووە و لەو بارەوە باس و ڕاوێژمان لەگەڵ کردوون. بەتایبەت وڵاتانی تورکیە و کۆماری ئازەربایجان کە پەیوەندییەکی ئابووری بەرینیان لەگەڵ ئێراندا هەیە و پێمان ڕاگەیاندوون کە دەبێ بە زووترین کات کۆتایی بەو جۆرە پەیوەندییانە بێنن ئەگینا ڕووبەڕووی سزای قوورس دەبنەوە، چونکە ئەو کارەی ئەوان پێشێل کردنی بە ئاشکرای سزا نێودەوڵەتییەکانە کە بە ڕای گشتی ئەندامانی کۆڕی هێمنایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووتە کایەوە.

ئەو کاربەدەستەی کۆشکی سپی لەو بڕوایە دایە کە ئێران لەو کارەی دا شکست دێنێت و سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەستیان بە گشت سوچێکی ئەو جیهانە ڕادەگات. لە کۆتایی قسەکانی دا ئەو بەرپرسە ئەمریکییە باس لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئێران لەو پەیوەندییە دا دەکات و دەڵێ: یەکێک لە کاربەدەستانی عێراقی ئاگاداری کردینەوە کە هەر ئێستا ڕژێم دوو بانکی لە بەغدای پایتەختی عێراق کردووەتەوە کە یەکێک لەوانە ڕاستەخۆ پەیوەندی بە بانکی ملی ئێرانەوە هەیە، تەنانەت لە باشووری کوردستانیش هەوڵیان داوە کە لقی چەند بانکێک بە ناوی جیاوازەوە بکەنەوە بەڵام کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەیان پێنەداون و هەوڵەکانیان بێ ئەنجام ماوەتەوە

کارناسانی ئابووری لەو بڕوایە دان کە لە ژێر ئەو گوشارە نێودەوڵەتیانەی کە خراوەتە سەر ئێران، ئابووری ئەو وڵاتە کەتووەتە بارودۆخیکی گەلیک نالەبارەوە و تەنانەت دۆستە هەرە نزیکەکانیشی سەرقاڵی خۆ دوور خستنەوە و بە جێ هێشتنی ئەو وڵاتەن. ئەوە جگە لەوەی کە ئەگەر ئاوا بڕوات فرۆشی نەوتەکەشی دەکەوێتە مەترسییەوە و ڕەنگە کۆمپانیا گەورە جیهانییەکان ئامادە نەبن لە ترسی ئەمریکا و سزاکانی ڕێکخرواى نەتەوە یەکگرتووەکان نەوتەکەی بکڕن یان بۆ بازاڕەکانی جیهانی بگوێزنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## نەمانی یارانەکان و داهاتووی ڕەشی ئابووری ئێران

لەم چەند ڕۆژەی دوایی دا نرخی هێندێک شت و مەک، بە تایبەت خواردەمەنی لە بازارەکانی ئێراندا زیاتر لە ٣٠% لە نرخی ئاسایی خۆی زیادی کردووە و بە وتەی " جەهانبەخش ئەمینی" نوێنەری پارێزگای کرماشان و تەنانەت هێندێک لە نوێنەرانی دیکەی مەجلیسی ڕژیم، ئەو گران بوونە بووتە هۆی نارەزایەتی توند خەڵک لە شارەکانی ئێران. دوابەدوای ڕاگەیەندراوی ڕژیم سەبارەت بە کەوتنە گەڕی یاسای نەمانی سوبسید، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی بازار گرانتر دەبێت و ئاوا بڕوات لە ماوەیەکی نزیک دا ڕەنگە تا ڕادەی ٥٠% نرخی پێدوایستییەکانی خەڵک بچیتە سەر.

هێندێک لە چاوەدێرانی ئابووری، ئەو گران بوونە دەبەستنەوە بەو ٨١ هەزارتمەنەی کە لە جیاتی یارانە، لە سەرەتای ئەم مانگەوە کرایە سەر حسابی بنەماڵەکان. بەو وتەی ئەو شارەزایانە لەگەڵ تێکردنی ئەو پوڵە بۆ سەر حسابی خەڵک، بازاڕ جوڵەی تێدەکەوێت و هەر بۆیە فرۆشیارەکان بێ ئەم لاولا نرخی کاڵاکانیان گرانتر دەکەن. خۆ ئەگەر تەنانەت پوڵەکەش نەگەشتبیتە سەر حسابی خەلک، ئەوا دوکاندارەکان لەوە دڵنیان کە درەنگ یان زوو ئەو پوڵە هەر دێت و کڕیاریش پێویستی بە شت و مەکی ئەوانە. دیارە ئەوە دیاردەیەکی جیهانییە و کەس ناتوانێ پێشگیری بکات، چونکە ئاکتورەکانی بازاڕ و مامەڵە وا دەخوازن کە ئەو پوڵە بکرێتە کاڵا و کاڵاکە دیسانەوە بکرێتەوە بە پوڵ، ئەگینا بازاڕ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە تەواوی لە گەڕ دەکەوێت. سەیر لەوە دایە کە لە دەوری دووهەمی بەرز بوونەوەی نرخەکاندا، خودی فرۆشیار یان خاوەن دوکانەکان دەبێ بۆ پڕ کردنەوەی دوکان و کۆگا بازرگانییەکانیان، پوڵێکی زیاتر بە فرۆشیارە گەورەکە بدەن و ئەو کارە دەبێتە هۆی دیسانەوە گرانتر بوونی پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک و حکومەتیش بە هۆی ئەوەی هیچ یارمەتییەکی ڕەوتی کڕین و هاوردە کردنی شتومەک بە نرخێکی گونجاو نادات، هەر بۆیە ناشتوانێت هیچ نرخێک بۆ فرۆشیارەکان دیاری بکات.

دڵگرانی سەبارەت بە داهاتووی ئابووری وڵات و بەرچاو ڕەشی بازرگانە گەورەکان وای کردووە کە ئەوانیش نەتوانن هیچ بڕیارێک سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتوویان، بۆ خستنە گەڕی سەرمایەکان لە بازاردا بدەن، هەر بۆیە فاکتەرێکی دیکەی گرانی، کێشانەوەی پوڵ و سەرمایەی سەرمایەدار وخاوەن پوڵەکانە لە چەرخەی ئابووری وڵات، گرفتێک کە حکومەت بۆ خۆی هێناویەتە بەرهەم و پشتگیریشی لێ دەکات.

دەمڕاستەکانی ڕژیم چەندین جار لە ڕێگەی ڕاگەیێنە گشتییەکانی ئێرانەوە باسیان لەوە کردووە کە کات و ڕۆژی دەستپێکی یاسای ئابووری نوی لە ئێراندا ناڕوونە و ئێمە لە کاتی خۆی دا بە خەڵکی ئێران ڕادەگەیەنین کە کەی و چ کاتێک بەرنامەی هەڵگرتنی یارانە دەکەوێتە واری جێبەجێ کردنەوە، کێشەیەک کە گشت هەڵسووراوانی ئابووری بازاڕەکانی ئێرانی تووشی سەرسووڕمان و ڕاوەستان کردووە. سەیر لەوە دایە گشت دەمڕاستەکانی ڕژیم لە هەموو بۆنە و ڕێکەوتێک دا خەڵک لەوە دڵنیا دەکەنەوە کە دڵگرانی داهاتوو نەبن و کێشە ئابوورییەکانیان بە هیممەتی دەسەڵات دارانی وڵات چارەسەر دەکرێت، بەڵام هاوکات ئامادە نین لە ترسی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک، کات و ساتی هەڵگرتنی سوبسید و یارانەکان ئاشکرا بکەن.

هەر هۆکارێک کە ببێتە هۆی ڕوخانی ورەی خەڵک و بێ باوەڕیان بە داهاتووی ئابووری، ئەوا کاردانەوەیەکی

نەرێنی دەکاتە سەر دۆخی ئابووری وڵات و گرانتر بوونی نرخی شتومەک و پێداویستییەکانی خەڵک، چونکە ئەو بی باوەڕییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک بۆ عەمار کردنی پێداویستییەکانیان ڕوو لە بازاڕ بکەن و بۆ دڵنیا بوون لە داهاتووی خۆیان کەرەستەیەکی زۆر کە لە پێویستی خۆیان زیاتر بێت بکڕن، کە ئەو کارە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی کاڵا سەرەکییەکان لە بازاڕ دا و هاوکات هاندانی فرۆشیارەکان بۆ عەمار کردن و بردنە سەری نرخەکان. ئەوە جگە لەوەی کە شیرازەی ئابووری بازاڕ و بنەماڵەکانیش لێک هەڵدەوەشێت و بە تایبەت بنەماڵەکان ناتوانن وەک پێویست گەڵاڵەیەکی ئابووری درێژ ماوە بۆ خۆیان دارێژن.

بە پێچەوانەی وتەی کاربەدەستانی ڕژیم کە دەڵێن لە داهاتوو دا پێگەی ئابووری وڵات قاییم تر و گەشەی ئابووری زیاتر دەبێت، لەم حاڵە نارووونە دا نەک ئابووری وڵات هیچ گەشەیەک بە خۆیەوە نابینێت، بەڵکوو گشت جوڵە و گەشە ئابوورییەکان دەکەنەوە ژێر کارتێکەری ڕێژەی داهات و دەرکەوتی بنەماڵە و کڕیارەکانەوە و هەرچەندە کڕیار لە دەرکەوتی مانگانەی خۆی کەم کاتەوە، بەو ڕادەیەش گەشەی ئابووری لە وڵات دا بەرەو داکشان دەچێت، کە ئەو داکشانەش کارتێکەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر پێگەی ئابووری وڵات دەبێت، چونکە پێگەی ئابووری هەر وڵاتێک بەو ئاڵوویرە بازرگانییانە تۆکمە و قاییم دەبن کە کڕیاری سەرەکی لە ناوخۆ، لەگەڵ فرۆشیارە دەرەکییەکاندا دەیکەن و جگە لەوەش گەشەی بەرهەمی بەروبۆمە خۆماڵییەکان بەشێکی دیکەن لەو ڕەوتە، کە بە داخەوە لە سایەی سەری کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆیی لە گشت بوارەکاندا، خۆی لە 0% نزیک دەکاتەوە.

هەرچەندە کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە سەروویی هەموویانەوە مەحمود ئەحمەدی نژاد،ی سەرک کۆمار، بەڵێنییەکی زۆریان بە خەڵک داوە کە حکومەت ڕێژەیەکی زۆر خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵکی لە عەممارەکانی دا کۆکردووەتەوە و ئەگەر بە پێویستی زانی ئەوا بۆ ئاسایی کردنەوەی نرخەکان دەیانخاتە بازاڕاوە، بەڵام بەشێکی ئەو گرانبوونە لەو کارەی حکومەتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خەڵکیش هەمان ڕێیان گرتووەتە بەر کە حکومەت و وەزارەتی بازرگانی ئێران پێیدا دەڕۆن. خەڵکیش لە ترسی گرانبوونی پێداویستی ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی سەرسووڕ هێنەر ڕوویان لە کۆکردنەوە و پاشەکوتی برنج و ڕۆن و ئارد و زۆر شتی دیکە کردووە. بەڵام کێشەی سەرەکی لێرە دایە کە بەشێک لە پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک وەک ئاو و برق و گاز و تەلەفوون، پاشەکەوت ناکرێن. خۆ ئەگەر بڵێین کە ڕۆن و برنج و خواردەمەنییەکانی دیکە لە دەرەوە دەکڕدرێن و حکومەت سوبسیدیان بۆ دەدات تاکوو بە نرخێکی گونجاو بگەنە دەست خەڵک، بەڵام برق و ئاو و گاز

و تەلەفوون لە ناو ئێراندا بەرهەم دێن و ئەوە ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە ئەو ئامرازە هەرە پێویستانە بۆ خەڵکی وڵات ئامادە بکات و بە نرخێکی زۆر هەرزان بیانداتێ، بەڵام دەبینین کە پێش گرانبوونی نرخی خواردەمەنی لە بازاڕ دا، نرخی ئەو شتە حکومەتییانە گران بووە.

لێرە دا یەک شت بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە حکومەت بۆ خۆی داهێنەر و بنیات نەری ئەو قەیرانەیە و جگە لە دەستەندەخۆر کردنی خەڵک و مل کەج کردنیان بۆ ویستە دژی ئینسانییەکانی هیچ پرۆژەیەکی دیکەی لە پشتەوە نیە. کاربەدەستانی ڕژیم دیانەوێت لە داهاتوو دا منەت بە سەر خەڵک دا بکەن و بڵێن ئەوە نیە ئیمە مانگانە پوڵتان دەدەینێ و دەتان ژیێنین. ئەوە نیە مانگی ٤٥ هەزار تمەن دەکرێتە سەر حسابی هەر کەسێکەوە!! بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە بردنە سەری نرخی ئاو و برق و گاز و تەلەفوون، چوار بەرامبەری ئەو پوڵە لە خەڵک دەستینیتەوە و خۆ ئەگەر کەسێکیش نارەزایەتی دەربڕێت کە بۆ چی ئەو شتانە ئاوا گران بوون، دەڵێن خەمتان نەبێت سەری مانگ پوڵەکەتان بۆ لە حساب دەکەینەوە.

زۆبەی چاوەدێرانی ئابووری سیاسی لەو بڕوایە دان کە ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەحمەدی نژاد و حکومەتەکەی گلۆڵەی بەختی نیزامی ئیسلامی بەرەو لێواری هەڵدێرگە دەبات و ئەگەر خەبات و سەرهەڵدانە سیاسیی و کۆمەڵاتییەکانی گەلانی ئێران لە ماوەی ٣١ ساڵی ڕابردوو دا توانای لێک هەڵتەکاندن و ڕوخانی ئەو حکومەتە گەندەڵەی نەبوو، بەڵام ئیتر ئەم جارەیان خەڵکی برسی و هەژاری وڵات، بۆ سەندنەوەی مافی ڕەوای خۆیان دەست لە قوڕقوڕاگەی لێپرسراوە گەورە و بچوکەکانی نیزامی ئیسلامی دەنێن و لە زبڵدانی مێژوویان داوێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

---

## ئەحمەدی نژاد داوا دەکات تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێران دا بکرێتە ١۶ بۆ ١٧ ساڵ

لە کاتێکدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی تەڵاق و لێک جیابوونەوە لە ئێراندا بەرەو زیاد بوون دەچێت و بە وتەی شارەزایانی ئەو بوارە لێکهەڵوەشانی بنەماڵەکان بە هۆی نەبوونی و هەژاری و کێشەی کۆمەڵایەتی و ئێعتیادەوە

ڕێژەیەکی پێوانەیی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کردووە، هاوکات مەحمود ئەحمەدینژادی سەرۆک کۆماری ڕژێمی تاران دەڵی دەبێ تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٦ تا ٢٠ دابەزێت.

بە گویرەی هەواڵی هەواڵدەرییەکان ڕۆژی شەممە مەحمود ئەحمەدی نژادی سەرۆک کۆماری ڕژێمی ئیسلامی ئیران لە شانۆگەرەییەک دا لە ژێر ناوی خێر وبێرەکانی هاوسەرگیری کە لە لایەن وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامییەوە ڕێکخراوبوو داوای لە کچ و کورە لاوەکانی ئێران کرد کە لە تەمەنی نێوان ١٦ تا ٢٠ ساڵان دا هاوسەرگیری بکەن. ناوبراو وتی بۆ کچان تەمەنی ١٦ تا ١٧ ساڵ و بۆ کوران تەمەنی ١٩ بۆ ٢٠ ساڵ گونجاوترین کاتە بۆ ئەوەی بیر لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بکەن. ناوبرا وتی: پێویست ناکات لاوان بیر لە پوڵ و ماڵ و شتی لەو بابەتە بکەنەوە، چونکە هەر کاتیک ئەوان ژیانی هاوبەشیان پێکەوە نا هەم دەبنە خاوەن ماڵی خۆیان و هەم پوڵ و سەروەتیشیان دێتە دەست.

ناوبراو سەرەڕای بارودۆخی شێواوی ئابوری ئێران بەڵێنی دا کە هەتا کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی دەیەم کێشەی خانوبەرە و بێکاری کۆتایی پێ بێت و کەس لە ئێراندا نە بێکار بێت و نە بێ ماڵ و جێگەی ژیان.
ئەو وتانەی سەرۆک کۆماری ڕژێمی ئێران لە کاتێکدایە کە ڕۆژانە سەدان بنەماڵە لێک بڵاو دەبن، هەزاران کوڕ و کچی لاو لێک جیا دەبنەوە و تەنانەت لانی کەم دەیان کەس لە داخی نەبوونی و هەژاری و کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکوژن. ئەوە جگە لە لەشکرێکی دەیان ملیۆن کەسی لە خەڵکی وڵات کە بە دەست تووش بوون بە مادەی هۆشبەرەوە دەناڵێنن.

سەیر لەوە دایە کە ئەحمەدی نژادی کۆنەپەرست بێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکانی ئەو جۆرە بڕیارە، واتە هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا بکاتەوە، لاوانی وڵات بۆ ئەو کارە هان دەدات، ئیتر بێ خەبەر لەوەی کە هەر ئێستا لە بناگوێی خۆیدا ڕۆژانە هەزاران مرۆڤی شەریف و خاوەن شەرف بە هۆی نەبوونی و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە ئامادەن خۆ فرۆشی بکەن و بەدەست هێنانی بژێوی ڕۆژانە بۆ منداڵەکانیان حورمەت و گەورویی خۆیان پێ خوست دەکەن.

بە پێی دوایین ڕەشنووسەکان کە لە لایەن سەرچاوە حکومەتییەکانەوە ئاشکرا کراو، هەر ئێستا زیاتر لە ١٢ ملیۆن کوڕ و کچی تەمەن سەروو ٢٠ ساڵ لە ئێراندا هەن کە لەبەر نەبوونی ئیمکانات نەیانتوانیوە بچنە ژیانی

هاوبەشەوە.

یەکێک لە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئێران ماوەیەک لەمەوبەر ئاشکرا کرد کە لە هەر کاتژمێرێک دا ١٤ ڕووداوی لێک جیا بوونەوە لە داداگاکانی ئێراندا تۆمار دەکرێن، ئەوە جگە لەو جیا بوونەوە لاکۆلان و عەشایەریانەی کە لە گوند و جێگە دوورکەوتووەکانی وڵات دا دێنە ئاراوە. ئەو لێپرسراوەی دەوڵەت هۆکاری سەرەکی ئەو جیابوونەوانە بە کەمی تەمەن، یەکتر نە ناسینی کچ و کوڕ، و خوشەویستییە گەڕۆکان یان بە وتەی ئەو خۆشەویستی خیابانی دەزانێت. ئەو پێی وایە کە زەخت و زۆری بنەماڵە بۆ بە زۆر بە شوودانی کچان و هەروەها بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی وەک ئینتێرنێت و موبیل تەلەفوون و هتد... هۆکاری سەرەکین بۆ ئەو دیاردە ماڵوێرانەکەرە.

دیاردەی تەڵاق و لێک دابڕان لە ئێرانی ئیسلامی دا بووتە بابەتێکی جێی باس، بە شیوەیەک کە تەنانەت مەجلیسی ڕژیم نەیتوانی لە ئاست ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە چاو بنوقێنێت و تاقمێک لە ئەندامانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕژیم داوایان لە لاریجانی کرد کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە گرینە پێک بێنێت، خۆ هەرچەندە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێت نە مەجلیس و نە حکومەت هیچ ئاوڕێکی جیدییان لەو کێشە کۆمەڵاتییە نەداوەتەوە، بەڵام هەر ئەوەی کە ئەندامانی مەجلیسی ئێران سەرەرای کەرە گوێی و دواکەوتوویيان عەقڵیان بەوە شکاوە کە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە کە دامودەزگای ڕاگەیاندنی ئێران باسی لێوە دەکەن.

شارەزایەکی بواری کۆمەڵایەتی لەو بڕوایە دایە کە جیابوونەوەی کوڕان وکچان چەندین هۆکاری جیاوازی هەیە کە دەکرێ کەمی تەمەن و پێنەگەشتوویی کوڕان و کچان وەک یەکێک لە هۆکارەکان ناو بەرین. ئەو شارەزایە زیانەکانی جیابوونەوە زۆر زیاتر لە شوونەکردنی کچان دەبینێت و پێی وایە کە جیابوونەوە هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی فەسادی و بێ ئەخلاقییە لە کۆمەڵگادا، چونکە ئەو جیابوونەوانە جگە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکەی کێشەی جنسی و ئابووریش بۆ کچان و کوران دێنە ئاراوە و بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەحمەدینژاد کە پێی وایە شووکردنی کچان لە تەمەنی کەم دا لە هەواوهەوەسە شەیتانییەکان دووریان دەخاتەوە، ئەو پێی وایە کە ئەو تەمەنە سەرەتای خۆگرتنی کەسایەتی کچان و کوڕانە و هەردووک ڕەگەز دەبێ چەندین ساڵ لە تەمەنی هەرزەکاری تێپەڕ بکەن تاکوو بتوانن بیر لە چاکە وخراپە و قازانج و زەرەدی هاوسەر گیری بکەنەوە، ئەوە جگە لەوەی کە

ئەو دوو مرۆڤە دەبێ خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ سەقامگیر بن، چونکە لە سەدا بەنجای جیا بوونەوەکان بنچینەیەکی ئابووری هەیە. لایەنێکی هەرە گرینگی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە هاتنە دنیای ئەو منداڵانەیە کە لە ئەنجامی ئەو پێک گەیشتنە کاتی یانە دا دێنە ئاراوە. بە گوێرەی دوایین لێکۆڵینەوەکان زۆربەی هەرە زۆری ئەو منداڵانەی کە لە سەر شەقام و گۆڕەپانی شارەکانی ئێراندا ژیان دەبەنە سەر، لەو منداڵانەن کە دایک و باوکەکانیان لێک جیا بوونەتەوە. بە هۆی ئەوەی کە لە ئێران فەرمانگە یان دەزگا و ڕێکخراوێکی تایبەت بە سەرپەرستی و بەخەم کردنی ئەو منداڵانە نیە، و دایک وباوکەکانیان توانای بە خێوکردن و پێراگەشتنیان نیە، بە ناچار دەکەونە سەر شەقام و دەبنە قوربانی ڕووداوە نەخوازراوەکانی کۆمەڵگە.

هەر ئێستا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حوکمی قورعان دا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دایکی خوار تەمەن ١٣ ساڵانەوە هەیە کە خاوەنی منداڵن و هیچ ماڵ و جێیەکی حەوانەوەیان نیە. ٩٠ لە سەدی ئەو کچانە لەو کەسانەن کە دایک و باوکەکانیان لێک جیابوونەتەوە و بە هۆی هەژاری دایک و باوکەکانیانەوە ژیانیان گەیشتووتە سەر جادە و شەقامەکان.

بە ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەنجامی هاوسەرگیرییەکی ناسازگار دا دێنە ئاراوە، مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە تۆ بڵێی ئەحمەدی نژاد و دارودەستەکەی لە ئێرانکی دوور لە گۆیی زەوی دا بژین وا دێن و داواکاری ئاوا دەدەنە لاوانی وڵاتەکەیان؟ تۆ بڵێی ئەو سەرۆک کۆمارە کە ئیدعای تێک شکاندنی ئیمپریالیزمی جیهانی دەکات، ئاگای لەو هەموو کێشە کۆمەڵاتییە نەبێت کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری نابەجێ و نەگونجاو دا لە وڵاتەکەی ژێر دەسەلاتی ئەو دا هاتوونە ئاراوە، یان ئەوەی دەیەوێت لەوە زیاتر شیرازەی کۆمەڵایەتی ئێران لێک هەڵوەشێنێت و ئەوەی کە هەشە نەیهێڵێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## کردەوە تێرۆریستییەکەی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید و چەند قسەیەک

لیکۆڵینەوەی دەزگا سیخوڕییەکانی " سێپۆی سویدی و ئێف پی ئای" ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەنجامدەری کردەوە تێرۆریستییەکەی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بە تەنیا نەبووە و ڕەنگە تۆڕێکی تێرۆریستی بەربڵاو لە پشت ئەو کارەوە بن.

حکومەتی سوید ئاشکرای کردووە کە بە هۆی نەبوونی ئەزمونی زۆر و لە بەردەستدا نەبوونی کەرەستەی پێویست، ڕەنگە بە تەنیا نەتوانن لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو کردەوە تیرۆریستییە بە ئاکام بگەیەنن، هەر بۆیە داوای هاریکارییان لە هاوتا ئەمریکایی و بریتانییەکانیان کردووە. هاوکات دەزگای سیخوڕی ئەمریکا ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری تەواوی دام و دەزگاکانی پۆلیسی سوید ڕاگەیاندووە.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان تێرۆریستەکە ناوی " تەیمور عەبدوڵ وەهاب"ە، تەمەنی ٢٨ ساڵە و لە بەغدای پایتەختی عێراق لە دایک بوو. ساڵی ١٩٩٢ی زایینی وەک پەنابەر ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و خاوەنی خێزان و منداڵە. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی پاش کۆتایی خوێندنی دوا ناوەندی ڕووی لە وڵاتی بریتانیا کردووە. لەوێ هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە زانکۆیەکی ئەو وڵاتە، پەیوەندی بە گروپ و تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە کردووە و بۆ مەشق و ڕاهێنان چووەتە پاکستان و لەوێ لە کەمپەکانی ئەلقاعیدە دا مەشقی سەربازی و کارکردن لە سەر تەقینەوە جۆراوجۆرەکانی بە کۆتا هێناوە. ئەوە جگە لەو دەورە سەرەتاییانەی کە لە بەردەستی تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە وڵاتی بریتانیا تێپەڕاندووە. بە وتەی پۆلیس ئەو کەسە لە سەرەتاوە هیچ نیشانکردێکی لە توندڕەوی ئیسلامی تێدا بە دیی نەکراوە و تەنانەت لە هیچ بەڵگەنامەیەکی پۆلیس و دام و دەزگا سیخوڕییەکانی سوید دا ناوی نەهێنراوە. پۆلیس دەڵێت "تەیمور" لە بنەماڵەیەکی توندڕەو دا لە دایک نەبوو و باوک و دایکی لە عێراق هانیان نەداوە کە ڕوو لە گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان بکات، بەڵکوو پاش هاتنە دەرەوەی، بە تایبەت لە ماوەی ژیانی لە بریتانیا تێکەڵاوی لەگەڵ تاقمە توندڕەو و تێرۆریستیەکاندا دەست پێ کردوو و وا دیارە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق، واتە باڵی عێراقی ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە پەیوەندی هەبووبێت.

پولیسی سوید بەوە دڵخۆشن کە ئەو تێرۆریستە مرۆڤ کوژە نەگەشتووەتە ئەو شوێنەی مەبەستی بووە. ئەوان دەڵێن تەنیا چەند سەد مەترێکی دیکە بەس بوو بۆ ئەوەی کارەساتێکی وا گەورە ڕوو بدات کە لانی کەم لە مێژووی دەیان ساڵی ڕابردووی ئوروپا دا بێ وێنە دەبوو. دیارە تاکوو ئێستا هیچ ڕوونکردنەوە و ئاگادارییەک سەبارەت بەو مادە و تەقەمەنییانەی کە لە ناو ئۆتۆمبێلێ تێروریستەکە دا بوون ئاشکرا نەکراو، بەڵام وتەکانی پۆلیسی نهێنی سوید ئاماژە بە پڕمەترسی بوونی ئەو مادانە دەکات کە تێرۆریستەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتوون. ئەو جێگەی کە تەیموری تێرۆریست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەی دیاری کردبوو، پڕ حەشیمەت ترین و پڕ هاتووچۆترین شەقامی ستۆکهۆڵمە و بەتایبەت لەم کاتەی ئیستا دا کە سویدییەکان بۆ کڕینی دیاری سەری ساڵی زایینی و پێداویستییەکانی کریسمەس، بە شیوەیەکی بەربڵاو ڕوو لە بازاڕ و دووکانەکانی شارەکان دەکەن.

تاکوو ئێستا بە تەواوی ڕوون نەبووەوەتەوە کە مەبەستی سەرەکی ئەو تێرۆریستە لەو کارەی چیە، بەڵام لە پەیامێکی تەلەفوونی دا کە تەنیا ١٠ خولەک پێش تەقینەوەکە بۆ دەزگای ڕاگەیاندنی سوید "تێ تێ،ی " ناردووە، بە دوو زمانی سوید عەرەبی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کارە بە تۆڵەی خوشک و برا موسڵمانە کوژراوەکانی لە عێراق و ئەفغانستان و هەروەها بۆ سەرکۆنە کردنی حکومەت و گەلی سوید، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی چەندین کاریکاتەری حەزرەتی محەممەد لە لایەن کاریکاتریستێکی سویدییەوە ئەنجام دەدات. ئەو تێرۆریستە لە پەیامەکەی دا دەڵێت: لە وڵاتانی ئیسلامی زۆر منداڵ و ژن و پیرە پیاوی موسڵمان کوژران، ماڵی زۆر کەستان وێران کرد، خاکی موسلمانانتان داگیر و خاپوور کرد، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتوو کە تۆڵەتان لێ بکریتەوە، کاتی ئەوە هاتوو کە مندال و پێرە ژن و پیاوەکانتان بکوژرێن، ماڵتان وێران بکرێت و ئێش و ئازار بە دڵتان بگات.

وتەکانی ئەو مرۆڤە نەخۆشە نەفس نزمە بە شیوەیەکی زۆر بەبڵاو لە ناو مێدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سوید دا دەنگدانەوەی بەربڵاوی هەبووە، بە شیوەیەک کە لە ڕاستی دا کارتێکەرییەکی زۆر خراپ و نیگاتیڤی لە سەر ڕای گشتی خەڵکی سوید بەرامبەر بە خەڵکی پەنابەر جێ هێشتووە.

ماوەی چەند ساڵێکە بە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی پەنابەران، بە تایبەت خەڵکی وڵاتانی موسڵمان لە وڵاتانی ئوروپا بە گشتی و وڵاتی سوید بە تایبەتی، هەستی ڕەگەزپەرستی و دژە پەنابەری لە ناو خەڵکی ئەو وڵاتە دا بە شیوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سوید کە لە مانگی ئۆکتوبری ئەمساڵ دا

ئەنجام درا، پارتێکی دەستەڕاستی دژە پەنابەر بە ناوی سویدییە دیمۆکراتەکان توانی ڕێژەی دەنگی پێویست بۆ چوونە ناو پارلەمانی ئەو وڵاتە بە دەست بێنێت. تاکە بیانووی ئەو پارتە دەستەڕاستییە زۆر بوونی ڕێژەی پەنابەر و بەتایبەت ئەو پەنابەرە موسڵمانانەیە کە هاتوونەتە سوید و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بتوانێت بە شیوەیەکی باش ڕای گشتی خەڵکی ئەو وڵاتە بەلای خویدا ڕاکێشێت.

وڵاتی سوید سەرەڕای حەشیمەتی کەمی ولاتەکەی بەڵام ڕێژەیەکی یەکجار زۆر پەنابەری گشت وڵاتانی جیهانی لە خۆ گرتووە. بە تایبەت لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو دا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر عەرەبی عێراقی لە بەر ئاڵۆز بوونی باری ئاسایشی وڵاتەکەیان ڕوویان لە سوید کردوو و جێگیر بوون. ئەوە جگە لەو دەیان هەزار کورد و ئێرانی و ئەفغانی و ئەفریقایی و عەرەبەی دیکە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ی زایینی تا ئەمڕۆ هاتوونەتە ئەم وڵاتە و هەموو بە گوێرەی خۆیان توانیویانە لەو کۆمەڵگا دا جێ بگرن و ژیانێک بۆ خۆیان و خاوخێزانیان دابین بکەن.

شک لەوە دانیە کە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا مرۆڤی باش و خراپ هەیە و بە ئاوڕ دانەوەیەک لە دەیان ساڵی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی وەک پەنابەر ڕوویان لە ولاتی سوید کردووە، نەک هەر لە باری گوزەران و ژیانیان ناڕازی نەبوون، بەڵکوو بەشێکی بەرچاویان توانیویانە بە دریژەدان بە خوێندن و تێپەڕاندنی پلەکانی قوتابخانە و زانکۆکانی ئەو وڵاتە، لە دام و دەزگا حکومەتییەکاندا جێ پێی خۆیان بکەنەوە. سیستەمی حوکمڕەوایی سوید سوسیالیستی دیمۆکراتیکە و جگە لە ئازاد بوونی بازاڕ، بنچینەیەکی باشی دیموکراسی و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ لەو وڵاتە دەستەبەر کراوە. دەیان ساڵە کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە ژێر سێبەر ئەو نیزامەدا ژیان تیپەڕ دەکەن و کەس نەیتوانیوە ئەو ئازادییەیان لێ زەوت بکات. خەلکی سوید خەڵکی ڕاستگۆ، دڵفراوان، ڤاییم و لە هەمان کات دژ بە زوڵم و چەوسانەوە و ترس و دڵەراوکێ دەوەستنەوە.

شک لەوە دانیە کە کردەوەی تێرۆریستی ئەو مرۆڤە خۆکوژە موسڵمانە کارتێکەرییەکی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی سویدی و رەنگە لە سەر بڕیاربەدەستە سویدییەکانیش هەبیت، بەڵام لێرە دا جێی خۆیەتی کە ئاماژە بەو راستیەش بکەن کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە دۆستی خەڵکی لیقەوماو و هەژارن و جگە لە جێ کردنەوەی ئەو هەموو پەنابەرە لە ناو ئەو وڵاتە دا، خەڵکی سەخاوەتمەندی سوید ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار وەک هاریکاری و یارمەتی بەو ئۆرگان و ڕێکخراوانە دەدەن کە لە وڵاتانی لێقەوماوی وەک ئەفغانستان و عێراق و ئەفریقا و زۆر جێگەی دیکە سەرقاڵی بنیات نانەوەی پیکلەکانی ژیانن بۆ خەڵکی هەژار.

جێی خۆیەتی گشت ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانە ئازادی خوازانەی کە لە هەڵقوولاوی کۆمەڵگەی پەنابەری وڵاتی سویدن، بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو جۆرە کردارانە و لە ڕاستی دا بۆ دەرخستنی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامی سیاسی کە ئێستا بووتە باڵێکی هەرە بەهێزی تێرۆریزمی نیودەوڵەتی، قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن و بۆ بە گژا چوونەوەی مەترسی گەلێکی وەک کردەوە تێرۆرسیتییەکەی ڕۆژی شەممە ١١ی دێسامبر، دەست لە ناو دەستی خەڵکی ئازادی خواز و پەنابەر خوازی سوید یەک دەنگ و یەک دڵ ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن و نیشانی بدەن کە نە تەیموری تێرۆریست و نە هاوشیوە و هاوبیرەکانی هەڵگری ناسنامەی کۆمەڵگەی پەنابەری نێشتەجێی سوید و وڵاتانی ئوروپا نین و ئەوانە تاقمێکن کە تەنیا دۆزەخ جێگەیانە و بەس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---

## دەورێکی نوێی سزا نێودەولەتییەکان بۆ سەر ئێران بەڕێوەیە

ڕۆژنامەی واڵستریت ژورناڵ لە ژمارەی ڕۆژی شەممەی خۆی دا باس لە ڕێکەوتنێکی نهێنی نێوان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی ئوروپا بۆ سەپاندنی سزای ئابووری زیاتر بە سەر ئێراندا دەکات کە بڕیاری لە مانگی ژانوییەی ساڵی داهاتووی زایینییەوە بکەوێتە واری جێبەجێ کردنەوە. والستریت ئەو هەواڵەی لە زمانی کەسانی نزیک لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی هەردووک لاوە دەست کەوتووە. ئەو ڕۆژنامەیە لە درێژە دا دەنووسێت هەریەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی ئوروپا کە لە ڕاستی دا لایەنی سەرەکی وتووێژە ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکانن لەگەڵ ئێراندا، بە نیازن لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە هۆی کارا نەبوونی ئەو وتووێژانەوە، دانووستانەکانیان بە تەواوی لەگەل ڕژیمی ئێراندا ڕاگرن.

بە پێی هەواڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەمریکا، فەڕانسە و بریتانیا کە ڕۆژی سێشەممەی حەفتەی ڕابردوو لە پاریس پێکەوە کۆبوونەوە، لە سەر ئەو خاڵە ڕێککەوتوون کە چۆنیەتی و ئاکامی وتووێژەکانیان و هەروەها ئەو گەلالە داڕێژراوەی کە لە داهاتوو دا سەبارەت بە سزای نوێ بۆ سەر ئیران ڕچاو دەکرێت،بە کۆتا بێنن و پێش دانیشتنەکانی داهاتووی گروپی ١+٥ لە ئیستانبول بدەنەوە بە کومیتەی سزاکانی یەکیەتی ئوروپا.

بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی والستریت ژورناڵ تاکوو ئیستا هیچ هەواڵێک لە وردەکاریی سزا دیارە کراوە نوێیەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ئەمریکا و وڵاتانی یەکیەتی ئوروپا لە سەر ئەوە ڕێکەوتوون کە لە جیاتی ئەوەی کاتێکی زیاتر بە پەسند کردنی ئەو بڕیارانەوە لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەست خۆیان بدەن، خۆیان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و بەیەکەوە دەست بە جێبەجی کردنی بریارەکانی ئەو گەلالە نوییە بکەن و سزای توندتر بە سەر ئێراندا بسەپێنن.

بریتانیا و فەڕانسە وەک نوێنەری یەکیەتی ئوروپا ڕێکخەری ئەو کۆبوونەوانە و تەناتەت هاوئاهەنگی لایەنەکان دژ بە ڕژیمی تارانن. تاکوو ئێستا هیچ چەشنە ڕاگەیێندراوێکی فەرمی لە لایەن ئێرانەوە بڵاو نەکراوەتەوە کە ئایا نیازیان هەیە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو دا بەشداری بکەن یان نا، هاوکات سەرەرای هەوڵێکی زۆری ڕۆژنامەی والستریت ژورناڵ بۆ پەیوەندی گرتن بە کاربەدەستانی ئێرانەوە و وەرگرتنی ڕای ئەوان سەبارەت بەو راپۆرتەیان بێ ئەنجام ماوەتەوە.

سەبارەت بە ئەگەری سەپاندنی سزای زیاتر بە سەر ئێراندا ڕۆژی هەینی ڕابردوو " گێری سایمۆر" گەورە راوێژکاری حکومەتی ئۆباما بۆ کۆنترۆڵی چەک و چۆڵی ناوەکی ئاشکرای کردبوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سوورن لە سەر ڕاگرتنی ئەو ئاستە لە سزاکان و تەنانەت سەرقاڵی راوێژن بۆ سەپاندنی سزای زیاتر بە سەر ئەو وڵاتە دا. ناوبراو ڕایگەیاندبوو کە تاکە ڕێگەی ڕزگار بوونی ئێران لەو سزایانە، هاریکاری تەواوی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

ئەگەر بێتو ئەو دەورە نوێیەی سزاکانی سەر ئێران بکەوێتە بواری جێبەجی کردنەوە، ئەوا ئێران ڕووبەڕووی کێشەی ئابووری قوورستر لەوی کە هەیە دەبیتەوە. چاوەدیرانی سیاسی و ئابووری لەو بڕوایە دان کە ڕەنگە تاکوو ئێستا بە هۆی ئەو زەبروزەنگە زۆرەی کە کاربەدەستانی ڕژیمی تاران لە ناوخۆی وڵات دا دژ بە هاوڵاتیان پەیڕەوی دەکەن پێشی بە سەرهەڵدان و تەقینەوەی نارەزایەتییەکان گرتبێت، بەلام بە قوورستر بوونی ئەو سزایانە، بێ شک بارودۆخی ناوخۆیی ئێران بە هۆی سەختی بواری ئابوورییەوە تووشی قەیرانێکی قوڵ دەبیتەوە و چاوەڕوانی سەرهەڵدانی خەڵکی هەژار لە سەرانسەری ئێراندا دەکرێت. بەتایبەت کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دا گەلالەی مەبەست دا کردنی یارانە و هەڵگرتنی سوبسیدەکانیش هێندەی دیکە خەڵکی تووشی قەیرانی گرانی و نەبوونی دەکاتەوە. بە وتەی ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە ئاگایان لە گوزەرانی خەڵکی ئێرانە، هەر ئێستا زیاتر لە لە

پەنجا لە سەدی خەڵکی ئەو وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژارییەوە ژیان تێپەڕ دەکەن. گران بوونی لە ڕادە بەدەری کەرەستە و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک و کەمبوونەوەی بەرهەمە نێوخۆییەکان هێندەی دیکە بارودۆخی ئابووری وڵاتی تووشی قەیران کردووە.

نرخی گۆشت و سەوزی و میوە و خەیار و تەماتە و پەتاتە و برنج کە لە ئێراندا خواردنی سەرەکی خەڵکن، بە هۆی بەرهەم نەهێنانیان لە ناوخۆی ئێراندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرانتر دەبێت. ڕاپۆرتەکان باس لە داخران و مایەپووچ بوونی کارگە و کارخانە بچووکە غەیرە دەوڵەتییەکان دەکەن. ئەوە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر لە کرێکارانی کارگە دەوڵەتییەکانیش ماوەیەکی زۆرە حەقدەستی مانگانەی خۆیان وەرنەگرتووە و حکومەت هە ڕۆژەی بە بیانوویەک هەڵیان دەخەڵەتینیت.

ئەو بارودۆخە قوورسە ئابوورییە لەکاتێکدایە کە گشت شیرکەت و کۆمپانیا دەرەکییەکان بە پەلە خەریکی جێهێشتنی ئێران و کێشانەوەی داراییەکانیان لەو وڵاتە. سزایەکی قورسی نێودەوڵەتی لە چوار گەڕی جیاواز دا بە سەر ئەو وڵاتە دا سەپاوە، کە بەتایبەت قەدەغە کردنی فرۆشی بەنزین لە لایەن شیرکەتە نێودەوڵەتییەکانەوە کارتیکەرییەکی یەکجار خراپی لە سەر دۆخی ئابووری ئەو وڵاتە جێ هێشتووە. ئەوە جگە لەوەی کە لە ماوی ڕابردوو دا دەیان ڕێکەوتننامەی فرۆشی نەوت و گازی ئێران بە وڵاتانی جیهان هەڵوەشێندراوەنەتەوە و هیچ کۆمپانییەکی نەوتی بێگانە ئامادە نیە لەبەر قازانجێکی کەمی نەوتی ئێران، زیانێکی گەورەی نێودەوڵەتی تووشی خۆی بکات.

دەبێ لە ڕۆژانی داهاتوو دا چاوەڕێی دەورێکی نویی سەپاندنی سزای ئابووری بە سەر ئێراندا بین، کارەساتێک کە خودی بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئیسلامی بە هۆی سەرەڕۆیی و کەرە گوێیانەوە تووشی گەلی بەش مەینەتی ئێرانیان کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## ئاگر گرتنی شاخ و کێوەکانی کوردستان زیانێکی قەرەبوو نەکراوە

ماوەی چەندین مانگە دارستان و لێڕەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەلاتەوە بگرە تا دەگاتە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە شیوەیەکی زۆر دڕندانە ئاگریان تێبەردەریت و دەسووتیندرین.

سەرەتای ئەو کارەساتە خەڵک کوردستان لەو بڕوایە دا بوون کە ڕنگە بەرز بوونەوەی ئاستی پلەی گەرمای هاوین بووبیتە هۆی ئاگر گرتنی دارستانەکان، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دەستە ڕەشەکانی پشت ئەو کارەتە ئاشکرا بوو و دەرکەوت پیاوان و بەکرێگیراوانی ڕژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران هۆکاری سەرەکی ئەو ئاگر کەوتنەوانە. بە دریژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو هەموو ساڵێک لە وەرزی هاوین دا کە بە تایبەت پوش و گیای شاخ و داخەکانی کوردستان وشک دەبن، ڕژیم هەوڵی داوە ئاگر لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان بەر بدات، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمساڵ بە پێچەوانەی سالانی ڕابردوو کە ڕەنگ بوو تەنیا چەند ناوچەیەکی بگرتایەتەوە، هەموو کوردستانی گرتەوە و تەنانەت ئاگر تەشەنەی کردە بەشی باشووری کوردستان و بەشێکی زۆر لە ناوچە سنوورییە هاوبەشەکانی نیوان باشوور و ڕۆژهەلاتیش سوتان و بوونە خۆڵەمێش.

سەیر لەوە دایە بە دریژایی چەند مانگی ڕابردوو کە ئاگر گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتبوو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ کوژاندنەوەی، بەڵکوو ڕیگری کوژاندنەوەی ئاگرەکە بوو و تەنانەت گشت ئەو کەسانەش کە بۆ کوژاندنەوەی خاکی باوک و باپیرانیان هەوڵیان دەدا تووشی لیپرسینەوە و سزا دان هاتن. خەڵکی خاوەن هەست و سروشت خۆشەویستی کوردستان هەر لە کۆنەوە سەرەرای هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگانەی کە لە لایەن داگریکەرانی کوردستانەوە بۆیان داتاشراوە، بەڵام بەردەوام بوون لە ئاوەدان کردنەوە و بوژاندنەوەی سروشتی جوانی کوردستان و ڕێگەیان نەداوە کە دوژمن و ئاگر و شەڕ، شاخ و کێو و لێڕەوارەکانی وڵاتەکەمان بکاتە خاکی سووتماک و چۆڵەوانی.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە بە دەستمان گەیشتووە، بەربڵاوی ئاگر کەوتنەوەکە هێندە بەرین و بەربلاو بووە کە زیانیکی قەرەبوو نەکراوەی گەورەی بە سروشتنی جوانی وڵاتەکەمان

گەیاندووە. سەدان هەزار گیانلەبەری کیوی لەو کارەساتە سووتاون، بە تایبەت لەو ناوچە شاخاوییە چڕ و ئاستەمانەی کە دەستی مرۆڤی کەمتر دەگاتە، ژینگەیەکی هێور بۆ گیانلەبەرە کیوییەکان هاتبووە بەرهەم کە بە داخەوە بە هۆی ئەو ئاگرەوە سووتان و خاپوور بوون.

ئێمە لەم پەیوەندییە دا چەندین وێنەمان لە چیاو لێرەوارەکانی ناوچەی دالاهۆ،وە بە دەست گەیشتووە کە باس لە گەورەیی و بەرینی ئەو کارەساتە دەکەن. کەسێکی شارەزا لەو ناوچەیە پێی ڕاگەیاندین کە سوتماکەکە هێندە بەر بڵاو بووە کە لانی کەم لە ماوەی ١٥٠ ساڵی ڕابردوو دا بێ وێنەیە. سەرەڕای هەوڵ و کۆششی زۆری خەڵکی تێکۆشەری ئەو ناوچەیە، بە تایبەت کوڕ و کۆمەڵە ژینگە پارێزەکانی ناوچەکە، بەڵام تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێت لە هێندێک جێگەی ناوچەی دالاهۆ ئاگر هەربەردەوامە. ئەوەی جیگەی سەرنج و بایەخ پێدانە ئەوەیە کە خەڵکی گشت ناوچەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی تەمەن و ئایین و بیرکردنەوەی سیاسی،یەوە بە شێوەیەکی زۆر هاوئاهەنگ و لە خۆبووردوانە بۆ کوژاندنەوە و دامرکاندنەوەی ئاگرەکە هەوڵیان دا، کە جێگەی سپاس و پێ زانینە.

جێی خۆیەتی لێرەوە سپاس و پیزانینی خۆمان ئاڕاستە گشت ئەو خەڵکە تێکۆشەرە بکەین کە سەرەڕای مەترسی گرتن و هەڕەشە و گوڕەشەی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی و هەروەها تین و تەوژمی ئاگرەکە، بەو پەڕی لە خۆبووردوییەوە هەموو وێکڕا بە دەستی بەتاڵ و ڕەنگە تەنیا بە چڵە هەژگێک ئاگری شاخ و چیا سەربەرزەکانی کوردستانیان کوژاندەوە و بۆ جارێکی دیکە بە دوژمنی گەلیان سەلماندەوە کە نە ئاگر و شەڕ و نە وێرانگەری و هێزی داگیرکەر ناتوانێت ئەو چیا سەربەرزانە و خەڵکی خۆراگری بە چۆک دا بێنێت و ئەگەر سەدان جاری دیکە ئەو وڵاتە بکرێتە سووتماک، ئەوا بە دەڵنیاییەوە لەوپەڕی سەوزی و بەرزی دا و لە بەهاری سەرسەوز و جوانی کوردستاندا سەرهەڵدەدەنەوە و ناهێڵن گیانلەبەرە بەستەزمانەکانی کوردستان بێ سەرپەنا و ماڵ و هیلانە بمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١

## نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی لە سەربەخۆیی باشووری سودان و دەرکەوتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەلی کورد

ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری سودان کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ٩ی ژانویە لەو وڵاتە بەڕێوەچوو، کۆڕوکۆمەلە سیاسی و ڕاگەیاندەکانی جیهانی عەرەبی تووشی نیگەرانییەکی قووڵ کردووە.

ئەو کۆڕ و کۆمەڵە بە ناو ڕۆشنبیریانە ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی وڵاتانی دیکەی ئەفریقا و جیهانی عەرەب، چاو لەو هەڵویستەی مەسیحییەکانی باشووری سودان بکەن و سەرئەنجام بڕیاری سەربەخۆیی خۆیان لەو وڵاتانەی کە تێیدا جێگیرن ڕاگەیەنن.

ئەو ترسەی ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان بە زۆری ڕوو لەو ولاتانەیە کە حکومەتەکانیان دیتکاتۆرن و بە درێژایی مێژوو نەتەوەکانی دیکە ئەو وڵاتەیان چەوساندووەتەوە و زوڵم و زۆریان بەرامبەر نواندوون. بە داخەوە بە دەگمەن کەمە نەتەوەی ئایینی و قەومی جێگیر لەوڵاتی عەرەبی و ئیسلامی هەیە کە بە شیوەیەک لە شیوەکان لە لایەن دەسەڵات دارانی وڵاتەوە تووشی چەوساندنەوە و کارەساتی دڵتەزێنی وەک ئەنفال و جینوساید و پاکتاوی ڕەگەزی نەهاتبن و شار و گوند و ماڵ و حاڵیان وێران نەبوبێت، هەر بۆیە ڕۆشنبیرانی عەرەب بە ئاوردانەوەیەک لە مێژووی پڕ لە خیانەت و کارەسات باری حاکمانیان ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم داهاتووی وڵاتەکانیاندا بە دیی ناکەن.

سنورە جوگرافییەکانی زۆربەی وڵاتانی عەرەب و موسڵمانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا لە ڕابردوو دا لە لایەن وڵاتانی ئیستعماری و داگیرکەرەوە دەستنیشان کراوە و ئەو دیاری کردنی سنوورانە لە زۆر

ولات دا بووتە هۆی دووبەش یان چەند بەش بوونی نەتەوەکانی جیگیر لەو ناوچەیە. ئەو چەند کەرت بوونە بە درێژایی مێژووی لانی کەم ٢ سەدەی ڕابردوو سەرچاوەی سەرەکی گشت کێشە و شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نیوان وڵاتان و تەنانەت دەسەڵاتداران و کەمەنەتەوەکانی جێگیر لەو وڵاتانە دا بووە. بۆ وێنە گەلی کورد یەکێک لەو نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە کاتی خۆی بە بێ پرس و ئاگاداری خۆی لە نێوان چوار ولاتی دیکتاتۆر و چەوسێنەری عەرەب و تورک و فارس دا، کە هەر چوار وڵاتیش بە ئایین موسڵمانن دابەش کراوە. لێکۆڵەوەرە عەرەبەکان لەو بڕوایەدان کە ئێستا بە هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە و کرانەوەی کەشی سیاسی وڵاتان، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو گەل و کەمەنەتەوە چەوسانە بڕیاری سەربەخۆیی خۆیان بدەن و ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر کە مەسیحییەکانی سودان هەڵیان بژارد.

ڕۆژنامەی " ئەلحەیاتی" لەندەنی لە بابەتێک دا لە ژێر سەردێڕی " لە جوباوە تا هەولێر" دەنووسێت: گورانکارییە بەپەلە وچاوەڕوان نەکراوەکانی سودان لە داهاتوویەکی نە چەندان دوور دا کارتێکەرییەکی نیگەتیڤی لە سەر ڕەوشی ناوخۆیی عێراق دادەنێت. عێراقێک لە بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو کوانووی شەڕێکی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی نێوان کوردەکان و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە بووە. نووسەری ئەو بابەتە هوشداری دەداتە ڕیبەرانی عەرەب کە ئەگەر بە زوویی بە پیر ئەو ڕەوشەوە نەچن ئەوا هیچ دوور نیە کە کوردەکانیش وەک مەسیحییەکانی باشووری سودان،بەلام ئەمان لە باکووری عێراقەوە بانگی سەربەخۆیی خۆیان بدەن و تەنانەت ئەو کارەیان ببێتە ڕێنوێنێک بۆ باقی وڵاتانی دیکەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

ئەو نووسەرەی ئەلحەیات لە کۆتایی بابەتەکی دا دەنووسێت: تیر خەلاس نەک لە دەرەوە بەڵکوو لە ناوخۆی وڵاتەوە لە کەلە سەری حکومەتی ناوەندی دەدرێت و ئەو حکومەتانەی کە لەوپەڕی بێ مەسئولیەتی و لێپرسراوی دا وەک یەک مامەڵە لەگەڵ گشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی خۆیان و نەتەوەکانی جێگیر لە ولاتەکانیاندا ناکەن، بێ شک زەمینە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و نارەزایەتی و شەڕی ناوخۆیی و سەرئەنجام جیابوونەوەی بەشێک لە وڵاتەکەیان خۆش دەکەن.

ڕۆژنامەی " شەرق ئەلئەوسەت" لە مەقالەیەکی دا بە قەڵەمی یەکێک لە نووسەرەکانی باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ڕاپرسی باشووری سودان بڵاو کردووەتەوە. ئەو ڕۆژنامەیە کە لە ڕاستی دا ئاوێنەی باڵا نوێنی شۆڤێنیستی عەرەبە، لەو بابەتەی دا سەرەرای بێ بایەخ نیشاندان و بە هێند نەگرتنی نەتەوە جۆراوجۆرە غەیرە

عەرەبەکانی جێگیر لە وڵاتانی عەرەبی و موسڵماندا، بەڵام دیسان دڵگرانی خۆی سەبارەت بەو هەڵوێستەی باشوورییەکانی سودان ناشارێتەوە و دەنووسێت: ئەو بەشە بچووکانە دەکرێ لە داهاتوو دا لە لایەن دوژمنانی جیهان ئیسلام و عەرەبەوە، وەک سەرچاوەی ئاژاوە کەڵکیان لێ وەربگردرێت. ئەو نووسەرە دەڵێ ئیستعماری کۆن تەجروبەیەکی باشی لە هاندان و دنە دانی ئەو نەتەوە بچوکانە دا هەیە و ڕەنگە لە سیاسەتی ناکۆکی بنێرەوە حکومەت بکە، کەڵک وەرگرێت. کەس ناتوانێت گارانتی ئەوە بکات کە بەم زووانە کوردکانی عێراق و قەومەکانی سومالیش داوای سەربەخۆیی و پێک هێنانی حکومەتی خۆیان نەکەن. شەرق ئەلئەوسەت تەنانەت بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە عەرەبەکانی ئێران هەم عەربن و هەم موسڵمانی سوننە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە نەکوو هەستی سەربەخۆیی لە مێشکی ئەوانیش دا پەرەبستێنێت، هۆشداری دەداتە کارەبەدەستانی ئێران و دەڵی ئاگاتان لە باشووری ئێران و عەرەبەکان بێت، کە دیارە ئەوە ئاماژەیەکە بەوەی کە وریای کوردکانی ڕۆژئاوای وڵاتیش بن.

ترسی سەرەکی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی نەک بۆ جیابوونەوە و کەم بوونەوەی بەشێک لە حەشیمەتی وڵاتەکانیانە، بەڵکوو ترس و دڵەراوکێی ئەوان بۆ ئەو هەموو سەروەت و کانگا ژێرزەوی و سەرچاوە ئاویانەیە کە لەو وڵاتە سەربەخۆ خوازانەی وەک کوردستان دا هەڵکەوتوون. بۆ وێنە مەترسی گەورەی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەیە کە لانی کەم ڕێژەی ٥٠% نەوتی ئەو وڵاتە لە کوردستان دایە، ئەوە جگە لەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئاوی ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراق لە شاخ و چیاکانی کوردستانەوە سەرەوژێر دەبنەوە. عەرەبەکانی عێراق باش دەزانن کە ئەگەر ڕەوشەکە ئاوا بڕوات لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا دەبێ ئاوی خواردنەوەشیان بە پوڵ بکڕن و بە درووست بوونی حکومەتێکی کوردی لە باکووری ئەو وڵاتە، ئیتر ئەو ئاوە زوڵاڵەی کە ڕۆژانە دەچێتە چۆم و ڕوبارەکانی ڕووەو باشووری ئەو وڵاتە ئاوا بە سانایی بە دەست نایەت. هەمان سیناریۆ لە پەیوەندییەکانی نێوان میسر و باشووری سودانیش دا دووبارە دەبێتەوە، چونکە حکومەتی میسر لەو بڕوایە دایە کە ئەگەر حکومەتی باشووری سودان بێتە دامەزراندن، ئیتر ئەو ئاوە زۆرەی کە لە ڕوباری نیلەوە ڕووەو ئەو وڵاتە دەچێت، ڕەنگ بێت ئاوا سانایی بە دەست نەکەوێت، هەر بۆیە زۆر لە مێژە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕێ لە سەربەخۆیی ئەو بەشەی سودان بگرێت.

سەربەخۆیی هەر نەتەوە و ئایینزایەک کە لە وڵاتێک دا بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای ئەو وڵاتە پێک دێنن و خاوەن کلتور، زمان و تەنانەت ئابووری جیاواز لە بەش و ناوچەکانی دیکەی وڵاتن، نەک ئەمرێکی ئاسایی و ڕۆتینە بەڵکوو مافێکی بێ ئەم لاو لایە. گەلی کوردیش یەکێک لەو نەتەوانەیە کە سەرەرای زۆر حەشیمەتەکەی و

بەربڵاوی خاکەکەی بەڵام لە ماوەی ٢ سەدەی ڕابردوو دا لە لایەن حکومەتە داگیرکەرەکانەوە چەوساتەوە، جینۆساید و ئەنفال کراوە و تەنانەت لە خاک و ولاتی خۆی دور خراوەتەوە. هەر بۆیە ئێستا بە هاتنە پێشی ئەم هەلە مافی ڕەوای خۆیەتی کە هەنگاو بۆ سەربەخۆیی و بنیات نانی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دەڵبێنێتەوە و ئەوە ئەرکێکی مێژوویی و قورسە کە دەبێ ڕێبەرانی کورد ئاوڕێکی جیددی لێ بدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠١١

---

## هەوڵەکانی ڕژیمی ئێران بۆ دەست بەسەردا گرتنی حکومەتی نوێی عێراق

تۆڕی هەواڵی فاکس نیوزی ئەمریکایی لە ڕاپۆرتێک دا سەبارەت بە دەور و کاریگەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان و عێراقدا نووسیویەتی: لەم ڕۆژانە دا کە هەموو جیهان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕوخانی حکومەتی لوبنان دا پەنجەی تاوان بۆ لای ڕژیمی ئێران درێژ دەکەن، وا دیارە ئەو حکومەتە سەرقاڵی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیەتی لە ناو دڵی حکومەتی تازە بنیاتی عێراقیش دا. موقتەدا سەدر کە بە یەکێک لە توندڕەوترین مەلا شێعەکانی عێراق دێتە ئەژمار، دوای زیاتر لە سێ ساڵ مانەوە لە عێراق، لە نێوان پێشوازی لایانگرانی دا گەڕایەوە خاکی عێراق. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هێشتاو پاش تێپەڕینی زیاتر لە سێ ساڵ بە سەر هەڵاتنی ناوبراو لە دەست هێزە ئەمریکاییەکان بۆ ئێران و کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداری دژ بە هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و گرتنە پێشی چالاکی سیاسی، بەڵام هێشتا هەم خۆی و هەم دەستە و تاقمەکەی دەستیان لە دروشم دان دژ بە ئەمریکا و هێزە بێگانەکان کە عێراق هەڵنەگرتووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئێستا ئەو چەکدارانەی کە جاران لە کۆڵان و شەقامەکانی بەغدا دا دژ بە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی عێراق شەڕیان دەکرد، لە پارلەمانی ئەو وڵاتە دان و تەنانەت چەندین وەزیریشیان لە کابینەی نوێ حکومەتەکەی نوری مالکی دا هەیە، هەر بۆیە وا دیارە موقتەدا ببێتە ئەکتەرێکی خاوەن دەورێکی گرینگ لە سەر شانۆی سیاسی عێراقی داهاتوو دا.

گەڕانەوەی سەدر نەک بە مانای واز هێنان و دەستبەردان لە ئێران نیە، بەڵکوو ناوبراو بە هاندان و دنەدانی

کاربەدەستانی ڕژیمی تاران گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و مەبەستی سەرەکی ئەو بنیات نانەوەی باڵی سەربازی ڕێکخراوەکەیەتی کە پێشتر لە ژێر ناوی سوپای مەهدی دا چالاکیان دەنواند. ئیران بە نیازە لە پاڵ ئەو پێشکەوتنە سیاسیانەی کە تاقمی موقتەدا لەم هەڵبژاردنەی دوایی عێراق دا بە دەستیان هێناوە، سوپایەکی قایم و تۆکمە و پڕ چەک بە پێشکەوتووترین چەک و چۆڵەی سەربازی بۆ ئەو هێزە تێرۆریستییە پێک بێنێت، هەمان سیناریۆ کە لە لوبنان دا بۆ حیزبولڵا و حەسەن نەسروڵا پێکیان هێنا.

هەرچەندە چاوەدێرانی سیاسی ڕۆژئاوایی و یەک لەوان ڕایان کرۆکەر،ی باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لەو بڕوایە دان کە پاش ئاگربڕی سوپای مەهدی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ئەو هێزە تووشی دوولەت بوون هات، بەڵام هاوکات موقتەدا بە پەنابردنی بۆ ئێران وەک سەرکردەیەکی ئایینی و سیاسی خاوەن دەسەڵات لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق دا مایەوە. کرکەر لەو بڕوایە دایە کە لایانگرانی سەدر بە هەڵپەساردنی شەڕی چەکداری لەو ساتەوەختە دا هەم بڕیارێکی سیاسی گرینگیان دا، هەم خۆیان وبزوتنەوەکەیان لە فەوتان ڕزگار کرد و ئەوا ئێستا موقتەدا سەدر بە مێشکێکی پڕ تر و بە دیدێکی سیاسی نوێوە هاتووەتە مەیدان، هەرچەندە هاتنەوەکەشی لەوانەیە جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەی تاقمێکی دیکە لە لایانگرانەکەی بە دواوە بێت.

بەشێکی دیکە لە چاودێرانی کاروباری عێراق لەو بڕوایە دان کە گەڕانەوەی موقتەدا سەدر بۆ گۆڕەپانی سیاسی عێراق و جاڕدانی هاتنە مەیدانی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی حیزبولڵای عێراق، پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە و هیچ دوور نیە کە سەدریش وەک نەسروڵای لوبنان ببێتە سەرکۆ ئەو حیزبولڵایە. چونکە لە بنیات دا ئەو دوو ڕێکخراوەیە و تەنانەت حیزبولای تورکیەش جیاوازییەکی ئەوتۆ لە بۆچوون و بیروبڕوای سیاسیان دا بە دی ناکرێت و سەرچاوی سیاسی و مەعنەوی و دارایی هەر هەمووشیان ئێرانە، هەر بۆیە ئاماژەکان ڕووەو ئەوە دەچن کە لە داهاتوویەکی نزیک دا حیبزولڵای عێراق جێگەی لەشکری مەهدی بگرێتەوە و هاوشێوەی حیزبولڵای لوبنان ئەو تیرۆریستانەشی کە ئێستا لە ژێر ناوی پارلەمانتار دا زیاتر لە ٤٠ کورسی مەجلیسی نوێنەرانی عێراقیان داگیر کردووە ببنە باڵی سیاسی ئەو ڕێکخراوەیە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە بنیات نانی حیزبولڵا و حەماس لە فەلەستین و لوبنان و گۆڕینیان لە ڕێکخراوی سەربازییەوە بۆ ڕێکخراوێکی نیمچە سیاسی، سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا، هەر بۆیە دەیەوێت کۆپی ئەو دوو ڕێکخراوەیە لە گشت ئەو وڵاتانەی کە شیعەی تێدا دەژی بنیات بنێت.

فاکس نیوز دەنووسێت حیزبوڵای لوبنان لە پێک هاتن و سەرئەنجام هەرەس هێنانی حکومەتی هاوبەشی ئەو وڵاتە دا دەورێکی کلیلی گێرا. چاوەدێرانی سیاسی لەوە دڵگرانن کە ئەو دەورە ئێستا لە عێراقدا بە موقتەدا سەدر سپێردرا بێت، چونکا بە هەمان شێوەی حیزبوڵا، سەدرییەکانیش لە پێکهاتنی حکومەتی عێراق دا دەورێکی سەرەکیان هەبوو، بە جۆرێک کە خودی مەلاکی بۆ ڕازی کردنی موقتەدا سەردانی ئێرانی کرد و بە دانی هێندێک بەڵێنی، پشتگیری ناوبراوی بۆ پێکهاتنی حکومەتەکەی خستە دەست. ئێستا مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەگەر بێتوو خواست و داواکارییەکانی سەدرییەکان لەم حکومەتە تازە بنیاتە دا نەیە دێی، هیچ دوور نیە کە ئەو تاقمە لە حکومەت بکشێنەوە و ئەو وڵاتە تووشت قەیرانێکی دیکە بکەن.

ئێستا کە تاقمی سەدر بوونەتە بەشیک لە پڕۆسەی سیاسی عێراق و لە بڕیارە جارەنووس سازەکاندا خاوەن دەنگێکی کاران، ترسی ئەوە لە ناو سیاسەتوانە عێراقی و بێگانەکاندا هاتووەتە ئاراوە کە ئەگەر بێتوو تاکۆتایی ساڵی ۲۰۱۱ کە بڕیارە هەموو هیزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتە جێ بێڵن، نەتوانن ئەو پڕۆسەیە بە تەواوی جێبەجی بکەن و یان خود بە هۆی ئاڵۆز بوونی بارودۆخی عێراقەوە ئەو هێزانە داوای نویکردنەوەی موڵەتی مانەوەیان لەو وڵاتە دا بکەن، زۆر ئاستەمە کە سەدرییەکان قاییل بن بۆ ماوەیەکی دیکە مۆڵەتی مانەوەی هیزە ئەمریکایی و هاوپەیمانەکان نوێ بکرێتەوە و لەو حاڵەتەدایە کە لەوانەیە کێشەیەکی قووڵ بکەوێتە نێوان ئەو تاقمە و حکومەتی عێراقەوە و بە ئەگەری کشانەوەی سەردییەکان لە کابینە دا ئەو حکومەتە هەرس دێنێت و هەمان سیناریۆ دووپات دەبێتەوە کە تووشی حکومەتی لوبنان بوو. دیارە ئەوە تەنیا یەکێک لەو بیانووانە بێت کە لایەنە گوێ لە مستەکانی ڕژیمی تاران لە عێراق دا بە دەستیانەوە و ڕەنگە ڕادەی هاریکاری حکومەتی ناوەندی لەگەل کورد و مادەی ۱٤۰ کە تایبەتە بە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، بیانوویەکی دیکەی ئەو دەستە و تاقمانە بێت. لە هەر حاڵێکدا ئەو پەلهاویشتنەی حکومەتی تاران هەم کێشە بۆ حکومەت و هەم بۆ گەلی عێراق دەنیتەوە و دوور نیە لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا عێراقیش وەک لوبنان ببێتە مەیدان شەڕی تایەفی و دینی و تاکە براوەش لەو ناوە دا تەنیا ئاخوندەکان و ڕژیمەکەیان دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جانێوێری ۲۰۱۱

## قەیرانی برسیەتی و بێکاری لە ئێراندا و مەترسی دەمڕاستەکانی ڕژیم لە سەرهەڵدانێکی هاوشێوەی تونس

کەسە ناسراوەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی نا کارامەیی و بێ توانایی دەوڵەتەکەی مەحمود ئەحمەدینژاد بۆ ڕیشەکێش کردنی بێکاری و کەم کردنەوەی هەژاری لە وڵات دا بە توندی دەدەنە بەر ڕخنە. ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی دوایی دا بووتە مایەی نیگەرانی زۆرێک لە دەمراستەکانی ڕژیم، ئەو سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانەیە کە لە هەردووک وڵاتی ئەلجەزایەر و تونس لە لایەن لاوانی بیکار و چینی هەژاری ئەو دوو ولاتەوە سەری هەڵدا و سەرئەنجام بووە هۆی ڕوخانی حکومەتەکەی زەین ئەلعابدین بن عەلی، کێشەیەک کە هیچ دوور نیە لە داهاتوویەکی نزیک دا بەرۆکی ئێران و حکومەتەکەشی بگرێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێرانیش وەک هەردووک وڵاتی ناوبراو خاوەن توێژی بەرینی لاو و گەنجی تازە پێگەشتووە کە بەشێکی هەرە زۆری بێکارن و تەنانەت هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش لە داهاتووی ژیانی خۆیاندا بەدی ناکەن.

هەر یەکە لە حەسەن ڕوحانی سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی مەجلیسی دیاری کردنی مەسڵەحەتی نیزام، عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی نوێنەرانی ڕژیم و موسارەزا سەروەتی ئەندامی کۆمسیۆنی بەرنامە و بودجەی مەجلیس لە چەندین لێدوانی جیاواز دا سەرۆک کۆماری ئێران لە هەمبەر دەستەبەر کردنی مەیدانی کار و کەم کردنەوەی بێکاری لە ئێراندا بێ دەسەڵات و لاواز ئەدەنە قەڵەم.

حەسەن ڕوحانی بە بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕەشنووس و ئامارانەی کە حکومەتی ئەحمەدی نژاد لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێژەی بێکاری لە وڵات دا دەیانخاتە روو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی حکومەتی ئیسلامی دا، ڕێژەی بیکاری لە ئێراندا بە پلەی ٣٠% ئاشکرا دەکات. هاوکات موسا سەروەتی دەڵێت کە ئەو ئامارانەی حکومەت فرێ بە سەر ڕاستییەوە نیە و دەوڵەت تێدەکۆشێت کە بە شاردنەوەی ڕێژەی راستەقینەی بێکاری لە ئێراندا، چاوبەست لە خەڵک بکات.

بۆ وێنە بە گوێرەی ئەو پێوانەیەی کە حکومەت بۆ دیاری کردنی ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا بەکاری گرتووە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاتی سەرژمێری، واتە ئەو حەفتەیەی کە خەلکی بێکار ناونووس دەکرا و دەخرایە ناو ئاماری

ئیدارەی دۆزینەوەی کارەوە، بۆ تاکە کاتژمێرێکش کاریان کردبێت، یان لەو کاتە دا لەو جێیانە ئامادە نەبوون وەک بیکار نایەنە ئەژمار. ئەوە جگە لەوەی کە ژنانی ماڵدار، خوێنداکارنی زانکۆ و پەیمانگاکان، بوون وەک بێکار نایەنە ئەژمار و تەنانە نەک بێکار بەڵکوو لە ڕیزی خەڵکانی هەڵسووڕی وڵات دا ئەژمار ناکرێن. لە لایەکی دیکەوە سەربازان وەک بێکار بە حساب نایەن و ئەو کەسانەشی لە گەڕان بە دوای کاردا هیلاک بوون و ئیتر توانای گەڕان بە دوای کاریاندا نەماوە، دیسان لە ڕیزی خەلکانی خاوەن کاردا دێنە ئەژمار.

موسا سەروەتی و لاریجانی سەرۆکی مەجلیس بەرنامەی دەوڵەت بۆ بنیات نانی ئەو پێگە و جێگانەی کە دەبوو لە ماوەیەکی کورت دا کار بۆ لانی کەم ٣ملیۆن و ٢سەد هەزار بێکار بەرهەم بێنن و لە ماوەی ٤ ساڵ دا زیاتر لە ٢٠ ملیارد دۆلاریان بۆ تەرخان کرابوو بە شکست خواردوو ئەدەنە قەڵەم، چونکە لە ماوەی ئەو ٤ ساڵە جگە لەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر پوڵ و بودجە و ئیمکاناتی بۆ تەرخان کرابوو، کاتیکی زۆر و توانایەکی زۆریشی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد، کەچی لە بەرامبەر دا کەمتر٦٠٠ سەزار کەس لە بێکارانی وڵاتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد، کە ئەوانیش ناکرێ بڵێین کە بە تەواوەتی لە بازاڕی کاردا جێیان بووەتەوە.

لەووەتەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەیە ئەوە بۆ جاری یەکەمە کە سێ سیمای ئاوا ناسراو و خاوەن دەسەڵاتی ناو ئەو نیزامە سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا بێنە زمان و کارەکانی حکومەتی ئەحمەدی نژاد بە ناسەرکەوتوو و بێ ئەنجام بدەنە قەڵەم. ئەوەی کە ڕوونە ئەو سێ بەرپرسەی ڕژیمیش لەبەر چاوی جوانی لاوانی بێکاری وڵات نیە کە ئاوا بە ئاشکرا ڕخنە لە دەزگای جێبەجێ کاری وڵات، واتە دەوڵەت و سەرۆک دەوڵەتەکە دەگرن، بەڵکوو بۆ خۆیان باش دەزانن کە دریژە کێشانی ئەو ڕەوتە و قووڵبوونەوەی قەیرانی بێکاری و هەژاری لە ناو چینی هەژار و کەم دەرامەت و لاوانی وڵات دا کێشەی گەورە و قووڵ ڕوبەڕوی حکەمەت و دەسەڵاتی سیاسی وڵات دەکاتەوە.

بە هەر حاڵ نە دیاردەی بێکاری لە ئێراندا دیاردەیەکی تازەیە و نە ئەو کەسانەش یەکەمین کەسن کە لە ئێراندا دەنگی ناڕەزایەتییان بەرامبەر بەو گرفتە گەورەیە بەرز کەنەوە. پێشتریش دەیان پسپۆڕ و لێکۆڵەوەری سەربەخۆ سەبارەت بەو ئامار و ڕەشنووسانەی کە حکومەت دەرحەق بە ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا بڵاو کردووەتەوە، هۆشدارییان دابوو، بەڵام هێندێیان وەک فەریبورزی ڕەئیس دانا کە بەرامبەر بە مەترسییەکانی ئەو دیارەدەیە هوشدار دابووە کاربەدەستانی حکومەت، ئێستا لە بەندیخانە دایە و بە تاوانی نانەوەی ئاژاوە و هاندانی خەڵک

بۆ سەرهەڵدان ئەوا لە بەندیخانە دایە.

لێرە دا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە بۆچی و بە چ مەبەستێک ڕاست لەم کاتە دا دەمراستەکانی ڕژێم مەسەلەی قەیرانی بێکاری لە وڵات دا دێننە بەرباس و وتەکانی سەرۆک کۆمار بە درۆ دەخەنەوە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەم ئەو کەسانە و هەم تەنانەت ڕێبەری ڕژێم خامنەییش لە قووڵایی دڵەوە بەرامبەر بەو کێشەیە نیگارنن و بە وتەی فەرماندەی بەسیج سەردار محەممەد ڕەزا نەقدی، ڕێبەر پێ باشە کە ژووری عەمەلیاتی چارەسەری کێشەی بێکاری شەو و ڕۆژ کراوە بێت و دەبێ لێپرسراوانی وڵات وەک دەورانی شەڕێ هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بۆ چاوەدێری بارودۆخەکە بەردەوام لە ئامادە باشی تەواو دابن.

بە پێچەوانەی جارانەوە ئەم جارەیان ترسی دەمڕاستەکانی ڕژێم بە ڕێبەریشە نەک لە ڕووداوەکانی ناوخۆ، بەڵکوو لەو ڕووداوانەیە کە لە ماوەی ٢ حەفتەی ڕابردوو دا لە هەردووک وڵاتی ئەلجەزایەر و تونس هاتوونەتە ئاراوە و لە ڕاستی دا ڕوخساری سیاسی ئەو دوو وڵاتە، بە تایبەت تونسیان بە تەواوی گۆڕی. کاربەدەستە ورد و درشتەکانی ڕژێم باش دەزانن کە شۆڕشی ئەم جارە ناکرێ تاوان و تۆمەتی سیاسی و ئایینی و شتی لەو بابەتەی بدرێتە پاڵ و ئەوە ئیتر کۆمەڵانی برسی و بێکاری وڵات بە تایبەت توێژی لاوانن کە ڕێکخەر و ڕێبەر ئەو بزوتنەوەیە دەبن. ئەگەر بە وردی سەیری پێکهاتەی هەم حکومەت و هەم کۆمەڵگای هەر سێ وڵاتی ئێران، ئەلجەزایەر و تونس بکەین بە وردی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وێکچوونێکی گەورە بە تایبەت لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی دا لە نێوانیاندا هەیە و ئەو وێکچوونە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کردەوەی هاوشێوەشی بە دوا دابێت، دیارە تەنیا بە یەک جیاوازی کە ئەویش ئەو ئازادی ڕادەربڕی و ئازادییە تاکە کەسیانەیە کە لە هەردووک وڵاتی تونس و ئەلجەزایەر دا هەبوون، کە لە ئێراندا تەنانەت پۆشینی جل و بەرگیش یاساخ و قەدەغەیە. بە ئاوڕ دانەوەیەک لە رابردوو بە وردی بۆمان دەر دەکەوێت کە لە ئێراندا زەمینە بۆ سەرهەڵدانێکی بەرینی کۆمەڵایەتی زۆر لە بارترە لە زۆر جێگای ئەم جیهانە، چونکە خەڵکی ئێران جگە لە کێشەی بێکاریو هەژاری و قەیرانی ئابووری و گرانی، کێشەیەکی سیاسی قووڵیان لەگەڵ دەسەڵات دا هەیە، کە دەکرێ وەک نمونە سەرهەڵدانەکانی جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاوی بێننە بەرباس. زۆر جار هەیە کە تەقینەوە ڕقی پنگ خواردووی خەڵک لە دیاردەیەکی زۆر بچوک و کەم بایەخەوە دەست پێ دەکات، وەک چۆن لە تونس بە خۆسوتاندنی لاوێکی بێکاری دەرچووی کۆلێژ دەستی پێ کرد و بە ڕوخانی حکومەت کۆتایی هات. خۆ ئەگەر لە دوو وڵاتی تونس و ئەلجەزایەر دا کێشە و کەلێنی نێوان خەڵک حکومەت هێندە گەورە نەبوو کە مرۆڤ چاوەڕێی ڕوودان گەلێکی لەو بابەتە بکات، بەڵام بە

پێچەوانەوە لە ئێراندا کێشە و گرفتی نێوان دەسەڵات و خەڵک دەریایەک لە خوێنی بە دوای خۆیدا هێناوە، هەزاران کەس سەریان لەو پێناوە دا کردووەتە قوربانی و هەر ئێستا دەیان هەزار کەس لە لاوانی وڵات لە چاڵە ڕەشەکانی ئەو حکومەتە درۆزنە گەندەڵەدان. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی دا نەک هەر لاوان، بەڵکوو مێرمنداڵان و پیر و پەک کەوتەکانیش نێوان ناخۆشییەکی قووڵ و بنیاتیان لەگەڵ نیزامی حوکم دا هەیە، هەر بۆیە چاوەڕوانی سەرهەڵدانێکی لە چەشنی ئەوەی جەزایەر و تونس، ئەگەر لە کاتی ئێستاش دا نەبێت ئەمرێکی حەتمی و حاشا هەڵنەگرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١١

---

## قەیرانی برسیەتی و بێکاری لە ئێراندا و مەترسی دەمڕاستەکانی ڕژیم لە سەرهەڵدانێکی هاوشێوەی تونس

سەرچاوە: رادیۆ فەردا

دوابەدوای برینی هێلەکانی ئینتێرنێت لە لایەن دەسەڵات دارانی میسرەوە، هەردووک تۆڕی کۆمەڵایەتی گووگل و تویتەر ڕێگەیەکی نوێیان بۆ پەیوەندی گرتنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتە بە تۆڕی جیهانی ئینتێرنیتەوە دۆزییەوە کە لە ماوەی چەند ڕۆژ سەرهەڵدانی خەڵکی میسر دا تا ڕادەیەکی باش توانیویانە لە ڕیگەی تەلەفوونەکانیانەوە، گرتە ڤیدیۆیی و هەواڵی سەرهەڵدانەکان بگەننە هەموو سوچێکی ئەم جیهانە. بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو تاقمێکی زۆر لە هاکەرە شارەزا و بەناوبانگەکانی جیهان لە چوارچێوەی کارێکی هاوبەش دا دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ بەرهەم هێنانی پرۆگرامێک کە لە ڕێگەیەوە خەڵکی دەتوانن لە ڕێگەی کامپیۆتەرێکی ئاساییەوە پەیوەندییەکی بەربڵاو لەگەڵ یەکتر دا پێک بێنن و هەواڵ و ڕێکەوتی خۆپیشاندانەکان بە یەکتری بگەیەنن.

هەوڵی ئەو دەستە لە هاکەرە دژ بە دیکتاتۆرەکان لەوێوە دەستی پێ کرد کە کەسێکی ئێرانی بەناوی ( شەروین

پێشەوەر) لە سەر تۆڕی تویتەر لە ئاگادارییەک دا داوای لە گشت ئەو کەسانە کردبوو کە لە بواری ئایتی دا شارەزاییان هەیە بە هانای خەڵکی راپەڕیوی میسرەوە بێن و لە کۆبەندییەک دا هەوڵی فەراهەم کردنی ئینتێرنێت بۆ لاوانی ئەو وڵاتە بدەن.

حەفتەنامەی (نیوزویک) لە ڕاپۆرتێک دا لەو بارەوە دەنووسێت: بە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو داواکارییەی شەروین لە تویتەر دا پۆلێکی زۆر لە هاکەرە بەناوودەنگەکانی جیهان ئامادەیی خۆیان بۆ هاریکاری ناوبراو دەربڕی و لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا توانیویانە بەرنامەیەک ئامادە بکەن کە لە ڕێگەی لاپتۆپ یان هەر کامپیوتەرێکەوە کە سیستەمی بلوتوس یان هەر وەرگر و گەیەنێرێکی بێ تەلی تیدا بێت، دەتوانن کۆمەڵێکی زۆر کامپیۆتەر بەیەوەکەوە پەیوەندی بدەن و بابەت، فیلم و هەواڵەکانیان لەو ڕێگەیەوە بگەیننە دەست یەکتری. شەروین پێشەوەر کە خۆی لە بواری وەبەر هێنانی ئینتێرنێتی دا کار دەکات و داراییەکی باشی لەو بوارە دا خستووەتە گەڕ لەو بارەوە بە نیۆزویک دەڵێت: لە ڕاستی دا ئەو پڕۆژەیە هەوڵێکی گەورەیە بۆ ئازاد کردنی گەیەنەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دەست دیکتاتۆرەکان. ناوبراو دەڵێت ئیمە هەوڵێکی زۆرمان دا تا بگەینە ئەنجامێکی باش و ئەوەی کە دەمانویست ئێستا هاتووەتە دێی. لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو دا ئەو بەرنامەیە بەرهەم دێت و هەوڵ دەدەین کە لە ڕێگەی سی دی یان هەر ڕێگەیەکی دیکەوە بێت بیگەیەنینە ناو میسر و بە ناو خەڵک دا بڵاوی بکەینەوە. پێشەوەر دەڵێت: پڕۆگرامەکە بە جۆرێکە کە هەموو کامپیۆتەرەکانی نزیک لە یەکتری لە ڕێگەی ئەو پڕۆگرامە بچووکەوە بە بێ بوونی ئینتێرنێت بەیەکەوە پەیوەندی دەگرن و بەو شیوەیە دەکرێ تۆڕێکی بەرینی پەیوەندی بەرهەم بێت. تەنانەت ئەگەر یەکێک لە کامپیۆتەرەکانیش لە کار بکەوێت یان بکەوێتە دەست نەیار، ئەوا ئەوانی دیکە کاری خۆیان دەکەن و تەنیا بەسە یەک دانە لەو تۆرە بەرینە دا پەیوەندی بە ئینتێرنێتەوە بگرێت، ئیتر دەتوانێ گشت کامپیۆتەرەکانی ناو ئەو هێڵە بە تۆڕی ئینتێرنێتەوە ببستێتەوە.

ئەو تۆڕە بێ سنووورە ناوی نراوە ( تۆڕی ئازادی) و خاوەنەکانی کە لە دەیان هاکەر و کەسانی شارەزا لە بواری ئایتی دا پێک هاتوون، دڵخۆشی خۆیان لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە گرینگە دەربڕیوە.

هەفتەنامەی نیۆزویک لە بەشیکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بە هەوڵی تویتەر و گووگل سەبارەت بە بەرهەم هێنانی سیستەمێک دەکات کە خەڵکی میسر لە ڕێگەیەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن بە تەلەفوونی مۆبایل یان تەلەفوونی ماڵەکانیانەوە پەیوەندی بە تویتەرەوە بکەن و بە دووان و قسە کردن پەیامەکانیان بنێرن و پاشان

تویتەر لە ڕێگەی پڕۆگرامێکەوە ئەو وتانە دەکاتەوە بە نووسین لە سەر هێڵەکانی بە خوێنەرانی خۆی دەگەیەنێت. دوابە دوای بانگەوازەکەی شەروین پیشەوەر لە تویتەر دا، یەکێک لەو کەسانەی کە زوو بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە هات « گێری جەی برۆکس » لێپرسراوی تۆڕێکی زۆر پێشکەوتووی ئینتێرنیت لە ئیالەتی میشیگانی ئەمریکا بوو. برۆکس بە دانانی پێگەیەکی ئینتێرنیتی لە ماوەیەکی کەم دا توانی کۆمەڵێکی زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری کامپیوتەری هەموو جیهان لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵێک لە شارەزایان و موهەندیسەکانی ناوخۆی میسریش دا پەیوەندی بگرێت. گێری جەی برۆکس،یش لە بەرهەم هێنانی ئەو بەرنامەیە زۆر دڵخۆشە و دەڵێت لە ماوەی ٢٤ تا ٤٨ کاتژمێر داهاتوو دا کارەکەمان دەگاتە ئەنجام و دەتوانین ئەو پڕۆگرامە پێشکەش بە خەڵکی راپەڕیوی میسر بکەین.

نیۆزویک لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا ئاماژە بە بەپیرەوە هاتنی کۆمەڵێکی دیکە لە شارەزایان و پسپۆڕانی کەنەدایی بۆ بانگەوازەکەی شەروین پیشەوەر دەکات و دەنووسێت: کۆمەڵێک لە شارەزایانی کەنەدایی ئامادەیی خۆیان بۆ هاریکاری ئەو ئەرکە گرینگە دەربڕیوە و کەرەستەیەکیان پێشنیار کردووە کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە ئینتێرنێت بە سەر هەموو جێییەک دا بڵاو بکرێتەوە. یەکێک لەو پسپۆرانە لەو بارەوە دەڵێت: ئەو ئامێرە بچووکە وەک ڕاوەتەرێکی ئینتێرنێتی وایە کە دەکرێ لە کۆڵە پشتی یان لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا جێگیر بکرێت و بە شێوەی گەرۆک بە ناو شارەکاندا بگەڕێت. ئەو ئامێرە تەنیا هێندەی پێویستە کە هێڵێکی ئینتێرنێتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، ئیتر بۆ خۆی دەبێتە پێگەیەکی زۆر گەورە و دەتوانێت ئینتێرنێت بە سەر ناوچەیەکی زۆر بەرین دا بڵاو بکاتەوە. کاری ئەو ئامێرە بە شێوەیەکە کە هیچ کەس و لایەن و حکومەتێک توانای قۆرغ کردن و قەدەغە کردنی نیە و بێ گوێ دانە بەربەست و فیلتەرەکان ئینتێرنێت دەگەیەنێتە هەموو ئەو جێگانەی کە پیادا تێدەپەڕێت. سەبارەت بەو ئامێرە بچووکانە پیشەوەر دەڵێت پێویستمان بە نزیکەی ١ میلیۆن دۆلار هەبوو، بەڵام بە خۆشییەوە سەرمایەدارێکی خێرخواز ئەرکی بەرهەم هێنانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو دا ئەو ڕاوتەرانە ئامادە دەکرێن و بەرەو جێی مەبەست دەنێردرێن.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا نیۆزویک دەنووسێت: رەنگە تا کاتێک کە ئەو ڕاوتەرانە بەرهەم دەهێندرێن و بەرەو میسر دەنێردرێن لەوانەیە ئینتێرنێتی ئەو وڵاتە ئاسایی ببێتەوە یان حکومەتی موبارەک بڕوخێت، بەڵام شەروین پیشەوەر دەڵێت سەرەڕای ئەوەش من هەر بە نیازم ئەو ئامێرانە بەرهەم بێنم چۆنکا تێکۆشەران و ئازادیخوازانی ناوچەکە و وڵاتانی دیکەی جیهان کە حکومەتەکانیان دیکتاتۆر و چەوسێنەرن پێویستیان بەو کەرەستانە دەبێت. بۆ

وێنە وڵاتانی سوریە، ئێران و یەمەن کە بە دەست حکومەتە دیکتاتۆرەکانیانەوە گیرۆدە بوون لە داهاتوو دا پێویستیان بەو شێوازە پەیوەندی گرتنانە دەبێت و بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە لە هەوڵی چارەسەری ئەو کێشانە دا بین با خەڵکی ئەو وڵاتانەش تووشی کێشەیەکی وەک ئەوەی خەڵکی میسر نەبن.

شەروین پیشەوەر لە دایک بووی ئێرانە و تەمەنی ٣٦ ساڵە. ناوبراو دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە ئەمریکا و بڕوانامەی موهەندیسی کامپیوتەری لە زانکۆی بێرکلی کالیفۆرنیا بە دەست هێناوە. ناوبراو دەڵێت من لە کاتی منداڵێم دا لە ئێران تامی تاڵی سەرکوت و شەڕم چەشتووە و هەر بۆیە ئاواتە خوازم هەتا زیندووم شاهیدی ڕوخانی گشت دیکتاتۆرەکانی جیهان بم. دیارە ئەوە بۆ من جێی خۆشحاڵییە کە هەزاران موهەندیس و هاکەری گەورەی جیهان لەگەڵم هاوڕان و ئامادەن لە ڕوخانی دیکتاتۆرەکانی جیهاندا هاوڕێ و هاوهەنگاوم بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١١

---

## شەڕی نێوان مەکتەبی ئیسلام و مەکتەبی ئێرانی، شەڕێک کە پێکڵەکانی نیزامی ئیسلامی دەخاتە لەرزە

لە کاتێکدا کە هێشتا پشووی سواری کاربەدەستانی نیزامی ئیسلامی لە ترسی ڕووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو ئاسایی نەبووەتەوە، دەمڕاستەکانی تاقمی ئوسوڵگەرایی ناو مەجلیسی ڕژیم هۆشداری سەرهەڵدانی کێشەیەکی گەورەتر لەوە پێشوو دەدەنە کاربەدەستان و دەسەڵات بە دەستانی حکومەت. محەممەد ڕەزا باهونەر یەکێک لە ئەندامانی بنیات گەرا و بن ئاژۆی ناو مەجلیسی ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەیەوکی لەگەڵ تاقمێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی موئتەلیفەی ئیسلامی سەرانسەری وڵات بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی دەیەمین دەورەی سەرۆک کۆماری ئێران، هۆشداری دایە کاربەدەستانی حکومەت کە ئەگەر وریا نەبن ئەم جارەیان لەگەڵ کێشەیەکی گەورەتر لەوەی پێشوو بەرەوڕوو دەبنەوە. باهونەر بە تیشک خستنە سەر سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە و بێ هێزی بزووتنەوە سەوز لەو بواری هێنانە سەرشەقامی خەڵک وەک ڕۆژانی

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە وتی: ئیسڵاحخوازان و تاقمی فتنە گێر، تەواوی تواناکانی خۆیان تاقی کردەوە و ئیتر هێدی هێدی خەریکی چۆڵکردنی مەیدانەکەن، بەڵام هاوکات تاقمیکی دیکە کە لە ڕاستی دا خۆیان بە لایانگری سەرسەختی نیزام و ئوسوڵ و یاساکانی نیزام دەزانن خەریکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنن و ئەو کەسانەی لە گروپە نوێیەدان لە ناو دڵی تاقمی بنیات گەراوە سەرهەڵدەدەن.

ئەو وتانەی باهونەر ئاماژەیەکە بەو کەسانەی کە لە ناو تاقمی بن ئاژۆ و بنیات گەرای ڕژیم دا خوازیاری ئەوەن کە لە جیاتی مەکتەبی ئیسلامی لە کاروباری ڕۆژانە و تەنانەت یاسا دانانیش دا، یاسا و ڕێساکانی مەکتەبی ئێرانی بەکار بێت و لە جیات وشەی ئێرانی ئیسلامی، وشەی ئیسلامی ئێرانی بکەوێتە سەر زاران.

ناوبراو لە بروایە دایە کە ئەگەر تاقمی ئیسڵاحخواز دژایەتی ئاشکراو ڕاستەخۆیی نیزام و ڕیبەریان دەکرد، ئەوا ئەم تاقمە نوییە کە خەریکی سەرهەڵدان و ئاشکرا بوونن، راستەخۆ تەواوەتی نیزامی ئیسلامی بە ناو و یاسا و ڕێساکانیەوە دەخەنە ژێر پرسیار و تەنانەت داوای گۆڕینی ناوی نیزامی ئیسلامی بۆ نیزامی ئێرانی دەکەن، داوایەک کە ئەگەر بێت و بۆیان بێتە دی ئیتر ئاسەوارێک لە ئیسلامی نابی محەممەدی و ئسلامی ڕەسەن نامێنێت و دەبێ ئێمەش بارگە و بنەمان تێک نێین و ئەو ئاغایانە دەسەڵات بگرنە دەست.

با هونەر کە سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی موهەندسینیشە، لە وتەکەیدا دا پەنجە دەخاتە سەرداواکارییەکانی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە بنیات گەرا دەزانن و بۆ بەناو پاراستنی شەخسیەت و گەورەیی ئایینی ئیسلام و پشتگیری لە ویلایەت، دوژمنایەتی خۆیان بۆ ڕێبەر و نیزامی ئیسلامی ئاشکرا دەکەن. ئەو پێی وایە کە فیتنە چەندین سەر و لایەنی هەیە و ناکرێ تەنیا ئەو کەسانەی بە فتنەگێر ناوببرێن کە دوای دەورەی دەیەمی هەڵبژاردنەکان خەڵکیان دژ بە نیزامی ئیسلامی هاندا، بەڵکوو کەسانێکی دیکەش هەن کە لە ناو دڵی نیزامی ئیسلامی دا و بە هەراوهوریا سازکردن ناوی خۆیان ناوە ئوسوڵگەرا و خەریکن لە ڕەگەوە بنیاتی نیزامی ئیسلامی ڕاستەقینە لە وڵات دا ئەبڕنەوە و بە جێگیر کردنی مەکتەبی ئێرانی لە جیاتی مەکتەبی ئیسلامی ڕسواییەکی زیاتر لەم وڵاتە دا بەرپا دەکەن.

ماوەی چەند مانگێکە کە کاربەدەستە ڕاست ئاژۆ و بنیاتگەراکانی ڕژیمی ئیسلامی سەبارەت بە سەرهەڵدانی تەوژمێکی دیکەی بە وتەی ئەوان فیتنە، بەڵام ئەم جارەیان لە ناو دڵی تاقمی بنیاتگەرا دا هۆشداری دەدەن و

لەو نێوانەش دا پەنجەی تاوان بۆلای کەسانی نزیک لە مەحمود ئەحمەدی نژاد بە تایبەت ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی ڕاوێژکاری یەکەمی سەرۆک کۆمار و بەرپرسی دەفتەری سەرۆک کۆماری ئێران ڕادەکێشن. ئەوانە لەو بڕوایە دا کە مەشایی و کەسانی دەوروبەری بە هێنانە بەرباسی مەکتەبی ئێرانی و جێگیر کردنی لە جێی مەکتەبی ئیسلامی، بیرۆکەی لیببرالی لە ناو دەسەڵاتی ئیسلامی دا پەرە پێ دەدەن کە ئەوە ڕاستەوخۆ بەرۆکی یەکە بە یەکەی لایانگرانی ئیسلامی ڕاستەقینە دەگرێتەوە.

تاقم و گروپە توندڕەوەکانی ناو مەجلیس و حکومەتی ئیسلامی مەشایی بەوە تاوانبار دەکەن کە بە هێنانە بەرباسی مەکتەبی ئێرانی لە بەرامبەر مەکتەبی ئیسلام لە کۆبوونەوەی ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات و پێک هێنانی دەیان ڕیکخراو و کۆمەڵەی جۆراوجۆر، ڕیگەی بۆ سەرهەڵدانی فکری لیبرالی و دووکەرت کردنی بیرۆکەی راستەقینەی ئیسلام لە ئێراندا خۆش کردووە و ئێستاش بە کەڵک وەرگرتن لەو پۆستەی کە بە دەستی هێناوە، دەیەوێت بە بەخشینەوە پۆڵ و پارە بە سەر خەڵک دا ڕێگە بۆ گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دەورەی نۆیەمی مەجلیسی ئیسلامی خۆش بکات و لەو ڕێگەیەوە بە دەست هێنانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لە دەورەی داهاتوو دا بۆ خۆی مسوگەر بکات.

سەیر لەوە دایە کە ئەو کێشەیە تەنیا لە ناو دەسەڵات بە دەستە بێ چەکەکانی نیزام دا نەماوەتەوە و تەنانەت ترسی لە دڵی فەرماندەکانی سپای پاسدارانیش دا هێناوەتە ئاراوە.

هەر لەو پەیوەندییە دا ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە فەرماندەکانی سپا بە ناوی سالار ئابنوش کە فەرماندەیی هیزەکانی سپا لە ناوچەی قەزوێنی لە ئەستۆیە بە ئاشکرا مەترسی خۆی لەو دەنگۆیانە دەربڕیبوو. ئەو سەردارەی سپا بە دانی بەوە دا ناوە کە ئەگەر بیتوو بە وتەی مەجلیسی داهاتوو مەجلیسی ساخ و سالم نەبێت ئەوا ساڵی ١٣٩١ کیشەیەکی دیکە سەر هەڵئەدات و ئەم جارەیان کێشەکە زۆر خوێناوی دەبیت چونکە ئیتر ئەم جارە ئەوە خۆمانین کە یەکتری دەکوژین. ئاماژەی ئەو سەردارەی سپا بە شەڕی خویناوی ئەوەیە کە تاقمێکی زۆر لە فەرماندەکانی سپای پاسداران و بەسیج ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە ئەحمەدی نژاد و ڕەحیم مەشایی دەکەن و هەر چەشنە کەرت بوون و دووبەرکییەک لە نێوان فەرماندەکانی سپا دا کارەساتێکی قەرەبوو نەکراوە بۆ نیزامی ئیسلامی بە دوا خۆیدا دێنیت، چونکە ئەوە سپای پاسدارانە کە تاکوو ئیستاشی لەگەڵ دا بێت ئەو نیزامە و دامودەزگاکانی لە سەر پێی خۆی ڕاگرتووە.

لە لایەکی دیکەوە حەبیبوڵا عەسگەرئەولادی سەرۆکی بەرەی پێڕەوانی خەتی ئیمام و ڕێبەری حەفتەی ڕابردوو ئاشکرای کرد کە خودی خامنەیی بە نیازە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی داهاتووی مەجلیسی ڕژیم لیستەیەک لەو کەسانەی کە لە لایەن خۆی و کەسانی دەوروبەرییەوە پەسند دەکرێن ئامادە بکات و جگە لەو کەسانە هیچ پاڵێوراوێکی دیکە مافی گەیشتن بە کورسییەکانی مەجلیسی نەبێت. ناوبراو بە ئاماژە بە دڵگرانی ڕیبەری ڕژیم سەبارەت بە ناکۆکییە نیوخۆییەکانی تاقمی بنیاتگەرا لە ناو خۆیاندا، دەڵێ: خامنەیی بە هەمووانی ڕاگەیاندووە ئەگەر کێشەیەکتان هەیە با لە نێو خۆتاندا بیت و مەهێڵن بگاتە نیو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە و خەڵکی دەرەوە پێی بزانیت.

وا بڕیارە هەڵبژاردنەکانی دەورەی داهاتوو مەجلیسی ڕژیم لە کۆتاییەکانی ساڵی داهاتووی ئێرانی دا دەست پێ بکات و مانگی جۆزەردانی ساڵی دواییتر کۆتایی پێ بێت. هەرچەندە زۆرینە لە مەجلیسی ئێستا دا بە دەست بنیاتگەراکانەوەیە بەڵام بە وتەی چاوەدێرانی سیاسی ڕەنگە لە دەورەی داهاتووی مەجلیس دا ئەو تاقمە توندڕەوانەش ببنە دوو بەش و بە تایبەت تاقمی لایانگری ئەحمەدی نژاد ڕێزەکانی خۆیان لەو لایانگرانی خامنەیی و حەوزەی عیلمییەی قوم جیا بکەنەوە و ڕکەبەرییەکی توند لە نێوان ئەو دوو تاقمە دا بیتە ئاراوە، چونکا هەر لە ئێستاوە بەشێکی زۆر لە دەمڕاستەکانی ڕژیم لە سەر ئەو بڕوایەن کە پێش بە بەشداری لایانگرانی ئیسلاحخوازی و بزووتنەوە سەوز لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دا بگیرێت.

بە پێچەوانەی خامنەیی، بەشێکی بەرچاو لە ئوسوڵگەرایانی بن ئاژوو لەو بڕوایە دا کە دەبێ داهاتووی مەجلیسی نوهەم لە لایەن هەردووک جامیعەی مودرسینی حەوزەی عیلمییە قوم و جامێعەی ڕۆحانیەتی موبارز دیاری بکرێت و ئەوە ئەوانن کە دەتوانن لە سەر یەکە بە یەکەی بەربژێرەکان بڕیار بدەن و لیستێکی بەرایی ئامادە بکەن.

ئەوە کە دیارە ئەوەیە کە ئەگەر تاقمی ئیسڵاحخوازی ناو نیزامی ئیسلامی ئێران چ دەورانی دەسەڵات بە دەستیان و چ ئەم دواییانەی کە وەک بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر خامنەیی و دارو دەستەکەیدا خۆیان راست کردووەتەوە نەیانتوانی چۆک بە دەسەڵاتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێبەر و دەوروبەکەی دابدەن، بەڵام ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەنگە ئەحمەدی نژاد و تاقمەکەی بۆ مانەوە لە سەر دەسەڵات کیانی نیزامی ئیسلامی کە خۆی لە بەتی ڕێبەری و حەوزەی عیلمییەی قوم دا دەبینیتەوە بخەنە لەرزە و پێکڵەکانی ئەو نیزامە لەق بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١١

# هەوڵەکانی کومیتەی پشتگیری لە کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل خەریکە دەگاتە ئەنجام

سەرچاوە: بەشی فارسی بی بی سی

تاقمێک لە نوێنەرانی پارلەمانی نۆروێژ پشتگیری خۆیان بۆ بەربژێر کردنی محەممەد سدیق کەبوودوەند، بەندکراوی سیاسی کورد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەربڕیوە و ناوبراویان وەک بەربژێری وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بە کومیتەی دابەش کردنی نۆبێل ناساندووە. داواکاری بۆ بەربژێر کردنی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل سەرەتا لە دێسامبری ساڵی ٢٠١٠ی زایینی و لە لایەن بنەماڵەی ناوبراوەوە پێشنیار کرا. دوابەدوای ئەو داواکارییە تاقمێکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی و داکۆکارانی مافەکانی مرۆڤ پشتگیری خۆیان بۆ بنەماڵەی کەبودوەند دەربڕی.

ئەو تاقمە چالاکوانە سەرەتا بە وەڕێختنی کەمپینێک لە ژێر ناوی بەربژێری کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پێویست سەبارەت بە کەبوودوەند و ناردنی بۆ وەرگرانی پێشووی ئەو خەڵاتە و نوێنەرانی پەرلەمانی نۆرێژ، کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی جیهان، مامۆستاکانی زانکۆ و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، دۆسییەیەکی تایبەتیان بە ناوبراو لە کومیتەی ئاشتی خەڵاتی نۆبێل کردەوە.

محەممەد سدیق کەبوودوەند ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لە لایەن دامودەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر کرا و پاش یەک ساڵ مانەوە لە زیندان، بە تاوانی بڵاو کردنەوەی هەواڵی درۆ و بۆختان هەڵبەستن بۆ کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی و شێواندنی دۆخی وڵات لە ژێر ناوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و هەروەها چەندین تۆمەتی دیکە، سزای ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە و ئێستا لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران ماوەی سزاکەی تێپەڕدەکات.

نوێنەرێکی پارلەمانی نۆروێژ بە ناوی ئاکس هارگن کە سەر بە پارتی سوسیالیستی چەپە، یەکێک لە هاریکارانی سەرەکی کومیتەی کەبوودوەند بووە کە گشت بەڵگەنامەکانی پەیوەندی داری ڕادەستی کومیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل

کردووە. ناوبراو لە وتووێژێک دا لەگەڵ بەشی فارسی ڕادیۆ بی بی سی دەڵێ: مەسەلەی بەربژێر کردنی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل هەلێکی باشی بۆ ئێمە ڕەخساند کە لە ڕێگەیەوە پێداچوونەوەیەک بە دۆزی گەلی کورد دا بکەین.

هارگن لە درێژە دا دەڵێ: هەڵبەتە بۆ ئێمە لەو دۆخەی ئێستا دا گرینگترین شت لە پلەی یەکەم دا ئەوەیە کە بتوانین یارمەتی دۆزی خودی کەبوودوەند بدەین کە ئێستا لە دۆخێکی نالەبار دایە و تووشی کێشەیەکی گەورە بووە، چونکە لە ئێستا دا خەڵکانێکی زۆر وەک ڕۆژنامەنووسان، گۆڤار و دەزگاکانی ڕاگەیاند و دیان کەسایەتی سیاسی لە نزیکەوە لەگەڵ ڕەوشی نالەباری ناوبراو ئاشنایەتییان هەیە. هاوکات ئەو بارودۆخە زەمینەیەکی لە بار بۆ ئێمە دێنیتە ئاراوە کە ئاوڕێکی گشتی لە دۆزی گەلی کورد بدەینەوە.

گۆڵالە شەرەفکەندی یەکێک لە ئەندامانی کەمپەینی پشتگیری لە بەربژێری کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لەو بارەوە دەڵێ: ١٢ی دێسامبری ٢٠١٠ی زایینی بنەماڵەی کەبوودوەند لە نامەیەک دا بۆ چەندین کەسایەتی ناسراوی وەک دالای لاما، نێلسۆن ماندێلا، ئانگ سان سوچی، شیرین عێبادی و باراک ئۆباما، وێڕای ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای دۆخی نالەباری کەبوودوەند، داوایان کردبوو کە ناوبراو وەک بەربژێری وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ بە کومیتەی ئەو خەلاتە بناسێنن. هاوکات من و چەندین چالاکوانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ گەشتینە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ دەنگی ئەو بنەماڵەیە بگاتە گوێی خەڵکی جیهان. خاتوو شەرەفکەندی لە درێژە دا وتی: تەنیا بیانوویەک کە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە تاوان ناوی دەبرێ و کەبوودوەند ئێستا بە هۆیەوە لە زیندان دایە، بنیات نانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و پڕۆپاگەندە دژ بە نیزامی ئیسلامییە. ئەو پڕۆپاگاندەی کە ناوبراوی لە سەر حوکم دراوە بریتییە لەو نامە و راپۆرتانەی کە کەبوودوەند لە سەر پێشێل کارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە کوردستاندا، بۆ کۆفی عەنان،ی سەرۆکی ئەو کاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناردوون و جگە لە باس لە سەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ هیچ شتێکی دژ بە یاسایان تێدا بەدی ناکرێ. هەموو ئەو ڕاپۆرتانە وەک تاوان بۆ ناوبراو بە حساب هاتوون.

شەرەفکەندی لە درێژە دا دەڵێ: بە سەرنج دان بەوەی کە خاتوو شیرین عیبادی وەک کەسێکی ئێرانی ساڵی ٢٠٠٣ ئەو خەڵاتە پێ برا، ئێمە لە بەرامبەر دا کەبوودوەندمان وەک مرۆڤێکی کورد بۆ ئەو خەڵاتە بەربژێر کردووە، چونکە پێمان وایە کە کورد بوونەکەی هاریکارییەکی باشی دۆخەکەیە و شانسێکی زیاتری دەداتێ.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا هەم بنەماڵەی کەبوودوەند و هەم چالاکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە دۆخی نالەباری ناوبراو لە زیندان دا هۆشدارییان داوە و ئاشکرایان کردووە کە باری جەستەیی لە بەندیخانە دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە خراپییە.

پەریناز حەسەنی،ی هاوسەری محەممەد سدیق کەبوودوەند سەبارەت بە دۆخی ناوبراو لە زیندان بە بی بی سی ووت: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا ٣ جار تووشی سەکتەی ناتەواوی دڵ و مێشک بووە. مانگی خەزەڵوەری ڕابردوو بە بێهۆشی گواستبوویانەوە بۆ نەخۆشخانەی زیندان و بە پێی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان لایەکی لەشی بە تەواوی لە کار کەوتبوو و تەنانەت بینایی چاوێکیشی لە دەست دابوو.

پەریناز لە درێژە دا دەڵێ :لە ڕاپۆرتی ئەو دکتۆرەی کە چاوەدێری کردبوو نووسرابوو شارەگەکانی دڵی تەنگ بوونەتەوە و دەبێ بە زووترین کات نەشتەرگەری بۆ بکرێ و هەروەها نووسرابوو کە ناوبراو تووشی پرۆستات بووە و دەبی نەشتەرگەری بە پەلەی بۆ بکرێ، بەڵام بە داخەوە تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ وڵامێک لە لایەن دادوەرییەوە بەو داوایانە نەدراوەتەوە و دەسەڵاتداران هیچ کارێکیان بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە نەکردووە.

هاوسەری کەبوودوەند لە درێژە دا دەڵێت: لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا ئیزنیان پێ نەدراوە ئەو و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی و کەس و کاری ڕاستەخۆ چاویان بە یەکتری بکەوێت و دیدارەکان تەنیا کابینی بووە. هەروەها لە ماوەی ئەو ٤ ساڵە دا کە کەبوودوەند لە بەندیخانە دایە نەیتوانیوە کەڵک لە مەرەخسی وەرگرێت و وەک بەندکراوەکانی دیکە سەردانی ماڵ و منداڵەکەی بکات.

پێویست بە ئاماژەیە کە ساڵی ڕابردوو براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل ( لیۆ شیاباو،ی) چالاکی سیاسی چینی بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە بەندیخانە دا بوو نەیتوانی لە ڕێوڕەسمی دابەش کردنی ئەو خەڵاتە دا ئامادە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١١

# دەستێوەردانی ڕژێمی ئێران لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبی کەندوا و هەڵوێستی ئۆپۆزێسیۆنی عەرەب

سەرەڕای هات و هوریای کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ بە ناو سەرکوتی شێعەکانی وڵاتی میرنشینی بەحرەین،بەڵام خەڵکی ئەو وڵاتەش وەک میسرییەکان داوا لە کاربەدەستانی ڕژێمی تاران دەکەن کە خۆ لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەیان وەرنەدەن و لێیان گەڕێن با هاووڵاتیانی بەحرەینی بە شێعە و سوننەوە کێشەکانیان لەگەڵ دەسەڵات دارانی وڵاتەکەیاندا چارەسەر بکەن.

لەو پەیوەندییە دا ئەندام پارلەمانێکی بەحرەینی بە ناوی جاسم حسێن عەلی، کە هاوکات وەک یەکێک لە ڕێبەرانی بەرەی ویفاق، واتە سەرەکیترین گروپی شێعەی بەحرەین دێتە ئەژمار، و جینو عەبدۆ کارناس لە بواری کاروباری ئێران، ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو پرسە هێناوەتە زمان. ئەو کەسە لەو دەڵێن: کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی وا بیردەکەنەوە کە شێعەکانی بەحرەین چاوەڕێی هاریکاری و یارمەتی وڵاتی دراوسێیان واتە ئێرانن، ئیتر بێ خەبەر لەوەی کە بەحرەینییەکان بە شێعە و سوننەوە داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکەن کە دەست لە کێشەکانی وڵاتەکەیان وەرنەدەن و خۆیان لە تێ هەڵقورتاندن لەو کێشانە کە بە تەواوی ناوخۆیی بپارێزن. ئۆپۆزێسیۆنی شێعەی بەحرەین داوای گۆڕانگاری لە نیزامی پاشایەتی وڵاتەکەیاندان، نەک گۆڕینی پاشا و سیستەمی دەسەڵات بۆ کۆماری. ئەوان دەیانەوێت کە وڵاتەکەیان پاشایەتییەکی بە مەرج بێت وەک چۆن لە زۆر ولاتی ڕۆژئاواییش دا مەوجودە.

بەشێکی دیکە لە خواستەکانی ئۆپۆزێسیۆنی شێعەی بەحرەین خۆی لە تەوەرێکی سەرەکی دا دەبینێتەوە کە بریتییە لە: پێک هێنانی حکومەتێکی هاوبەش و هەڵبژێردراوی هەموو کۆمەڵانی خەڵک، ئازادی ڕاگەیاند و چاپەمەنی، هەڵگرتنی جیاوازی لە دابەش کردنی پۆست و پلە حکومەتییەکاندا و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان شێعە و سوننە داو دابەش کردنی داهاتی وڵات بە شێوەیەکی عادیلانە.

لە لایەکی دیکەوە و بە وردبوونەوە لە کاردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لە بەرامبەر کێشەکانی لیبی دا و بێدەنگییان لە هەمبەر سەرهەڵدانی گەلی بەحرەین، ئۆپۆزیسیۆنی شێعە گەش هەولەکانی خۆی بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرەی

حکومەتی ئێران خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لانی کەمی پەشتگیری وڵاتانی جیهان و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆلای کێشەکەیان ڕاکێشن. تەنانەت دوو حەفتە لەمەبەر ( شێخ عەلی) سکرتێری گشتی بەرەی ویفاق ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەوان خوازیاری دامەزراندنی نیزامێکی شێعەی وەک ئەوە ئێران نین.
سەرەڕای هەموو ئەوانەش بەلام حکومەتی ئێران بە ناردنی کەسانی کرێگرتەی خۆی بۆ ناو ڕیزی خۆپیشاندەران، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە کە جڵەوی ڕوداوەکان بگرێتە دەست و یان لانی کەم ئەگەر هاتوو تێک هەڵچوون و شەڕێک لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایش دا ڕوویدا، ئەوا ئەو کەسە کرێ گرتانە لە پاڵ برا شێعەکانیاندا شەڕ بکەن و قڕ بخەنە هێزەکانی حکومەت.

ئەو دوو چاوەدێرە عەرەبە لە درێژەی وتەکانیاندا دەڵێن: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەحرەین خاوەن یەکێک لە پێشکەوتووترین بزوتنەوەکانی ناوچەکەیە و ئەو بزوتنەوەیە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا نەهاتووەتە ئاراوە، تاکوو لەگەڵ ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی گرێ بدرێت، بەڵکوو ئەو بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەربەخۆیی وڵاتی بەحرەین لە ساڵی ١٩٧١ی هەتاوی دا، دیارە خۆ حاشا لەوەش ناکرێت کە ڕەنگە کارتێکەری سەرهەڵدانەکانی ئەو دواییانەی وڵاتانی میسر و تونس و لیبی بە سەرەوە بووبێت.

ئەو دوو لیکۆڵەوەرە عەرەبە لەو بڕوایە دان کە ڕژیمی تاران لە هەوڵی ئەوە دایە کە ناردنی هێزی سەربازی شانشینی عەرەبستانی سعودی بکاتە بیانوویەک بۆ دەستێوەردان لە کێشەکانی بەحرەین و لەو لاشەوە بە هاندنی شێعەکان، کێشەی بەینی دوو تایەفەی شێعە و سوننەی ئەو وڵاتە قووڵتر بکاتەوە. ئەوان دەڵێن هەرچەندە ناردنی هێز لە عەرەبستانەوە هەڵەیەکی گەورە بوو کە هەردووک دەوڵەت کردیان، بەلام هێشتا ناردنی ئەو هێزانە چونکا لە سەر داوای حکومەت و دەسەڵاتدارانی بەحرەینەوە و بووە پاساوێکی بۆ دەبیندرێتەوە، بەلام دەستێوەردانەکانی ئێران و بە وتەیەکی دیکە خۆ بە قەیوم کردنی ئەو وڵاتە بۆ شێعەکانی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، چونکە هەم لە لایەن حکومەت و هەم لە لایەن ئۆپۆزێسیۆنەوە ڕەت کراوەتەوە، بە دەستێوەردانێکی نابەجێ و خۆسەپێنانەی دێتە ئەژمار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١١

## نرخی پێداویستییەکانی خەڵک لە ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرانتر دەبن

بە پێی دوایین راپۆرتی فەرمانگەی ئامار و ڕەشنووسی بانکی ناوەکی ئێران، لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوەییەوە تاکوو ئێستا نرخی بەشیکی بەرچاو لە خواردەمەنییەکان ٢٥% زیادی کردووە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە نرخی هێندێک خواردمەنی وەک هێلکە زیاتر لە ٦،٩٧ لە سەد گرانتر بووە و لەویش گرانتر سیوی سوورە کە زیاتر لە ١١١لە سەد نرخەکەی چووتە سەر، ئەوە جگە لە سیوی سپی کە زیاتر لە ٨،١٠٦% گرانتر بووە.
لەو ڕاپۆرتە دا هەڵسەنگاندنێک لە نێوان نرخی کەلوپەل و پیداوسیتیەکانی خەڵک، بە تایبەت خواردن، لە نێوان مانگەکانی خاکەلیوەی ساڵی ١٣٨٩ و ئەم ساڵ دا کراو کە بەرزبوونەوەیەکی لە ڕادەبەدەریان بە خۆیانەوە بینیوە.

بەو پێە نرخی میوە ٥،٤٣%، نرخی وشکە ٥،٢٨%، نرخی ڕۆن ٥،٢٥%، سەوزی ٣،٢٠%، برنج ٤،١٣% و گۆشتی مریشک ٦،١٢% گرانتر بوون. ئەوە جگە لە قەند و شەکر و گۆشتی سور و شیرەمەنییەکان هەر یەکەو بە گوێرەی خۆی لە نێوان ٧ تا ٩ لە سەد گرانتر بوون.

لە گشت ئەو خواردەمەنییانەی کە پێداویستی ڕۆژانەی هاوولاتیان پێک دێنن، تەنیا پیواز نرخەکەی زیادی نەکردووە و ٣١لە سەد لە چاو نرخی ساڵی ڕابردووەوە کەمی کردووە.

بەرز بوونەوەی نرخەکان پاش مەبەست کردنی یارانە یان باشتر بڵێین ئەو هاریکارییە حکومەتیانەوە دەستی پێ کرد کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردووەوە خستیە واری جێبەجێ کردنەوە.

هەرچەندە کارناسە ئابوورییەکان سەبارەت بە چوونە سەرەوەی نرخەکان هۆشداریان دابوو، بەڵام کاربەدەستانی ڕژیم خەڵکیان لەوە دڵنیا دەکردەوە کە هیچ شتێک گران نابێت و ئەوان ئاگایان لە بازاڕە. هاوکات محەممەد ڕەزا ڕەحیمی جێگیری یەکەمی سەرۆک کۆمار لە ڕێوڕەسمیک دا پاییزی ڕابردوو ئیدعای کرد کە هەموو خواردەمەنییە پێویستیەکانی خەڵک، بە نرخێکی گونجاو دەخرێتە بەردەستیان و ڕێگە نادەین شت وەک گران ببێت.

ئەو وتانەی جێگری سەرۆک کۆماری ڕژێم لە کاتێکدایە کە جگە لە هەڵگرتنی یارانە، نرخی بەشێکی زۆر لەو شتانە لە لایەن خودی دامودەزگاکانی حکومەتەوە گران کراون و بە بەرزتر کردنەوەی گۆمرک و سەرهاویشتەی زیاتر لە لایەن وەزارەتی بازرگانی ڕژێمەوە نرخەکان چەند بەرامبەر زیادیان کردووە.

لەو پەیوەندییە دا ڕۆژنامەی جەهانی ئابووری سەبارەت بە گەڕێ نوێی گرانی لە ئێراندا دەنووسێت: بە زووترین کات نرخی ئەو خواردەمەنییانەی کە پێویستیان بە ئاردە بە شێوەیەکی بەرچاو دەچێتەوە سەر، ئەویش بە هۆی گران کردنی نرخی گەنمەوە لە لایەن حکومەتەوە. ئەو ڕۆژنامە دەنووسێت وەزارەتی بازرگانی نرخی هەر کیلۆیەک گەنمی کردووە بە ٣٦٠ تمەن، ئەوە جگە لەوەی کە دەبێ کڕیار پوڵی هاڕین و ئاڵوگۆڕ و جی بە جێ کردنیشی بداتەوە بە فرۆشیار، کەو بەوپێیە نرخی یەک کیلۆ ئارد تا سەرووی ٤٥٠ بەرز دەبێتەوە. لە درێژەی ئەو نووسینەی جەهانی ئابووری دا ناوی هێندێک خواردەمەنی وەک نان، بیسکویت، شیرین، شکولات و ماکارۆنی هاتووە کە لە داهاتوویەکی نزیک دا چەند بەرامبەر گرانتر دەبن.

بەرز بوونەوەی برخی خواردەمەنی لە لایەک و گرانتر بوونی برق و گاز و سوتەمەنی لە لایەکی دیکەوە کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان کارتێکەرییەکی یەکجار زۆریان لە سەر چوونەوە سەرەوەی نرخی کاڵا پێداویستییەکانی خەڵک هەیە. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا وەزارەتی وزەی ئێران بلاو کردەوە کە لەمەو دوا نرخی برق گاز لە هەموو ئێراندا بە گشتی و لە هێندێک ناوچەش دا بە تایبەت ٤ تا ٥ بەرامبەر زیاد دەکات. ئەو بڕیارەی وەزارەت وزە هەر لە ئێستاوە کارتێکەرییەکی ڕاستەوخۆیی لەسەر گرانی بازاڕ هەیە، ئەوە جگە لەوەی کە دەبێ هەموو بنەماڵەیەکی ئێرانی لەمەودوا ٤ بەرامبەر پوڵی برق و گاز و سوتەمەنی بدەنەوە بە حکومەت.

مانگانە لە لایەن حکومەتەوە پوڵێکی یەکجار کەم دەدرێتە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی کە بەتاڵایی لابردنی یارانەکانی پێ پڕبکەنەوە، بەڵام لەو لاوە ناچارن چەند بەرامبەر پوڵی گاز و برق و سوتەمەنی بدەنەوە، ئەوە جگە لە گران بوونی کەرەستەکانی دیکە.

کارناسانی ئابووری لەو بڕوایەدان کە ئەگەر ئاوا بڕوات کەرەستە سەرەکییەکانی خەڵک بەرادەیەک گران دەبن کە زۆر هاووڵاتیان زۆر بە زەحمەت دەتوانن ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێپەڕ بکەن. ئەو کارناسانە پێیان وایە کە گرانی لە ئێراندا کارتیکەرییەکی زۆر لە سەر دۆخی سیاسی ئەو وڵاتە دەبێت و ئەگەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی داهاتوو

بەستراوەیە بە دۆخی ئابووری ئەو وڵاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١

## ئوسامە بن لادن کێ بوو

ئۆسامە بن لادن یەکێک لەو ٥٠ منداڵەی بازرگانی ملیۆنەری عەرەب، محەممەد بن عەوەز بن لادن بوو کە لە هەڕەتی لاوی دا بۆ شەر دژ بە سوپای داگیرکەری سۆڤیەتی پێشوو ڕوبی لە وڵاتی ئەفغانستان کرد. ئۆسامە پاش تێکشان و پاشەکشەی هیزەکانی سۆڤیەت و چەند جار ئاڵوگۆڕی جێگە و جێگیر بوون لە چەند وڵاتی دنیا، سەرئەنجام بۆ جارێکی دیکە ڕووی لە ئەفغانستان کردەوە و لەوی بزووتنەوەی ئیسلامی توندرەوی ئەلقاعیدەی دامەزراند. ناوبراو لە ماوەیەکی زۆر کەم دا بووە ناسراو ترین تێرۆریستی جیهان و ناوی کەوتە ناو ڕەشنووسی ئەو کەسانەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەڵاتێکی چەند ملیۆن دۆلاری بۆ گرتن، یان کوشتنی ناوبراو تەرخان کرد.

لەم نووسراوەیە دا کۆرتەیەک لە مێژووی ئەو تێرۆریستە دەخەینە بەرچاوتان.

١٩٥٧- ئۆسامە لە شاری ڕیازی پایتەختی عەرەبستانی سعودی و لە بنەماڵەیەکی میلیۆنەر هاتە دنیاوە.

١٩٧٦- لە زانکۆیەک لە شاری جەددە لیسانسی بەڕێوەبەری و دارایی بەدەست هێنا. ناوبراو یەکێک لە زیرەکترین ئەندامانی بنەماڵەکەی بوو لە بواری دارایی و بەرنامە ڕێژی دا، هەر بۆیە زۆر زوو توانی پێگەیەکی باش چ لای باوکی و چ لە ناو کۆمەڵگەی سعودی دا بۆ خۆی بە دەست بێنێت، بە جۆرێک کە گشت مامەڵە و ئاڵووێرە بازرگانییەکانی کۆمپانیا گەورەکەی باوکی کەوتە ژێر دەسەلاتی ئەوەوە. پاش مردنی محەممەد بن عەوەزی باوکی سەروەت و داراییەکی سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ ئۆسامە بە میرات جێ ما، کە پاشان هەر لە ڕێگەی ئەو داراییەوە بنیاتێکی بە ناو خێرخوازی دامەزراند، کە لە ڕێگەیەوە سەدان و هەزاران عەرەبی موسڵمانی جیهادیی بەرەو

دۆزەخی شەڕی ئەفغانستان بەڕی کرد، کە پاشان بە عەرەبە ئەفغانییەکان ناودێر کران.

سەرەڕای ئەو هەموو سەروەت و داراییەی کە هەیبوو، بەڵام ناوبراو بۆ شەڕ دژ بە هێزەکانی سۆڤیەت ساڵی ١٩٧٩ ڕووی لە ئەفغانستان کرد و تا کۆتایی شەڕ لەو وڵاتە مایەوە. لەو ماوەیە دا کە لە ئەفغانستان بوو توانیبووی پێگەیەکی باش چ لە ناو عەرەبە ئەفغانییەکان و چ لای خەڵکی ئەفغانستان بۆ خۆی دامەزرێنێت، کە ناوبراو لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ی زایینی ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدەی لە سەر ئیدۆئۆلۆژی ئیسلامی سەلەفی دامەزراند و دەستوری جیهادی دژ بە ئەمریکا، ئیسرائیل، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و گشت ئەو وڵاتە عەرەبانە دەرکرد کە هاوپەیمانی ئەمریکان. سەرەڕای ئەوەش و پاش کۆتایی شەڕ، بۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ عەرەبستانی سعودی، کە گەڕانەوەی ئەمجارەی هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی سەدام حسێن بوو بۆ سەر کوەیت. لەو کاتە دا هێزێکی زۆر ئەمریکا بۆ پاشەکشە پێکردنی سەدام هێنرابوونە عەرەبستانی سعودی، هەر بۆیە بن لادن دەستی بە پڕۆپاگاندە دژ بەو هیزانە و دژ بە بنەماڵەی ئالی سعود کرد. بە هۆی ئەو تەبلیغات و لێدوانانەی کە دژ بە دەسەلات دارانی سعودییە دەیکرد، فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو و تەنانەت مافی هاووڵاتی بوونی عەرەبستانی سعودی لێ سەندرایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ لە وڵاتی سودان جێگیر بوو و دەستی بە کڕینی چەک و چۆڵەی سەربازی و کەرەستەی پێشکەوتوو کرد و لەشکرێکی لەو عەرەبە تێرۆریستانە پێکەوە نا کە لە هەر چوارگۆشەی جیهانەوە ڕوویان لەوێ کردبوو. بەڵام هێندەی نەخایاند کە کەوتە بەر غەزەبی سوپای ئەمریکا و بە هۆی هێرشیکی توندی ئاسمانییەوە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی، لەو وڵاتەش هەڵکەندرا و بۆ جارێکی دیکە رووی لە وڵاتی ئەفغانستان کردەوە.

یەکەمین چالاکی تێرۆریستی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و بن لادن لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٨ دا بوو کە کرایە سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا نزیک ڕیازی پایتەختی عەرەبستان و تێیدا ٢٤ سەربازی ئەمریکایی و ٢ هاووڵاتی هیندی گیانیان لە دەست دا.

حەوتی ئوتی ساڵی ١٩٩٨، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی گەورەی پڕ لە تەقەمەنی لە نزیک باڵویزخانەی ئەمریکا لە داروسەلامی پایتەختی نایرۆبی بووە هۆی کوژرانی ٢٢٤ کەس کە لە ناویاندا ١٢ ئەمریکایی دەبیندران.

١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠ی زایینی تێرۆریستانی ئەلقاعیدە لە کردەوەیەکی خۆ کوژی دا لە دەریای عەدەن، هێرشیان کردە سەر گەمیەی یو ئێس ئێس کۆڵ،ی ئەمریکی کە بووەیهۆی کوژرانی ١٧ دەریاوانی ئەمریکایی.

١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠١ی زایینی چوار فرۆکەی ڕفێندراوی ئەمریکایی کە لە لایەن ئەندامانی ئەلقاعیدەوە ڕفێندرا بوون، بۆ هێرش کردنە سەر هەر دووک تاوەری ئابووری ئەمریکا لە شاری نیۆیۆرک و بنکەی سەرەکی پێنتاگۆن" وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کەڵکیان لێ وەرگیرا و فرۆکەی چوارەمیشیان لە نزیک پێنسیلڤانیا بە هەموو سەرنشینەکانیەوە کەوتە خوارەوە. ئەو هێرشەی ئەلقاعیدە بۆ سەر ئەو سەنتەرە بازرگانییەی ئەمریکا بووە هۆی دارمانی ئابووری هەموو جیهان و قەیرانێکی ئابووری گەورەی لە جیهاندا هێنایە ئاراوە کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابیت بەردەوامە. پاش ئەو هێرشە بوو کە جۆرج بۆش داوای لە حکومەتی تاڵەبان لە ئەفغانستان کرد کە بن لان یان زیندوو یان مردوو رادەستی ئەمریکا بکەنەوە، بەڵام دەسەڵات دارانی تاڵەبان ملیان بەو داوایەکی ئەمریکا نەدا و سەرئەنجام ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کرد سەر ئەفغانستان و حکومەتەکەی تاڵەبانیان ڕوخاند. لەو کاتە بەدواوە ئەمریکا و گشت دام و دەزگا سیخوڕییەکانی هەموو وڵاتانی جیهان بە دوای ئۆسامە بن لادنی گەورە تێرۆریست دا گەڕان و سەرئەنجام ئەمڕۆ دووشەممە٢ی مای ٢٠١١ی زایینی دا لە بنکەیەکی سەربازی ئەلقاعیدە، کە لە ڕاستی دا جیگەی ژیانی ئەو مرۆڤە ترسنۆکە بوو، بە دەستی هێزە کۆماندۆ و تایبەتییەکانی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا کوژرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١١

## بەڵگەنامەکان باس لە پەوەندییەکی قوڵی سوپای قودسی ڕژیمی تاران و ئەلقاعیدە دەکەن

پێگەیەکی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی چوارشەممە بڵاو کرایەوە ئاشکرای کردووە کە لەشکری قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پەیوەندییەکی گەرمو گوڕی لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دا هەیە و لە زۆر بوار دا هاریکاری ئەو ڕێکخراوە

تێرۆریستیەی کردووە.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی فڕانس پرێس بنکەی لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکاری «کرونوس» لە ڕاپۆرتێکی نوێ دا کە بۆ دەستەی لێکۆڵینەوەی دژە تێرۆری کۆنگریسی ئامریکای ئامادە کردووە، باس لە پەیوەندییەکی قاییمی ڕژیمی تاران لەگەل ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە دا دەکات. لەو ڕاپۆرتە دا کە دوای کوژرانی ئۆسامە بن لادن لە لایەن ئەو کۆماندۆیانەوە کە لە چالاکی کوشتنەکەیدا بەشدار بوون ئامادە کراوە و یەکێک لەو کۆماندۆیانە بە ناوی مایکل ئێس. سمیت،ەوە ئامادە کردووە، باس لە کەم مەیلی حکومەتی پاکستان بۆ هاوکاری ئەمریکا لە شەڕی دژە تیرۆر دا دەکات و مانەوەی بن لادن بە نمونەیکی باش بۆ ئەو تێئۆرییەی دێنیتەوە.

لە بەشیکی دیکەی ئەو ڕاپۆرتە دا کە باس لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەلقاعیدە دەکات هاتووە: ئێران لەو هاوکارییانەی کە لەگەڵ ئەلقاعیدە و لایەن و گروپە تێرۆیستییەکان دیکەی جیهاندا هەیەتی بە مەبەستی پێشگیری لە نفوزی ئەمریکا لە ناوچەکە دا کەڵکی تەواوی لێ وەرگرتووە و تەنانەت بۆ گواستنەوە و هاتووچۆی تێرۆرسیتەکان لە نێوان وڵاتاندا و بە مەبەستی زەبرەدان لە هێزە ئەمریکاییەکان هاوکاری ئەو ڕێکخراوی کردووە و تەنانەت هاوکارییەکانیان تا وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست وبەشیک لە وڵاتانی ئەفیقا درێژ بووەتەوە.

سمیت دەڵێت بە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئێران و ڕیکخراوی ئەلقاعیدە لە باری ئیدۆلۆژی ئایینیەوە کێشەیەکی گەورەیان لە نێوان دایە، هەر بۆیە هیچ کاتێک کەس بیری لە پەیوەندی ئەو دوو لایە نەکردبووەوە. نووسەر دەنووسێت: بە هۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی سوریە و ئاشکرا بوونی هاوکاری ئێران و سوریە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ئەو وڵاتە، ئەو ڕاپۆرتەی ئەو بووتە جێی بایەخێکی زۆری سێناتۆرە ئەمریکاییەکان و لیژنەی لێکۆڵینەوەی دژە تیرۆری کۆنگرێس.

سمیت ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان سوپای قودس و ئەلقاعیدە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دەیەی ٩٠ سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی کە ڕژیمی تاران ڕاهێنانی بەو ئەندامانی حیزبوڵای لوبنان دەکرد کە بە نیاز بوون بۆ شەڕ دژ بە ئەمریکا بچنە ڕیزەکانی ئەلقاعیدەوە. دیارە پاش هێرشە تێرۆریستییەکانی ١١ی سێپتامبرەوە کە تاقمێک لە بنەماڵە و کەسانی سەرەوەی ئەلقاعیدە ڕوویان لە ئێران کرد و لەوێ جێگیر بوون، گومانەکان زیاتر بوون و بوونە بەشیک لە کاری کومیتەی لێکۆڵینەوەی دژە تێرۆری کۆنگرێس، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی کە لە

ماڵەکەی بن لادن دا بەردەست کەوتوون دبنە ڕێنوێنێکی باش بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی هاریکارییەکان.

ئەو کۆماندۆ ئەمریکاییە لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا دەنووسێت: ئەگەر بە زووترین کات بۆ بەگژا چوونەوە و هەڵوەشاندەوەی ئەو پەیوەندیانە کاری تەواو نەکرێ، ئەوا لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا ئەمریکا دەبێ نرخێکی زۆر بۆ پوچەڵ کردنەوەی پیلان و بەرنامە تیرۆریستییەکان ئەو دوو هێزە تێرۆریستییە دابنێت، بە تایبەت کە ئێران بە شێوەیەکی زۆر بە بڵاو هاریکاری سوپای قودس دەکات.

سمیت داوا دەکات کە کۆنگرێس لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان لەشکری قودسی سوپای پاسداران و ڕێکخراوی تێروریستی ئەلقاعیدە پێک بێنێت و زۆر بە وردی لێکۆڵینەوە لە گشت ئەو بەڵگەنامانە بکرێت کە لەم دواییانەدا کەتوونەتە بەردەست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١١

## مامەڵە نهێنییەکانی کۆمپانیای ئیسرائیلی عوفر لەگەڵ ئێران و شەرمەزارییەکی دیکە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە

هەراوهوریای مامەڵەی نهێنی کۆمپانیایەکی ئیسرائیل لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بووتە باسێکی گرینگی ڕۆژنامە و گۆڤارە ئیسرائیلی و جیهانییەکان.

دوای ئاشکرا بوونی هاوکاری کۆمپانیای کەشتیوانی "برایانی عوفر" کە بە گەورەترین کۆمپانیای ئیسرائیلی کەرتی تایبەت لە بواری کەشتیوانی دا دێتە ئەژمار، کێشەیەکی گەورەی لەو وڵاتە دا ناوەتەوە و تەنانەت وا پێ دەچێ کە پێێ دامودەزگای سیخوڕی ئەو وڵاتە موسادیش بکێشرێتە ناو کێشەکەوە.

تەنیا چەند ڕۆژ پاش ئاشکرا بوونی ئەو گەندەڵییەی کۆمپانیای عوفر، پۆلیسی ئیسرائیل ئاشکرای کرد کە یەکێک

لە برایانی عوفر کە خاوەندارییەتی بەشیک لە کۆمپانیاکەشی لە ئەستۆیە، ڕۆژی هەینی لە ماڵەکەی خۆیدا لە تێل ئابیب دۆزراوەتەوە.

ئەو کێشەیە دوای ئەوە سەری هەڵدا کە حکومەتی ئەمریکا گەورە کۆمپانیای عوفەر و شەش کۆمپانیای دیکەی گریدراوی عوفری بە تاوانی پێشێل کردنی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران خستووەتە لیستی ڕەشەوە. ئەمریکا دەڵێ عوفر لە ڕێگەی کۆمپانیایەیکی دیکەوە بە ناوی "پاسیفیک تانکەر" هەوڵی گواستنەوەی نەوتی خاوی ئێرانیان بۆ بازارە جیهانییەکان داوە و تەنانەت پاسیفیک تانکەر کە بنکەی سەرەکی لە سەنگاپورە، نەوت کێشێکی گەورەی بە ئێران فرۆشتووە.

هەواڵی سزادانی شێرکەتێکی ئیسرائیلی کە بە گەورەترین دژبەری ئیران و تەنانەت سەرسەخترین پشتیوانانی سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان بە سەر ئێراندا دێتە ئەژمار، بە تاوانی پێشێلکاری ئابلۆقەی سەر ئێران، بووتە هۆی لێک ترازانی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و پارلەمانی ئە وڵاتە، تەنانەت زۆرێک لە چاوەدێرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەو بڕوایە دان کە دامودەزگا سیخورییەکانی ئیسرائیل ئاگایان لەو سات و سەودایە هەبوو.

هەرچەندە هەم هەردووک کۆمپانیای عوفر و پاسیفیک تانکەر و تەنانەت ئێران و ئیسڕائیلیش ئەو هەواڵانە ڕەت دەکەنەوە، بەڵام ڕۆژنامەی "دی وڵت،ی" ئاڵمانی لە زمانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە ئاشکرای کردووە کە شیرکەتی پاسیفیک هەمان کۆمپانیای عوفرە و بە ناوێکی دیکەوە کار دەکات و تەنانەت ئەو نەوت کێشە گەورەیەش پێشتر هینی شیرکەتی عوفر بووە و ڕاستەوخۆ بە ئێران فرۆشراوە.

ڕۆژنامەیەکی ئیسڕائیلی ئاشکرای کردووە کە نەوت کێشەکانی شیرکەتی کەشتیوانی پاسیفیک لە ماوی شەش ساڵ دا لانی کەم حەوت جار لە بەندەرگەکانی ئێراندا لەنگەریان گرتووە و نەوتی ئەو وڵاتەیان بار کردووە. تەنانەت شیرەکەتێکی دیکەی گرێدراوی کۆمپانیای ئیسڕائیلی عوفر لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١١ زایینی دا هەشت جار لە ئێرانەوە نەوتی خاویان بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان گواستووەتەوە.

سەیر لەوە دایە کە تەنیا پاش تیپەڕینی چەند رۆژێک بە سەر ئاشکرا بوونی ئەو گەندەڵییە گەورەیە دا، کەسانێکی نزیک لە بنەماڵەی عوفر درکاندوویانە کە ئەو مامەڵە و هاتووچۆیانەی کۆمپانیاکەیان بە ئاگاداری و لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی دەزگای سیخوڕی ئیسڕائیل " موساد" دا ئەنجام دراوە و ئەو دەزگایە ئاگاداری هەموو

وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوەیە. دیارە دەفتەری بنیامین ناتانیاهوی سەرۆک وەزیران دەستبەجێ ئەو هەواڵەی بە درۆ خستەوە و تیوەگلانی هەر دامودەزگایەکی حکومەتی لەو کێشەیە بە دوور زانی، بەڵام چاوەدێرانی سیاسی لەو بڕوایە دان کە بە پێی پێشینەیەک کە لە دانوستانی و مامەڵەی ژێربەژێری ئیسڕائیل و ئێران لە بەردەست دایە، هیچ دوور نیە کە حکومەتی ئیسڕائیل و بەتایبەت موساد لەو کارە ئاگادار بێت.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو بڕیار بوو کۆمسیۆنی ئابووری پارلەمانی ئیسڕائیل لە کێشەی کۆمپانیای عوفر کە بە عوفر- گەیت ناوی دەرکرووە لێپێچینەوە بکات، بەڵام تەنیا پاش چەند خولەکیک و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات. هەواڵدەرییەکان دەڵێن کە پێش کۆبوونەوەکە کارمل شاما هاکۆهن،ی سەرۆک ئەو کۆمسیۆنە نامەیەکی سەبارەت بە کۆتایی هێنان بەو کۆبوونەوانە بەدەست گەیشتووە. ناوبراو دەڵێ ناوەرۆکی نامەکە بۆ کەس ئاشکرا ناکات و لە ڕاستی دا ئەو نامەیە پەیوەندی بەو کێشەیەوە هەبووە. دیارە پێشتر سەرۆکی پارلەمانی ئیسڕائیل هۆشداری ئەوەی دابوو کە لێکۆڵینەوە لەو گرفتەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئاشکرا بوونی بەڵگەنامەی زۆر هەستیار کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵات دەگەیەنیت.

هەر لەو پەیوەندییە دا وێبلاگنووسێکی ئەمریکایی بە ناوی "ڕێچارد سیلوراشتین" کە نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئیسرائیلییەکان هەیە لە زمانی دیپلۆماتکارێکی ئیسڕائیلییەوە نووسیویەتی کە نەوت کێشەکانی کۆمپانیای عوفر بە ئاگاداری موساد و لە ڕاستی دا بۆ گواستنەوەی سیخوڕەکانی دەزگای جاسوسی ئیسڕائیل چوونەتە بەندەرگەکانی ئێرانەوە. ئەو بلاگنووسە ئەمریکییە دەڵێ شک لەوە دا نیە کە ئیسڕائیل لە هەر چەشنە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ئاگاداری سەبارەت بە دۆخی ئێران و بە تایبەت کەرتی بازرگانی و نەوتی ئێران کەڵک وەردەگرێت و هەر بۆیە بێ گومان لە ڕێگە پێدان بە کۆمپانیای عوفر،یش مەبەستێکی لەو بابەتە لەبەرچاو گیراوە و سیخورە ئیسرائیلییەکان بۆ وێنە گرتن و کۆکردنەوەی زانیاری چوونەتە خاکی ئێرانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١١

## لە یادی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردایەتی دا

٢٠ی خەرمانان ساڵرۆژی کوژانەوەی ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئاسمانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان بوو. ٤ ساڵ لەمەوبەر و لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دا مامۆستا و هاوڕێی خۆشەیستم، دۆستی چەوساوە و هەژارانی کوردستان " کاک عوسمانی رەحیمی" بە هۆی سەکتەی مێشکەوە گیانی لە دەست دا و ماڵئاوایی لێ کردین.

کاک عوسمان کوڕی خەلیفە حەمەساڵەبەگی خەیات ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێری شاری بانە لە دایک بوو. خەلیفە حەمەساڵە بەگی باوکی کاک عوسمان کەسێکی خۆشناو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا و جێگەی بڕوای هەموو چین و توێژەکانی ناو شار و تەنانەت گوند و لادێکانی بانەش بوو. تازە بانگەوازی دەستپێکی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکرات لە شاری مەهاباد بە کوردستان دا بڵاو ببووەوە، کە خەلیفە حەمەساڵەی تازە لاو هەستی کوردانەی هانی دا بۆ بەشداری لە شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی دا و هەر بۆیە زۆر زوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دا ڕێگەی سابڵاغیان گرتە بەر. پاش ماندوو بوونی زۆر و بڕینی ڕێگەیەکی پڕ دژوار، خۆیان گەیاندە مەهاباد و لەوێ بوونە پێشمەرگە. بە هۆی شارەزایی زۆری خەلیفە لە خەیاتی و دروومان دا، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەو کاتی حیزبەوە نێردرایە بەشی خەدەمات و پێڕاگەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەک خەیات لە کارگەی خەیاتی کۆماری کوردستان دەستی بە کار کرد. شارەزایی کاک حەمەساڵە لە کاری خەیاتی دا بە شیوەیەک بوو کە لە ناو خەیاتەکانی بانە و شاری سلیمانی دا نازناوی " خەلیفەیان" بۆ دیاری کرد و بووە خەلیفەی خەیاتەکانی ناوچەکە.

پاش تێکچوونی کۆمار و پەرەوە بوونی شۆڕشگێرانی کورد، خەلیفەش هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵانی بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارە، بەڵام بە ئیمانێکی قووڵ بە ڕزگاری گەلەکەیان گەڕانەوە بۆ بانە و هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنەوەی ڕژیمی ڕوخاوی پەهلەوی، کەوتە بە لێپرسینەوە و گیران و عەزیەت و ئازار، بە جۆرێک کە لە دوایین جاری بانگهێشتی بۆ ئیدارەی ساواکی شا، ڕەوانەی بەندیخانەی قزڵ حەساری تاران کرا.

نە گیران و نە ئەشکەنجە و ئازار و دەربەدەری نەیانتوانی چۆک بە خەلیفەی کوردایەتی دا بدەن و تەنانەت پاش هاوسەرگیری و پێک هێنانی بنەماڵەش وازی لە کوردایەتی نەهێنا و گشت ئەندامانی بنەماڵەی بەوە گۆچ کرد کە درێژە پێدەری ڕێبازی پیرۆزی خۆی و هەموو ئەو شۆڕشگێرانە بن کە هەوڵیان بۆ ڕزگاری سەربەخۆیی خاکی کوردستان ئەدا.

ڕێنوێنییەکانی خەلیفە حەمەساڵح بووە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانیشی درێژە دەری ئەو ڕێگایە بن کە باوکیان ڕچە شکێنی بوو، هەر بۆیە کوردایەتی و کورد بوون و تێکۆشان لە ناو بنەماڵەی خەلیفە دا بوو بە دیاردەیەکی جێی بایەخ کە پاشان پەیوەست بوونی ئەو بنەماڵەی بە شۆڕشی ئاشکرای گەلەکەمان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لێ کەوتەوە.

یەکێکی دیکە لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی بنەماڵەی ڕەحیمی ، شەهید عومەر بوو. شەهید عومەر ڕەحیمی بە تەمەن لە کاک عوسمان گەورەتر بوو. هەر بۆیە زۆر زووتر لە کاک عوسمان پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد. شەهید عومەر یەکێک لەو لاوە خوێن گەرمە شۆڕشگێڕانەی بانە بوو کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری هاوتەمەنەکانی خۆی ئولگوی پاکی، ڕاستگۆیی، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بە مانای تەواوی خۆی بوو. ئەندوندەی لەبیرم بێت کاک عومەر لە پۆلی ٣ی سەرەتایی دا بۆ ماوەیەک وەک مامۆستا دەرسی پێوتینەوە. پاشان بە فەرمانی کاربەدەستانی ساواکی ڕژیمی شا لە کاری مامۆستایەتی دوور خرایەوە. کاک عومەر هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانی خەڵکی بانە دا بە دەسەڵاتی ڕەشی حکومەتی پەهلەوی لە ڕێزی پێشەوەی ئەو کەسانە دابوو کە ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد. پاش ڕوخانی شا و دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری بانە، کاک عومەر پەیوەندی بە کومیتەی شارستانی بانەی حیزبەوە کرد و وەک یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی شارەستانی بانە دەستنیشان کرا. شەهید عومەر کەسێکی لەسەر خۆ، بە پرنسیپ و هاوکات دۆستێکی هەرە نزیکی هاوڕێ پێشمەرگەکانی بوو.

پاش شەڕی سێ مانگە و پاشەکشەی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی کوردستان، کاک عومەریش هاتەوە ناوشار و وەک کادرێکی بەوەج و کارامە دەستی بە ڕاهێنان و ئاگا کردنەوەی لاوانی شار سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان و بە تایبەت شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حدک بۆ لاوان کرد. ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە هەر زۆر زوو و لە جاران زیاتر جێ خۆی لە ناو چین و توێژە جیاوازەکانی شارو دێ دا کردەوە و بووە کەسێکی جێی متمانەی خەڵک.

پاش هێرشی هیزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دا، چەکی بەگری کردە شان و هەموو کات وەک کادرێکی لە خۆبووردو لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری دا بوو. پاش گیراونەوە شاریش بە پێک هێنانی دەستەیەکی زەربەت لە لکی یەک، دەسرێکی سەرەک گێرا لە بەرنگاربوونەوەی داگیرکەراندا. کاک عومەر لە کاتی چالاکییەک دا لە ناو شاری بانە کەوتە بەر دەستڕێژی جاشێکی خۆ فرۆش و بە سەختی بریندار بوو، بەڵام پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی کۆڵی نەدا و بۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە سەنگەری پێشەوەی خەبات. کەم ناوچە و کومیتە و لک و دەستە هەبوو کە کاکە عومەر پێشمەرگایەتی تێدا نەکردبێت. بە بێ لەبەرچاو گرتنی پلەی حیزبی کە ئەندامەتی کویتەی شارەستانی بانە بوو، هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگەی بۆ هەموو شوێنە سەختەکان و بۆ گشت بەرەیەکی شەڕ ئامادە بوو. بە داخەوە پایزی ساڵێ ١٣٦٢ی هەتاوی لە کاتێکدا کومیتەی شارەستانی بانە خۆی بۆ گرتنی کۆنفڕانس ئامادە دەکرد، بە چاوساغی سیخوڕێکی سەرشۆڕ جێی حەسانەوە و کۆبوونەوەکانی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنفڕانس لە گوندی نیروانی بانە کەوتە بەر ئاگری تۆپخانەکانی ڕژیم و بە داخێکی گرانەوە کاک عومەر و سێ هاوڕێی دیکەمان شەهید بوون. دیارە ئەوەی کە لێرە دانووسیومە باسێکی زۆر کورتە لە ژیانی ئەو رۆڵە قارەمانەی دیکە بنەماڵەی خەلیفە حەمە ساڵحی رەحیمی.

ئێستا با بێمە سەر باس لە یەکەم ساتەکانی ناسینی کاک عوسمان. ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی بوو، هاوینێکی تا ڕادەیەک گەرم بوو، قوتابخانە و خوێندنگەکان داخرا بوون و ئێمەش وەک زۆربەی منداڵانی بەش مەینەتی کوردستان، بەهۆی نەبوونی جێگەی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ساتەکانی بێکاریمان بە کۆڵانەکانی شار دا بڵاو دەبووینەوە و لە ناو خۆڵ و خاکی کۆڵانەکانی شار دا کاتمان تیدەپەڕاند. ماوەی چەند رۆژ بوو چەند لاوێکم دەبینی کە بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوون لە قوتابخانەی پەهلەوی ئەو کات کە تەنیا چەند سەد میترێک لە ماڵی ئیمەوە دوور بوو، بە هات و هاوارێکی زۆرەوە سەرقاڵی یاری واڵیباڵ بوون. سەرەتا من و چەند هاوڕێیەکم هێندێک بە ئەندێشەوە لێیان نزیک بووینەوە و پاشان کە زانیمان دەنگمان نادەن لە نزیک گۆڕەپانی یارکە دانیشتین. نزیکەی ١٥ تا ١٧ کەس دەبوون و جگە لە چەند کەسێکیان، ئەوانی دیکە بە دوو دەستە دابەش ببوون. لە ناو هەموویاندا لاوێکی بە جەستە بچووک، بەڵام چوست و چالاک کە لە گشت هاوڕێیانی گرووپەکەی هەڵسووڕتر بوو سەرنجمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

پاش چەند خولەکێک یاری کردن، پشوویەکیان دا و ئەو لاوە خوین شیرینە ڕوو خۆشە لێمان هاتە پێش و پێ گووتین: کوڕینە ئەتوانن هاریکاریمان بکەن و بچن هێندێک ساردیمان بۆ بێنن؟ ئێمەش لە بەر ئەوەی کە نەکا

جوابمان کەن و نەهێڵن لەوێ دانیشین، هەر زوو وڵامی ئەرێمان دانەوە و جگە لە خۆیان کە ١٧کەسێک دەبوون پوڵی ٣ کەسی زیادیشی داینێ و ئێمەش بە سەرسوورمانەوە لەو پولە زیادییە بەڕێ کەوتین. پاش چەند خولەکێک گەڕاینەوە و ساردییەکانمان دانەوە و ئەوانیش بەشی خۆیان لێ هەڵگرت و ٣ دانە زیادییەکەشی دایەوە بە خۆمان و گوتی ئەوە هینی خۆتانە دەبێ خۆتان بیخۆنەوە. سەرەتا ئێمە ئینکاریمان کرد و پاشان ڕازی بوون وەرمان گرت. ئیتر چوونمان بۆ گۆڕەپانی واڵیباڵی قوتابخانەی پەهلەوی بوو بە کارێکی ڕۆژانە و تەنانەت لە ڕۆژانی کۆتایی دا، هەرچەند بە تەمەن زۆر لەوان بچووکتر بووین، بەڵام ببوینە بەشیک لە گروپەکەیان. پاش تیپەڕینی چەند ساڵێک و سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە حکومەتی پەهلەوی، تەقریبەن زۆربەی ئەندامانی ئەو گروپەم لە کاتی خۆپیشاندان دا، لە ڕیزێکی یەکگرتوو دا بە یەکەوە بینییەوە. منیش هەر چەند منداڵ بووم، بەڵام بە هۆی ئەو ماوە کورتەی کە هاوینی ١٣٥٥ دا یەکترمان بینیبوو، خۆم بە هاوڕێیەکی نزیکیان دەزانی، هەر بۆیە یەکسەر بۆ لایان چووم و بە حەق ئەوانیش زۆر بە گەرمی وەریان گرتم. ئەو لاوە بە قەڵافەت بچووکە بەڵام دڵ و دەروون گەوریە، هەر زوو باوەشی بۆ ئاوەڵا کردم و لە ئامێزی گرتم.

من پێشتر بە هۆی تیکەڵاوی باوکم و خەلیفە حەمە ساڵحەوە کە هەردووک بۆ سەفەری مەهاباد بە یەکەوە بوون و پاشانیش لە کومیتەی نهێنی حیزب دا لە ناو شاری بانە هاوکار بوون، لەو لاشەوە بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار لە دوکانی باوکمەوە شال و قوماشم بۆ لای خەلیفە دەبرد، ناوبراوم لە نزیکەوە دەناسی و تەنانەت چەند برا و خوشکێکی کاک عوسمانیش لە نزیکەوە دەناسی. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کاک عوسمان لە تاران سەرقاڵی خوێند بوو و تەنیا لە پشووی هاوین دا دەهاتەوە بانە لە نزیکەوە نەمدەناسی و لە ڕاستی نەمدەزانی کە کوڕی ئەو بنەماڵەیە. دیارە چەند کەسێکی دیکە لە هاوڕێیانی گروپی واڵیباڵەکەم بە هۆی هاوگەڕەک بوونمانەوە دەناسی و دەمزانی کە کێن،بەڵام لە پڕ دەرکەوتنیان ئاوا بە گروپ بەڵام ئەم جار لە خۆپیشاندان دا بووە هۆی خۆشحاڵییەکی زۆرم. من بێ ئاگا بووم لەوەی کە ئەو پۆلە لاوە هەموو هاوبیر بوون و تەنانەت لە چوارچیوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەش دا هاوکار بوون.

ڕژیمی شا ڕوخا و کۆماری ئیسلامی جێی گرتەوە و هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕی ناو شاری بانە دابوو کە بۆ جارێکی دیکە کاک عوسمان و چەند کەسێکی دیکەی هاوڕێی کە بریتی بوون لە شەهید جەلالی ڕەشێدی، شەهید هاشمی مسگەری، شەهید سەلاحی مسگەری، مەنسوور ، جەمال.... و چەند کەسێکی دیکەم بینییەوە کە چەکدار بوون، دیار بوو خۆیان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمنی داگیرکەر ئامادە دەکرد.

بە بینینیان زۆر خۆشحاڵ بووم و لەبەر ئەوەی کە دەمزانی کاک عوسمان لە تاران سەرقاڵی خوێندنە لێم پرسی بە تەواوی هاتوویتەوە؟ لە ولامدا گوتی نەوەڵا بە سەردانم هاتوومەوە بەڵام ئەوە شەڕ بەردەگای پێ گرتووین و منیش نامەوێت شار و خەڵکەکەی بە تەنیا جێ بێلّم.

ئەو کاتەی کە شەڕی کوردستان دەستی پێ کرد، کاک عوسمان لە قۆناغی کۆتایی زانستگە دا بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دوژمن هێرشی کردبووە سەر کوردستان ئەو دەستی لە خویندنەکەی هەڵگرت و هاتە ڕیزی شۆڕشەوە. ماوەیەکی ساڵێکی بە سەردا تێپەڕی کە بۆ جارێکی دیکە کاک عوسمانم لە گوندی بۆیەنی ناوچەی بانە بینییەوە. سەیر لەوە دابوو تەقریبەن نیوەی ئەو هاوڕێیانەی کە سەردەمانی ژیانی ئاساییش هاوڕێ بوون، لە ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتیش دا هەر بە یەکەوە بوون. ئیتر لە دوای ئەو جارەوە و بە هۆی ئەوەی کە منیش لە کومیتەی بابۆسی حیزب کە بنکەی سەرەکی لە گوندی خورپاوا بوو سازمان درا بووم، زۆربەی ڕۆژەکان لەگەڵ کاک عوسمان یەکتریمان ئەبینی و لە هەڵسوکەوت و ڕێنوێنییەکانی دەرسم وەردەگرت. لە ماوەی لانی کەم ٣٣ ساڵی ڕابردوو دا کەم کەس هەبوون وەک کاک عوسمان کارتێکەری لە سەر ژیانی من هەبووبێت. چ وەک کەسێکی شۆڕشگێر و چ وەک شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی، بۆ من مامۆستایەکی بێ وێنە و بەرز و ڕێنوێنێکی ئەمین بوو. کاک عوسمان هەر چەندە تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو کە هاتە ڕیزی شۆڕشەوە، بەڵام کەسایەتی بەرز و خوو ڕەوشتی دەگمەنی، ناوبراوی کردبووە ئوستوورەیەکی گەورە و جێی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. کەم کەس هەبوو بۆ تاکە جارێک کاک عوسمان ببینێت و لە یادی بکات، تەنانەت ئەگەر کەسێک جاریک بیدبایە بە دڵنیاییەوە هەوڵی سەرلەنوێ دینینەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو مرۆڤە مەزنە دا ئەدا.

کاک عوسمان شۆڕش و خەباتی لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوەکەی خۆی دا قەتیس نەکردبووەوە و هەموو کات لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لە گشت بوارەکاندا خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بکات. لە کاتی شەڕ دا فەرماندەیەکی لیزان و بە ئەزموون و لە کاتی ئاشتیش دا کۆتری ئاشتی و دامرکێنەرەوە ڕق قین و ناحەزییەکان بوون. سیاسییەکی بە تەواوی مانا تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و پارتیزانێکی بێ وێنە، بەرپرسێکی خاوەن هەڵوێست و نووسەر و ڕوناکبیرێکی بیر ئاوەڵا و شارەزا بە گشت زاراواکانی زمانی کوردی و تەنانەت فارسی و ئینگلیسی بوو. هیچ کات پلە وپایەی حیزبی بەرچاوی ڕەش نەکرد و پشتی نەکردە هاوڕێیانی. لە کاتی پێویست دا بە ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە حیزب دەگرت و هەموو کات لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە دابوو کە هەوڵی گۆڕانکاری و ڕفۆرمیان دەدا لە ڕیزەکانی حیزبدا. زۆر جار دەستی گشت پلە وپێگەیەکی حیزبی دەکێشایەوە بۆ ئەوەی بەشیک

بێت لە دەنگی نارەزایەتییەکان و هەر لەو پێناوەش دا زۆر لە لایەن ناحەزانییەوە بوغزێندراو هەوڵی شکاندنی کەسایەتییان دا بەڵام هەموو کات ئەوە ئەو بوو کە سەربەرزانە لە ئەزموونەکان سەربەرز دەردەچوو و ناحەزانی دەخستە لاوە.

چەندین لاپەڕەی زۆر پرشنگدار لە ناملکەی ژیانی کاک عوسمان دا هەن کە جێی خۆیەتی لیرە داباسیان بکەم. بۆ ئەوەی کە دەڵێم کەسێکی ئاشتی خواز و دادپەروەر بوو بەڵگەم زۆرن کە من لیرە دا تەنیا ئاماژە بە ڕووداوێکی زۆر گرینگ دەکەم کە زۆر لە تیکۆشەرانی دێرینی چ ڕیزەکانی حدک و چ ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شاهیدی بۆ دەدەن.

گەرمەی شەڕی براکوژی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کومەڵە بوو. هەردووک لا لە هەوڵی ئەوە دابوون ئەو چەند گوندە سنوورییەی کە ڕژیم لە ڕاستی دا تەنیا بۆ گەرم ڕاگرتنی تەنووری شەڕی براکوژە چۆڵی کردبوو، داگیر بکەن و ڕێگە لە تەدارۆکات و هاتووچۆی هێزی بەرامبەر بۆ ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرن. سەرەڕای هێزێکی بەتوانای حیزب لە ناوچەی بانە، بەڵام دەفتەری سیاسی بۆ یەکلا کردنەوەی شەڕەکە بڕیاری دابوو هێزێکی دیکەش لە ناوچەی ڕەبەتەوە بنێرێت، هەر بۆیە هێزی زمریران ڕوویان لەو ناوچەیە کردبوو. لەو لاشەوە کۆمەڵە جگە لە هێزەکانی ناوچەی بانە، گوردانێکی لە هێزە تایبەتییە شەڕکەرەکانی خۆی هێنابوو ئەو ناوچەیە و سەرقاڵی گەشت و مانۆڕ لێدان بوون. ڕژیم کە لە گشت گوند و بەرزاییەکانی ناوچەکە مۆڵگە و جاشخانەی هەبوو، بەڵام بەوپەڕی دڵسەخاوەتییەوە ڕیگەی بە هاتووچۆی پ.م هەردووک لا دەدا لە ناوچەکە دا بڵاو ببنەوە.

شەوێک هەواڵ بە هێزەکانی حیزب گەیشتبوو کە هێزیکی زۆری کۆمەلە بە نیازن بەرەو ناوچەی تاژان و تاژەبان بچن، هەر بۆیە زوو حیزب هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبگرن و زەبرێکیان لێ بدەن.

لێپرساویەتی هیزەکەش بە کاک عوسمانی ڕەحیمی سپێردرا. هەموو ئەو کەسانەی کە کاک عوسمانیان لە نزیکەوە دەناسی شکیان لە ئازایەتی و بەغیرەتی ناوبراو دا نەبوو، بەڵام هاوکات هەمووش باش دەمانزانی کە ڕەوشتی بەرز و شۆڕشگێرانەی ڕێگەی پێ نادات کە دەست بداتە کارێکی نەخوازراو پەشیمانی بە دوا دا بیت. هیزی پێشمەرگە گەشتنە شوێنی مەبەست و لە بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دامەزران. هێندەی پێ نەچوو کە هێزەکەی

کۆمەلە لە سەنگەری هێزەکانی حیزب نزیک بوونەوە و لە ڕاستی دا کەوتنە ئابلۆقەی هێزەکانی حیزبەوە. تاکە ١ فیشەک بەس بوو بۆ ئەوەی گشت ئەو هێزە کە زیاتر لە ٨٠ کەس دەبوون و زۆربەیان کەسانی خاوەن بروا و شۆڕشگێر و خوێندکاری خاوەن ئەزموون بوون تێدا بچن و کارەساتێکی گەورە بیتە ئاراوە. بەڵام کاک عوسمان هەروەک پێشەی هەمیشەیی خۆی، باسکی ئازایەتی هەڵماڵی و دەستووری بە هێزەکانی حیزب دا کە کەس تەقە نەکات. سەرەڕای ئەوەی کە بەشێک لە لێپرسراوە شەڕخوازەکانی ئەو کاتی هەردوو لا کە بوون و کەسایەتیان بە شەرەوە بەند بوو، دژایەتییەکی زۆریان کرد و هەوڵیان دا شەڕە هەڵگیرسێنن، بەلام کاک عوسمان، ئەو مرۆڤە خۆ نەویستە، خۆی کردە قەڵغانی ئەو هێزانە و هاورێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە هێزەکانی کۆمەڵەیان لە مەیدانی کێشەکە دوور خستەوە. دیارە ئەو هەڵویستەی کاک عوسمان لەگەڵ دژایەتییەکی توندی ڕێبەڕایەتی ئەو کات و تەنانەت باڵی شەڕخوازی ناو کومیتەی شارەستانی بانە و هێزی ئاربەباب،ی حیزب دا بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام هاوکات بووە دەرسێکی باش بۆ من و زۆری وەک منیش کە لە کاتی ڕووداوی لەو جۆرە دا دەمارگرژی و هەستی کوێرکوێرانە بخەینە لاوە و بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و بزووتنەوەکەی بکەینەوە. دیارە باڵی شەڕخوازی هەردوو لا بەوە نەوەستان و شەڕێکی نەخوازراویان لە ناوچەی بانە هەڵگیرساند، بەڵام تا دوایین ساتەکانیش کاک عوسمان بە کردەوە دژی شەڕ و سیاسەتی شەڕی براکوژی بوو. چەندین ساڵ دوایی تر لە کاتێکدا کە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان" ڕ.ش" دا هاوکار بووین سەبارەت بە هەلوێستی ئەو کاتەی لێم پرسی، دیسانەوە سوور بوو لە سەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی و دژایەتی کردنی شەڕی خوکۆژی.

یەکێکی دیکە لە لاپەڕە زێڕینەکانی ژیانی پڕ لە سەروەری هاورێ عوسمانی ڕەحیمی، فەرماندەیی کردنی هێزێکی بچوک لە پێشمەرگەکانی حدک. ڕ.ش بوو لە کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی زایینی باشووری کوردستان. نزیکەی مانگێک پێش ڕاپەڕین داوای لێکردم سەردانی بکەم. کە چووم کوتی نهێنییەکی زۆر گەورە هەیە پێت دەڵێم و هاوکات مەئموریەتێکیشت پێ دەسپێرم بەڵام نابێ هیچ کەس بزانێت. منیش بەڵێنیم پێ دا کە جگە لە خۆم و خۆی کەسی تر لێم نەبیسێت. دەستی بە قسە کرد و مەسەلەکەی لەگەڵ هێنامە بەر باس.

مەئمورییەتەکە بریتی بوو لەوەی کە هێندێک نامە و ڕاسپاردە هەیە دەبێ بیگەیێنمە شاری سلێمانی و لەویش کەسی دیاری کراو هەبوون کە بیاندەمێ. لە ڕاستی دا من ئاگام لە سەرچاوەی نامە و ڕاسپاردەکان نەبوو و نەمدەزانی ناوەرۆکی نامەکان چییان تێدایە. بە هەر حاڵ ڕاپەڕین ڕۆژی ٥/٧ لە شاری ڕانیەوە دەستی پێکرد و هیدی هێدی بەرەو سلیمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان کشا. لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا زۆر لەو کەسانەی کە لە

نزیک بنەکانی حیزب دەژیان ئاگایان لە جمجوڵی هێزەکانی باشووری کوردستان بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و ئەو پەیوەندییانە هەبوو کە لە نێوان لایەنەکاندا دامەزرا بوو. ڕۆژێک پێش گرتنی شاری هەولێر کاک عوسمان گرووپێکی لە پێشمەرگەکانی حیزب هەڵبژارد و دوو کەس لە هاوڕێیانیشی کردە بەرپرسمان. ئەوە جگە لە خۆی کە لێپرسراویەتی هێزەکەی دەکرد. سواری ئەو ئۆتۆمبێلانە بووین کە بۆمان دیاری کرا بوو، بەڵام جگە لە چەند کەسێک، ئەوانی دیکە ئاگایان لە مەبەست و کاری دیاری کراوی ئەو هێزە نەبوو. پاش ڕێگە بڕینێکی چەند کاتژمێری گەشتینە نزیک شاری هەولێر و لە جیگەیەکی دەرەوەی شار بۆ ماوەیەکی کورت پشوویکمان دا. شەر و تەقە لە ناو شاری هەولێر دا دەستی پێ کردبوو و هێزەکانی ڕژیمی ڕوخاوی بەعس کە تەقریبەن زۆربەی هەرە زۆری کوردستانیان لە دەست دابوو، بە شیوەیەکی سەرسووڕ هێنەر وەیان بەر دابوو و توانای بەرەنگاری کردنی ڕاپەڕینی جەماوەری و هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لێ بڕا بوو. بە هەر حاڵ هێزەکەی ئێمەش بەرەو بینای حوکمی تەنفیزی و تەشریعی ئەو کات، کە ئێستا بنکەی پارلەمانی کوردستانە بەڕێ کەوت. کە ئێمە گەیشتینە ئەو شوینە، شەڕ زۆر گەرم بوو، لە هەر چوار لاوە ئابلوقەی ئەو بینا بەرزانەیان دابوو. لەوێ چاومان بە کاک کۆسرەت ڕەسوڵ کەوت کە ئەو کاتە فەرماندەری گشتی مێحوەری هەولێری پێ سپێردرابوو. پاش لێکدانەوەیەکی وردی بارودۆخەکە لە لایەن کاک عوسمانەوە و دارشتنی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە بۆ هێرش کردنە سەر دوژمن، ئەو جار بڕیاری هێرش دراو و لە ماوەی چاو تروکاندنێک دا ئەو بنکە و بنیاتەی بەعس کەوتە بەر غەزەبی چەکی ڕۆلەکانی دێمۆکرات. هێرشی هیزەکانمان هێندە کتوپڕ و کاریگەر بوو، کە دوژمن سەری لێ شێوا بوو و سەرەڕای بوونی هێزێکی زۆر و چەک و چۆڵێکی قوورس و نیوە قوورس لە سەر ئەو بینا بەرزانە، بەلام تەنیا لە ماوەی چەند خولەک شەر دا فەرماندەی کارامە و لە خۆبووردمان لە سەر بانی پارلەمانی ئێستاوە پەیامی سەرکەوتنی بە گشت هیزەکانمان کە لەو ناوچەیە دا بڵاو ببوونەوە ڕاگەیاند. بەرنامەی هێرشی و پلانی تۆکمەی کاک عوسمانی فەرماندە، بووە هۆی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆمان و گەلەکەمان و مێژووی شۆڕشی کورد. پاش سەرکەوتن لەو شەڕە دا کاک عوسمان داوای لە گشت هێزەکان کرد کە لە جێی دیاری کراو کۆببنەوە و بە راشکاوانە پێی راگەیاندین کە داواتان لێ دەکەم پێش ئەوەی من خۆم بگەڕێم یان پێتان بزانم چیتان هێناوە، بیبەن و لە جێی خۆی داینێنەوە. دیارە هەموو پێشمەرگەکان زۆر لە خۆیان دڵنیا بووین و ئەگەر کاک عوسمانیش نەیگووتایە، کەس ئامادە نەبوو هیچ شتێک لەگەڵ خۆی بێنێ، چونکە ئێمە لەو قوبخانەیە دا پەروەردە کرابووین کە کاک عوسمان مامۆستای بوو.

بەشداریمان لەو چالاکییە دا، ئەویش لە کاتێکدا کە حیزبەکەی کاک عوسمان بە هۆی ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان

٢ باڵی حیزب دا هەبوو زۆر لاواز بوو و تەنانەت لای حکومەتی بەعسیش جێ پێمان زۆر لێژ بوو. هەموو ئەو کەسانەی کە لەو چالاکییە دا بەشدارییان کرد لای حکومەتی عێراق تاوانبار ناسران و بە ڕەسمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس دا یاساخ بوون و ڕێگەی هاتووچۆ کردنیان لێ برا. سەیر لەوە دابوو پاش تێکەڵ بوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، کاک عوسمان لە رادیۆ دەنگی کوردستان دەستی کرد بە کار و دەست بەکار بوونی ئەو لە کاتێکدا بوو کە ڕادیۆ لە ژێر گووشاری ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بەرەو شاری کەرکۆک گویزرایەوە. ماوەیەک بەرنامەکان لە کۆیەوە زەبت دەکران و بۆ بڵاو کردنەوە دەنێردرانە کەرکۆک، بەڵام پاش ماوەیەک دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کە ستافی بەڕێوەبەری ڕادیۆ بچنە کەرکۆک و پەخش و زەبت لە نزیک یەک بن، هەر بۆیە بۆ لێپرسراوەتی ڕادیۆ کاک عوسمان دیاری کرا. سەرەڕای ئەوەی کە کاک عوسمان بۆ خۆی باش دەیزانی هێشتا حکومەتی عێراق بەشداری ئەو و تیمەکەی لە ڕاپەڕینەکەی ٩١ دا لە بیر نەکردووە، بەڵام بە بێ ئەندێش و سڵەمینەوە لە ئاکامەکانی، خاتوو پەخشانی هاوسەری دڵسۆزی و هەردووک منداڵە ساواکانی سامان و سۆرکێوی جێ هێشت و بەرەو کەرکوک کەوتە ڕێ. دیارە وەک دوایی خۆی بۆی باس کردم، دەیگووت جگە لە ڕێگەی هاتن و چوونی بۆ کۆیە و گەرانەوەی بۆ کەرکوک نەیدەوێرا زۆر خۆی بەڕۆژ بکات، چونکە باش دەیزانی بەعس ئاوا بە سانایی ڕابردوو لە بیر ناکات.

ئەوەی کە لێرە دا باس کران دڵۆپێک بوون لە ئازایەتی، خۆراگری، لێزانی و شارەزایی و دڵفراوانی کاک عوسمان رەحیمی. من لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆم دا کەم کەسی وەک کاک عوسمانم بینیوە کە ئاوا نهێنی پارێز و شارەزا بیت لە کار تەشکیلاتی و ڕێکخستن دا.

لە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ کاری بەردەوامی کاک عوسمان لە بەشی تەشکیلاتی نهێنی حیزب، چ لە کومیتەی شارستانی بانە و چ لە دەورانێک دا کە لێپرسراوی گشتی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو، بۆ تاکە جارێکیش دوژمن نەیتوانی زەفەر بە ڕایەڵەی تەشکیلاتی حیزب بەرێت. نهێنی پارێزی و لیزانی کاک عوسمان بە جۆرێک بوو کە سەرەرای هەوڵی زۆری دوژمن بۆ ڕخنە کردنە ناو ئەو تەشکیلاتە، بەڵام هەموو جارێک پیلانەکەیان دەبووە بڵقی سەرئاو. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە فیتی دوژمن دەهاتنە ناو ڕیزەکانی تەشکیلاتەوە، پاش ماوەیەک مانەوە، خۆیان ئاشکرا دەکرد و لە کردەوەکەیان پەشیمان دەبوونەوە. چونکە حەکیمی و هەڵسوکەوتی بەرزی کاک عوسمان وای لەو کەسانە دەکرد نهێنی هاتنیان ئاشکرا بکەن و هەر زوو خۆ بە دەستەوە بدەن.

گەورەیی و مەزنی کاکە عوسمان بە ڕادەیەکە کە هەرچەندە باسی بکەین هەر کەمە و ئەگەر سەدان لاپەرەی ئاواش ڕەش بکەمەوە تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە ژیانی پڕ لە سەروەری ئەو مرۆڤە مەزنەمان باس کردووە.

بۆیە هەر لێرەوە روو لە مامۆستای گەورەم، هاوڕێی دەورانی سەخت و دەربەدەریم، پەناگەی کاتە خەتەرەکانم و پشتیوانی سەردەمی لێ قەومانم دەڵێم: ئازیزەکەم ئاسوودە بە و بەدڵنیایەوە بنوو، هەرچەندە بە داخەوە هێندێک لە یارانی دێرینت بێ خەمن و خۆیان نەبان کردووە لەو دەرد و کەسەرانەی کە تۆی ئازیز سەرت لە پیناو دا دانا و گیانت لە ڕێدا بەخشی بەڵام دڵنیا بە کە ریبازە پیرۆزەکەت دریـژەی هەیە و ڕێبوارانی ڕێگات تا سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان دەست لە خەبات و تیکۆشان هەڵناگرن.

سڵاو لە ڕۆحی بەرزت، سڵاو لە بڕوای نەسرەوتووت، سڵاو لە دڵفراوانی و خۆراگریت، سڵاو لە ئاشتی خوازی و هەڵوێستی نەگۆڕت.

بژی کورد هەر ئاوەدان بێت کوردستان

٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٠ی هەتاوی

٢٠١١/٩/١١ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١

---

## یادیک لە هاوڕێ و مامۆستام کاک عوسمان ڕەحیمی

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی خەرمانان بەرامبەر بە ١١ی سپتامبر، چوار ساڵ بە سەر کۆژانەوەی مۆمی تەمەنی پڕ لە سەربەرزی پێشمەرگە و ڕێبەری شۆڕشگێڕ کاک عوسمان ڕەحیمی دا تێ ئەپەڕێت. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە بوو کە هاوڕێیەکم لە ڕێگەی تەلەفوونەوە هەواڵی جەرگ بڕی لە دەست چوونی هاوڕێ و مامۆستای ئازیزم، فەرماندەی کارامە و کادری لێزانی حیزبەکەمان کاک عوسمان ڕەحیمی پێ ڕاگەیاندم.

کۆچی ناوادەی کاک عوسمان ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بوو کە نەک تەنیا بۆ من، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ تاکە ساتیک لە نزیکەوە کاک عوسمانیان ناسیبێت جێگەی بڕوا نەبوو. کۆستی لەدەست چوونی کاک عوسمان نەک هەر بۆ ئێمەی خزم و کەس و هاورێ و قوتابیی، بەڵکوو بۆ حیزبەکەمان، گەلەکەمان و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردیش زیانێکی قەرەبوو نەکراوە بو. کاک عوسمان بە تەکبیر و لێزان، خاوەن بڕوایەکی قاییم بە ئازادی گەل و نەتەوەکەی بو. هەمو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە کاک عوسمانیان دەناسی بە دەربەست بوونی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیان بۆ گەل و ولاتەکەی و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کورد بە باشی هەست پێ دەکرد.

کاک عوسمان بە جستە ورد،بەڵام بە برِوا و ورە و کارو کردەوەی قەڵایەکی لە گیران نەهاتو بو. زۆر جار دوژمنە جۆراوجۆرەکانی هەوڵی زەبرە لێدانیان دا، بەلام بۆ تاکە جارێکیش نەیاتوانی زەفەری پێنن و هەمو جارێک پیلانەکانیان بە زانایی و هەستیاری خودی کاک عوسمان دەکرانەوە بلَقی سەرئاو.

ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە هەموو ساتەکانی ژیانی بۆ کارو خەبات و لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەی تەرخان کردبو، بە جۆرێک کە گەلێک جار بەرەوڕویی گلەیی و گازندەی هاوسەر و بنەماڵە و کەسە نزیکەکانی دەبووەوە، بەلام لە ولامدا دەیگوت تا ئەو کاتەی کە گەلەکەم نەگاتە ژیانێکی ئاسودە و هەژاران و چەوساوەکانی گەلەکەم لە ژێر زوڵم و چەوسانەوە ڕزگاریان نەبێت هەدا نادەم و لە تێکۆشان و هەوڵ دا بەردەوام دەبم.

کەم ناوچەی ڕوژهەڵاتی کوردستان ماوە کە کاک عوسمان بۆ تێکۆشان و خەبات و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی حیزبی، پێشمەرگایەتی لێ نەکردبێت. زۆر جار وەک پێشمەرگە، زۆر جار وەک کادر و زۆر جاریش وەک فەرماندەی نیزامی و لێپرسراوی سیاسی بە بێ جیاوازی پلە و پایەی حیزبی هاورێ لەگەڵ هەڤالانی پێشمەرگەی زۆر چالاکانە و بەو پەڕی سەرکەوتوانە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی بە ئەنجام دەگەیاند. مرۆڤێکی ساکار و لە دۆستایەتی دا بێ غەش، لە کاری سیاسی دا لێزان، لە پێشمەرگایەتی و شەڕ دا دژ بە دوژمنی داگیرکەر یەکپارچە ئاگر بوو. دوژمنی سەرسەختی شەڕی براکوژە بو. زۆر لە شۆڕشگێرانی دێرینی ڕیزەکانی حدک و کۆمەڵە شاهیدی ئەوە دەدەن کە کاک عوسمان بۆ پاراستنی کۆمەڵێکی زۆر لە پێشمەرگە و کاردەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی بانە گیانی خۆی خستە مەترسییەوە و ڕێگەی لە دووبارە بوونەوەی کارەساتێکی گەورە گرت.

کاک عوسمان لە ڕیزی ئەو دەگمەن کەسانە دا بوو کە سەرەڕای ئەوەی پاسپۆرت و مۆڵەتی داییمی مانەوەی لە

وڵاتی ئاڵمان پێدرا، بەڵام تەنیا چەند مانگێک پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دەستی لە گشت خۆشی و ئیمکانەکانی دەرەوەی وڵات هەڵگرت و خۆی وتەنی بۆ جارێک و هەتا هەتایە تەنانەت خەریتەی جوگرافی ئوروپای لە مێشکی خۆیدا بە تەواوی شتەوە و بە دڕاندنی پاسپۆرەکەی، لە کوردستان مایەوە و درێژەی بە خەباتی خۆیدایەوە.

هەمو ئۆرگان و ڕێکخراوە حیزبییەکان بە بێ جیاوازی بۆ ئەو جێگەیەکی گونجاو بون بۆ کار کردن. کات و ساتی بۆ ڕاپەراندنی کارەکان نە دەناسی و ڕۆژی دەخستە سەر شەو و شەوی تا بەیانی بە دیاری کار و ئەرکە پێسپێردراوەکانیەوە ڕۆژ ئەکردەوە. سوور بونی لەسەر جێبەجێ کردنی کار و بڕیارە حیزبییەکان زۆر جار توشی گرفتی کرد، بەڵام بە خۆڕاگری و بەردەوامی گشت کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێی تێکۆشانی ڕادەماڵی.

کۆچی ناوادەی ئەو تێکۆشەرە ماندویی نەناسە لە کاتێکدا بوو کە حیزبەکەمان پێویستیەکی یەکجار زۆری بە فکر و تەکبیری وردی ئەو بوو. ئەوە جگە لەوەی کە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕییانی دێرینی چ لە ناو خۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات چاوەڕێی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی ئەو هاوڕێ دێرینەی خۆیان دەکرد، بەڵام مخابن مەرگی ناوادە مۆلەتی پێ نەدا کە بگاتە ئامانجە پێرۆزەکەی کە خۆی لە ڕزگاری یەکجارەکی خاکی کوردستان و سەربەخۆی وڵات و پێک هاتنی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد دا دەبینیەوە.

هاوڕێ ئازیزەکەم ئاسودە و دڵنیا بە هاوڕێ و هاوسەنگەرانت، قوتابیەکانت هێشتا لە ریزەکانی خەبات دان و بەڵێنیان داوە کە تا دوامەنزڵگەی خەبات و بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجە پیرۆزەکانت واز لە خەبات و تێکۆشان نەهێنن.

ڕۆحی کاک عوسمان شاد و ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت
سڵاو لە شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد و بنەماڵە سەربەرزەکانیان
بژی کورد هەر ئاوەدان بێت کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١١

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی لە هێرشە تێرۆریستیەکانی ١١ی سێپتامبر دا هەبووە

ماڵپەڕی ئەلعەربیە لە ڕاپۆرتێک دا ئاشکرای کردوە کە ٢٠٠ کەس لە کەس و کاری قوربانیەکانی ڕوداوە تێرۆریستیەکەی ١١ی سپتامبر بە نیازن سکاڵانامەیەک دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە تێوەگلان و هاوکاری ئەو ڕژیمە لەو کردەوە تێرۆرستیە دا ئاراستەی دادگای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن.

ڕۆژی شەممە ١٠ سێپتامبر ماڵپەڕی " ئێران دیپلۆماتیک" لە هەواڵێک دا باسی لە دەست هەبونی ئێران لەو هێرشە تێرۆریستیانە دا کردووە کە کرانە سەر دوو تاوەری بازگانی نێودەوڵەتی لە شاری نیویۆرک لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ٢٠ۆای زایینی دا. لەو بابەتە دا و بە پێی سەرچاوە ئەمریکیەکان، کۆنگریسی ئەمریکا ئێران بە بەشێک لەو هێرشانە دەزانێت کە کرانە سەر ئەو وڵاتە. لیکۆڵینەوە لەو پرسە ساڵی ٢٠٠١ دەستی پێ کرد و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی دا ئەنجامەکەی درایەوە بە کۆنگرێس.

ماڵپەڕی ئێرانی دیپلۆماتیک دەنوسێت: ڕژیمی تاران لە ڕێگەی هاریکاری دارایی و لۆجێستیکی و هەروەها بە دەست هێنانی ئاگاداری پیویست لە سەر ئەو جێگایانەی کە قەرار بووە هێرشیان بکرێتە سەر هاوکاری ئەلقاعیدە کردووە. ئەوە جگە لەوەی کە لە پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر حکومەتەکەی تاڵەبان، داڵدەی بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە و تاڵەبانی داوە و هەروەها هاریکاریەکی لە ڕادەبەدەری ئەلقاعیدەی کردووە بۆ هێرشەکانی سەر پیگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا. ئەو ڕۆژنامەیە دەنوسێت ئەو هەواڵانە بە ڕێکەوت لە وەزارەتی بەگری ئەمریکا و کۆنگرێسەوە دزەیان کردوەتە دەرەوە و هیچ بەرپرسێکی ئەمریکا دەستی لە بڵاو بوونەوەیان دا نیە.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتە دا هاتوە: ڕفینەرانی فرۆکەکانی ١١ی سێپتامر لە نێوان مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٠ و مانگی فوریەی ٢٠٠١ی زایینی دا چەندین جار سەردانی ئێرانیان کردووە و بۆ هاتوچۆ کردن لە هێڵی ئاسمانی عەرەبستان- دیمشق و بەیروت کەڵکیان وەرگرتوە و هاوکات هەموو جارێک چاویان بە لێپرسراوێکی سەربازی گەورەی حیزبوڵای لوبنان کەوتوە.

لەو نێوانە دا دەور و کاریگەری گەورە تێرۆیستی لوبنانی " عێماد موغنیە" بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. ڕۆژی هەشتی سێپتامبر تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبیە لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل دا ئاشکرا کرد کە ئێران لە ڕێگەی عێماد موغنیە کە یەکێک لە ڕیبەرانی حیزبوڵای لوبنان بوو لە هێرشەکانی ١١ی سێپتامبر ئاگادار کراوەتەوە و زۆر پێش ئەو ڕووداوانە ئاگای لە ئامادەکاریەکانی ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە بووە.

عێماد موغنیە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی لە لایەن یەکەیەکی تایبەتی دەزگای سیخوڕی ئیسرائیلەوە لە دێمشقی پایتەختی سوریە تێرۆر کرا. موغنیە دوستایەتیەکی لە رادەبەدەری لەگەڵ ئایەتوڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دا هەبوو و گشت هەواڵ و ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ڕێگەی ئەووەوە بۆ ئێران دەگوازرایەوە، ئەوە جگە لەوەی کە یەکێک لە مۆرە سەرەکیەکانی سپای پاسدارانی ڕژیم لە ناو حیزبولای لوبنان دا دەهاتە ئەژمار.

پاش تێپەڕی ١٠ ساڵ بە سەر ١١ی سێپتامبر دا ٢٠٠ کەس لە بنەماڵەی قوربانیەکانی ئەو ڕووداوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پیویستن بۆ ئەوەی سکالانامەیەک دژ بە کاربەدەستانی ئێران بدەنە دەزگای دادوەری ئەمریکا. هاوکات دادگای فێدرالی ئەمریکا لە باشووری "منهتن" ڕاپۆرتێکی سەدان لاپەڕەیی کە لە لایەن کارناسانی تێرۆری نێودەوڵەتییەوە ئامادە کراوە لە بەردەست دایە، ئەوە جگە لە شایەتی ٣ کاربەدەستی پلە بەرزی ئیتلاعاتی ئێران کە خۆیان رادەستی حکومەتی ئەمریکا کردووە.

لەو ڕاپۆرتە دا جگە لە سکالانامەی بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە، دەیان بەڵگەنامەی دیکە بەرچاو دەکەون کە ئاماژە بە دەست تێدابوونی ڕژیمی تاران لەو هێرشانە دا دەکەن.

ئەلعەربیە لە زمانی خاتوو " جانس کیبهارت" کە ئەندامی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لەو هێرشانە بووە دەنوسێت: ئێمە کاتی خۆی گشت بەڵگەنامە کۆکراوەکانمان دایە کۆنگرێسی ئەمریکا و داوا لە کۆنگرە کرا کە بۆ بە دەست هێنانی بەڵگەی زیاترسەبارەت بە تێوەگلانی ئێران لێکۆڵینەوە زیاتر بکەن بەلام بە داخەوە مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنە کرا و بێدەنگەیان لێ کرد. بەڵام لە ولامدا " پاتریک کلاوس" کارناس لە بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: ئەگەر بێتوو ئەو مەسەلەیە گەورە بکرایەتەوە و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکرایە، ئەوا دەبوو حکومەتی ئەمریکا بە دواداچوونی بۆ بکات و لە ئەنجامدا هێرشێکی سەربازی بکردایەتە سەر ئێران، کە لەو

حاڵەتە دا ڕەنگ بوو هەڵوێستێکی لەو جۆرە بۆ حکومەتی ئەمریکا کارێکی ئاسان نەبوایە، چونکە نە دۆخی سیاسی جیهان و نە دۆخی سیاسی ناوخۆی ئەمریکا ڕێگەی بە کارێکی لەو چەشنە نە دەدا.

بنەماڵەی قوربانیەکان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە مەبەستیان لەو بەرز کردنەوەی ئەو سکالا نامەیە دژ بە حکومەتی ئێران، وەرگرتنی قەربوو نیە، بەڵکوو دیانەوێت بە سزادانی ئەنجامدەران و هاوکارانی ئەو کارە تێرۆریستیە، بەر لە دووبارە بونەوەی کردەوەی لەو جۆرە لە ڕادەی جیهانی دا بگرن.

تاکو ئێستا ڕژیمی ئێران هیچ کاردانەوەیەکی سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی ئەلعەرەبیە و ئێران دیپلۆماتیک نەبوە و پارێزەرانی ئەو بنەماڵانە چاوەڕێی هەڵوێستی ئێران دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١١

---

## پانزەی سێپتامبر ڕۆژی نێونەتەوەیی دێمۆکڕاسی

ڕۆژی ١٥ی سێپتامبری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی دێمۆکڕاسی دەستنیشان کراوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی بە مەبەستی پشتیوانی و داکۆکی کردن لە بزوتنەوە ئازادیخوازانەکانی گەلان دژ بە دیکتاتۆری لە وڵاتەکانیاندا، ڕۆژی ١٥ی سێپتامبری وەک ڕۆژی داکۆکی لە دێمۆکراسی ناودێر کرد. دیاری کردنی ئەو ڕۆژە لە کاتێکدا بوو کە وڵاتی میرنشینی قەتەر سەرۆکایەتی کۆنفرانسی نیونەتەوەیی دێمۆکراسییە نوێەکانی لە ئەستۆ دابوو. بە پێی ڕاسپاردەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەموو وڵاتی ئەندام لەو ڕێکخراوە دا دەبێ ئەو ڕۆژە لە ڕۆژمیری ڕەسمی وڵاتەکانیاندا بگونجێنن و هەوڵ بۆ چەسپاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی بدەن، ئەوە جگە لەوەی کە دەبێ هەموو هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیان بخەنە گەڕ.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ئەو داواکارییەی ڕەت کردووە و بە وتەی کاربەدەستانی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرە، لە جێگای دێمۆکراسی ڕۆژئاوایی، ئەوان لە وڵاتەکەی خۆیاندا " مردم سالاری دینی" بە

پەسندتر و گونجاوتر بۆ گەلڵ وڵاتەکەیان دەزانن هەر بۆیە هیچ ڕێزێک لەو بڕیارەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناگرن.

لە بەیاننامەیەک دا کە ١٥ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی و بە بۆنەی دیاری کردنی ڕۆژی دیمۆکراسییەوە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کرایەوە هاتووە: دیمۆکراسی بەهایەکی نێودەوڵەتی و جیهانیە کە لە سەر ئیرادەی ئازادیخوازی گەلانی جیهان بۆ دیاری کردنی نیزامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆیان و بەشداری ڕاستەخۆ و ڕاستەقینەیان لە گشت لایەنەکانی دیاری کردنی داهاتوویەکی گەش و ڕوناک و بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان بنیات نراوە. دەبێ هەموو وڵاتانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە جیهانییە دا هەوڵ کارا کردن و چالاک کردن و هاوکات پاراستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن و هاریکاری ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە بکەن کە لەو بواری چەسپاندنی دیمۆکراسی ڕاستەقینە و ناساندنی بە کۆمەڵانی خەڵکی خەبات دەکەن.

لەم ساڵانەی دوایی دا و بەتایبەت دوای پەرەسەندنی بزوتنەوە ئازادخوازانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا، گرنگی ڕۆژی ١٥ی سێپتامبر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەت گەلانی ئازادخواز کە لەو ماوەیە دا لەگەڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتەکانیان بەرەوڕوو بوونەتەوە گرینگی دیاری کردنی ئەو ڕۆژە بە باشی هەست پێ دەکەن. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا دەیان کۆڕ و سمینار و کۆنفرانسی جۆراوجۆر لە لایەن حکومەتەکان و بنیاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە زۆر وڵاتی جیهان ڕێکخراوە و لەو بەرنامە سمینارانە دا هەوڵ دراوە کە بە شیوکردنەوەی هەرچی زیاری لایەنە پۆزیتیڤەکانی ئەو بڕیارە و دیاری کردنی ئەو ڕۆژە، هەوڵ ئاشنا کردنی گەلانی ژێر دەست و تەنانەت ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانیش بە ڕێکارەکانی تێپەڕبوون و جولان بەرەو کۆمەڵگەی خەڵک سالاری و دەسەڵاتی راستەقینەی گەلان دراوە. ڕێکخەرانی ئەو کۆر و سمینارانە لە هەوڵی ئەوەدان کە بە ڕێکخستنی پانێل و ورکشۆپ هەوڵی قاییم کردن و هاریکاری دیمۆکڕاسییە تازە بنیاتەکان بدەن و تەنانەت ئەو وڵاتە تازە بە دێمۆکراسی گەشتووانە بکەنە بنکەیەک بۆ ناردنە دەرەوەی دێمۆکراسی بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری دەوروبەریان، چونکە لە ڕاستی دا زۆربەی هەرە زۆری حکومەتە دیکتاتۆرەکان لە چەند ناوچەیەکی دیاری کراو جیهان هەڵکەوتوون و هەڵکەوتوون و تەنانەت لە زۆر بواردا هاوشێوەی یەکترین.

دیمۆکراسی، کە لەئێراندا بە خەڵک سالاری تەرجومە کراوە، بەو شێوە دەسەڵاتانە دەگوترێ کە بنیاتی دەسەڵات لە ئیرادەی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەوە کۆمەلانی خەڵکن کە یاسا و ڕێساکانی بەڕێوەبەری وڵات دیاری دەکەن! لەو جۆرە سیستەمانە دا خەڵک لە دارشتنی یاسای دەسەڵات داری و سیاسەتی وڵات و تەنانەت ڕێبەڕی حکومەت دا دەورێکی کارا دەگێڕن و تەنانەت زۆرینەی باڵا دەست، پارێزەری ماف و داواکاریەکانی کەمینە دەبێت. بە واتایەکی تر ئەوە زۆرینەیە کە هەوڵی جەسپاندنی مافی کەمایەتییە ئایینی، نەتەوەیەکانی ئەو وڵاتە ئەدات و بە هەموار کردنی دەستور و یاساو ڕێساکان، دابەشکردنی دەسەڵات بە شیوەیەکی یەکسان لە ناو کۆمەلگەی ئەو وڵاتە دا دەدات.

ئازادی ڕاگەیاندن، ئازادی بیروباوەڕ، ڕێزگرتن لە مافی هاووڵاتیان و ڕێگە دان بە دروست بوونی کۆڕ و کۆمەڵ و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، دامەزراندنی یەکیەتی و سەندیکای جیا لە دەسەڵات بۆ پارێزگاری لە مافی تاکەکانی وڵات لە برگە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە یان سیستەمێکی خاوەن دیمۆکراسی ڕاستەقینەن. دیموکراسی لە ناو دەسەڵاتیش دا خۆی لە چەند برگەی سەرەکی دا دەبینێتەوە کە بریتین لە: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری و پاراستنی سەربەخۆییان، جیا کردنەوەی دین لە دەسەڵات و پاراستنی برگە و بەندەکانی یاسا نێودەوڵەتییە ناسراوەکان بۆ پاراستنی ئەسڵی ئازادی کۆمەڵانی خەڵک.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەی جیهانە کە تەنانەت سەرەتایی ترین بەند و برگەکانی بنیاتنانی دیمۆکراسی تێدا ڕچاو نەکراوە و تەنانەت دەیان جار لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و یەک لەوان کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دراوەتە بەر ڕخنەی توند.

دیارە لە وڵاتێک دا کە ولایەتی موتڵەقەی فقیە حاکم و دەسەڵاتدارە و هیچ یەک لە ئۆرگان و دەسەڵاتە یاساییەکانی وڵات، توانای ڕەت کردنەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ڕێبەری ئایینی وڵاتیان نیە، نەک دێمۆکراسی ڕاستەقینە و تەنانەت ئەو خەڵک سالارییەش کە خودی دەڕاستەکانی ڕژیم بانگەوازی بۆ دەکەن جێگیر ناکرێ، بەڵکوو ئەساس و بنیاتی دیمۆکراسیش بە تەواوی ئەکەویتە پەراوێزەوە. بانکی مۆن،ی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مانگی مارسی ئەمساڵ لە ڕاپۆرتێک دا ئاشکرای کرد کە لە دێسامبری ساڵی ٢٠١٠ بەم لاوە ڕەوشی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا زۆر لە جاران خراپتر بووە. زۆربەی داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و داکۆکارانی مافەکانی ژنان، ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخواز و پەیامنێرانی دژ بە دەسەڵاتی کۆماری

ئیسلامی، لە لایەن حاکمانی وڵاتەوە گیراون و هەرچەشنە هاوارێکی دیمۆکراسی خوازی لە وڵاتە دا بە توندی کپ دەکرێتەوە. بانکی مۆن داوای لە کۆڕی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە لێکۆڵەوەرێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دیاری بکات و بە زووترین کات ڕەوانەی ئەو ولاتەی بکات، بەڵام تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو حکومەتەی کە ئیدعای خەڵک سالاری دەکات ئامادە نەبووە ئەو ڕیپۆرتەرە قبوڵ بکات.

سەرەڕای ڕخنە و ناڕەزایەتیەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی " عەلی خامنەیی حکومەتی ئێران بە حکومەتی خەڵک سالاری ئایینی ناودەبات و ئیدعای ئەوە دەکات کە حکومەتەکەی لە جیهاندا بێ وێنەیە و داوا لە وڵاتانی جیهان دەکات کە لاسایی خەلکی ئێران بکەن و لە شیوەی ئەو حکومەتەی ئەوان لە وڵاتەکەیاندا دامەزرێنن.

هەموو کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران لە سەر ئەو بڕوایەن کە حکومەتەکەیان درێژەی دەسەلاتداریەتی سەرەتای ئیسلامی و حکومەتی محمەد پێغەمبەری موسڵمانانە. بەو پێیە خامنەیی خەلیفەی ئیسلامە و جێگرەوەی پێغەمبەرە، هەر بۆیە هەموو ئۆمەتی ئیسلامی دەبێ گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەو بن و هیچ دەسەڵات لە سەروو ئەوەوە نیە.

دیارە ئەوە تەنیا خامنەیی و داروودەستەکەی نین کە ئەو ئیدعایە دەکەن و خودی خومەینیش لەو بڕوایە دابوو کە دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو دەیڵێت. خومەینی کۆنەپەرست لەو بڕوایە دا بوو کە دەسەڵات دارانی وڵات هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن یاسا بنەڕەتییەکانی وڵات پێشێل بکەن و بە قازانجی خۆیان حکومەتی ئیسلامی چۆنیان پێ خۆش بێت ئاوا ڕەفتار بکەن. جا ئیتر ئەو حکەمەتە خەڵک سالارەی کە دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی وەک جێگرەوەیەک بۆ دیمۆکراسی پەسندکراوی جیهانیە دەبێ چی بێت و خەڵکی بەلا لێدراوی ئێران چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١١

## کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان لە خزمەت ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا بۆ سەرکوتی نەیاران و چاوەدێری ژیانی خەڵکی ئێران

بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵدەری بلۆمبێرگ، چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا بە پێدانی ئامێر و تکنۆلۆژی پێشکەوتوو بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران، هاریکاری ئەو حکومەتەیان کردووە لە ئاشکرا کردن، گرتن و ڕاوەدوونانی نەیاران و تێکۆشەرانی ئێران دا.

بە گوێرەی هەواڵ کۆمپانیای ئێریکسۆنی سویدی، شیرکەتی کریتیۆتی سۆفت واری بریتانی و هەروەها شیرکەتی ئاداپتیڤ مۆبایل سیکۆریتی ئیرلەندی لە ماوەی لانی کەم دوو ساڵی ڕابردوو دا چەندین سیستەم و کەرەستەی کۆنترۆڵ و چاوەدێریان بە ئێران فرۆشتووە کە هەر ئێستا لە لایەن هێزە سەرکوتگەر و دامودەزگا سیخوڕییەکانی ئەو وڵاتە دژ بە خەڵکی ئێران بە کار دەهێندرێن. بلۆمبێرگ سەدان بەڵگەنامە و وتووێژی لێپرسراوانی و تەکنیک کارانی پێشووی ئەو شیرکەتانەی هاوپێچی ڕاپۆرتەکەی کردووە و ئاماژە بەوە دەکەن کە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی ئێران بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویەوە بە هۆی ئەو ئامێر و سیستەمە ئوروپاییانەوەدەستگیر کراون.

یەکێک لە گیراوانی دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ بەناوی "سەعید پورحەیدەری" لە وتووێژێک دا لەگەڵ پەیامنێری بلۆمبێرگ دا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوای گیران و لێپرسینەوە لە جەلادخانەکانی ڕژیم دا، دادوەرەکە گشت ئەو وتووێژ و کورتە نامە تەلەفوونیانەی کە لە لایەن ناوبراوەوە بۆ دۆستان وهەڤاڵانی چووە لە بەردەست دابووە و وەک بەڵگەیەک بۆ مەحکوم کرانی بەکاری هێناوە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ی زایینی دا کۆمپانیای کریتیۆتی سۆفت وار سیستەمێکی بە ئێران فرۆشتووە کە هێزە ئەمنییەتیەکانی حکومەتی ئێران لە ڕێگەوەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانن تەلەفوونە گەڕۆکەکان لە هەر جێیەیەک بێت دەستنیشان و کۆنترۆڵ بکەن. ئەو سیستەمە لە توانای دایە کە کە هەر ١٥ چرکە جارێک خاوەن تەلەفوونی گەڕۆکی جێی مەبەست بۆ هێزەکانی ڕژیم بدۆزێتەوە و تەنانەت جێگەی ئەو کەسە لە سەر نەخشەی جوگرافی دیاری بکات.

کۆمپانیای ئاداپتیڤ مۆبایل سیکۆریتی نزیکەی ٣ ساڵ لەمەوبەر سیستەمێکی هاوشێوەی بە شیرکەتی تەلەفونی ئێران سێل فرۆشت کە دواتر ئەو سیستەمە بۆ سەرکوتی نەیارانی حکومەتی ئێران کەڵکی لێوەرگیرا. سەرەڕای ئینکار و نکولی کردنی ئاداپتیڤ موبیل لە بەکار هێنانی سیستەمەکەیان لە لایەن ئێرانەوە بۆ کاری سیخوڕی و کۆنترۆڵ، بەڵام چەند بەرپرسی پێشووی ئێران سێل ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەو سیستەمە بۆ سیخوڕی لەسەر خەڵک و نەیارانی حکومەت بە کار هێنراوە. دیارە ئەو کۆمپانیایە ئاشکرای کردووە کە لە کۆتایی ئەمساڵ دا و پاش کۆتایی هاتنی ڕێکەوتننامەی نێوانیان لەگەل ئێران بە نیاز نین ئەو ڕێکەوتنە نوێ بکەنەوە.

بە گوێرەی نووسینی بلۆمبێرگ، شیرکەتی پۆست و تەلەفۆنی ئێران لە کاتی کڕینی ئەو سیستەمانە دا داوای لەو کۆمپانیانە کردووە کە دەبێ گشت پاشەکەوت و کۆکراوەی کورتەنامە و وتووێژە هەڵگیراوەکانی مشتریەکان بەوان بدرێتەوە و ئەوانیش گشت ئاسانکارییەکیان بۆ دەستبەر کردوون.

دیارە ئەوە جاری یەکەم نیە کە هەواڵ و ڕاپۆرتی لەو شێوەیە لە سەر پەیوەندی ژێر بە ژێر و نهێنی کۆمپانیا و شیرکەتە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ ڕژیمی سەرکوتگەر و دژی گەلی ئیسلامی ئێران ئاشکرا دەبێت. ساڵی ڕابردووش هەواڵی هاوکاری کۆمپانیای سیمینزی ئالمانی لەگەڵ ئێراندا بووە سەردێڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتانی جیهان کە بە هۆیەوە شەپۆلێکی بەرینی ڕخنە وگلەیی و گازندەی ڕێکخراو وکۆر و کۆمەلە مرۆڤ دۆستە جیهانیەکان دژ بەو شیرکەتە کەوتەڕێ، کە سەرئەنجام سیمینز ناچار بوو گشت گریبەستەکانی لەگەڵ ئێراندا هەڵوەشێنێتەوە. کە دوای بەدوای ئەو شیرکەتێکی گەورەی چینی جێگەی گرتەوە.

سەرچاوە ماڵپەڕی رادیۆ فەردا

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١١**

# سپای پاسدارانی ڕژیمی ئێران گەورەترین تۆڕی مامەڵە و قاچاخچیەتی مادە هۆشبەرەکانە لە ئێران و جیهاندا

ڕۆژنامەی ئینگلیسی تایمز لە ڕاپۆرتێک دا کە ژمارەی ئەمڕۆی دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە بابەتێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە مامەڵە و قاچاخی مادە هۆشبەرەکان لە لایەن سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بڵاو کردووەتەوە. تایمز لە سەرەتای بابەتەکە دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئاگادارییانەی لە کاربەدەستانی پێشووی ڕژیم و باڵوێز و دیپلۆماتەکانی ڕژیمەوە دەست کەوتووە کە ئێستا پشتیان لە حکومەتی ئیسلامی کردووە.

بە پێی نووسینی تایمز قاچاخ و مامەڵەی مادەی هۆشبەر ساڵانە چەندین ملیارد دۆلار قازانج بە سپای پاسدارانی ڕژیم دەگەیەنێت، هەر بۆیە ئەو ئۆرگانە گرینگەی حکومەتی تاران ئێستا بە تەواوی دەستی بە سەر ئەو بازارە پڕ داهاتە گرتووە و لەگەڵ دەیان ڕایەڵەی کڕین و فرۆشی نێودەوڵەتی دا لە پەیوەندی دایە. ئەو کاربەدەستانەی پێشووی حکومەتی ئێران بە ڕۆژنامەی تامیزیان وتووە کە مەبەستی سەرەکی سپای پاسداران لەو کارە زەبرە دان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بڵاو کردنەوەی ئەو مادەماڵوێرانکەرە لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دایە.

تایمز لە درێژە دا نووسیویەتی: ئاشکرا بوونی ئەو بابەتە زۆر گرینگە سەبارەت بە قاچاخچییەتی سپای پاسداران بە مادەی هۆشبەرەوە هاوکاتە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتێکی دامو دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پەیوەندی لەشکری قودسی سپای پاسداران بە تاقمێکی گەورەی کڕین و فرۆشی مادەی هۆشبەرەوە لە مکزیک، کە لەو ڕێگەیەوە بە نیاز بوون باڵوێزی شانشینی عەرەبستانی سعودی لە ئەمریکا تێرۆر بکەن. کاربەدەستانی ئەمریکایی ئەو پەیوەندییە نهێنیەی نێوان ئێران و ئەو تاقمە مکزیکیە بە سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی بازاڕێکی گەورەتر بۆ ساخکردنەوەی کەرەستەکانیان لە بازارە نێودەوڵەتیەکاندا دەزانن.

ڕێکخراوی هەواڵگری ئەمریکا توانیەتی دوو کەس لە گەورە بەرپرسانی سپای پاسداران کە لە مامەڵە و قاچاخی مادەی هۆشبەر دا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە ئاشکرا بکات. یەکێک لەو دوو کەسە فەرماندەی سپای پاسداران لە تارانی گەورە، بە ناوی " سەردار عەبدوڵا عێراقی،یە" کە ڕاستەخۆ لەگەڵ تاقم و باندە خراپکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا دا پەیوەندی هەیە. کەسی دووهەم موحسین ڕفیقدووست، یەکێک لە فەرماندە بەناو بانگەکانی

سپا لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقە، کە هەم سالانی سەرەمی شەڕ و هەم ئێستاش پەیوەندی زۆر گەرمی لەگەڵ تاقمە خراپکار و قاچاخچی و ڕێگرەکانی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئوروپا دا هەیە.
یەکێک لە کاربەدەستانی پێشووی حیفازەتی سپای پاسداران بە ناوی " سەجاد حەق پەنا" بە ڕۆژنامەی تایمزی وتووە کە قاچاخچییەتی و مامەلەی مادەی هۆشبەر لە لای کاربەدەست و فەرماندە پلە بەرزەکانی سپای پاسدارانی ئێران بووتە کارێکی زۆر ئاسایی و ڕۆژانە و تاقمێک لە پلەدار و فەرماندەکانی سپا خۆیان ڕاستەوخۆ ئەو کارە دەکەن. حەق پەنا دەڵێ: سپای پاسداران بەشێکی زۆر لە تریاکی بەرهەم هێنراوی ئەفغانستان دەکڕێتەوە و لە ئێران دا دەیکات بە هێرۆئین و مۆرفین و پاشان لە ڕێگەی باند و گروپە خراپکارە نێودەوڵەتیەکانیەوە بە هەموو جیهاندا بلاوی دەکاتەوە. ناوبراو دەڵێ سپا بۆ ئالوگۆڕی ئەو موادانە لە ڕێگەگەلی تایبەت بە خۆی وەک گەمیە بازرگانییەکانی ئێران و فڕۆکە کەڵک وەردەگرێت و لەو بوارە دا توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە و ئیمکاناتێکی بێ سنووری حکومەتی ئێرانی لەبەر دەستدایە.

سەجاد حەق پەنا لە ماوەی ١٠ ساڵ کارکردنی لە حیفازەتی سپای پاسداران دا لێکۆڵیەوەیەکی باشی سەبارەت بەو پرسە گرینگە کردووە و زۆر لەو کەسانە دەناسێت کە سەرقاڵی ئەو کارەن. یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەو تۆڕە مەواد فرۆشیە کەسێکە بە ناوی " ڕەزا یوسف نژاد" کە خاوەنی سەدان لۆری و ئوتۆمبێلی بارهەڵگر و ئوتوبوسی نەفەرهەڵگرە و جگە لەوەش سەرپەرشتیاری ئەو گەشتانە دەکات کە بۆ سەردانی زیارتگە پیرۆزەکانی شێعە لە تورکیە و سوریە خەڵکی بۆ دێن، هەر لەو ڕێگەیەوە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر مادەی هۆشبەر ئاودیوی سنوورەکانی ئێران دەکات. ناوبراو دەڵێ من ماوەیەکی زۆر ئەرکی چاوەدێری ئەو کەسەم پێسپێردرا، بەلام هەموو جارێک فەرماندە و لێپرسراوانی سپای پاسداران لە گرتنی ناوبراو خۆیان دەپاراست. ئەو ئەندامەی پێشووی حیفازەتی سپای ئێران دەڵێ هەموو جارێک ڕێژەیەکی یەجار زۆر لەو مادە هۆشبەرانەی کە لە لایەن ئەوانەوە دەستی بە سەردا دەگیرا، لە عەمبار و کۆگاکانی سپا دا وون دەبوو و کەسیش بەرپرسایەتی ئەو کارەی نە دەگرتە ئەستۆ.
"ئەبولفەزڵ ئیسلامی" دیپلۆماتێکی پێشووی حکومەتی ئێران ئاماژە بەوە دەکات کە تێوەگلانی سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی لە مامەڵە و قاچاخچییەتی مادەی هۆشبەرەوە لە سالانی دەیەی ٦٠ هەتاوی و لەو کاتەی کە نرخی نەوت داشکانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی دەستی پێکرد. ناوبراو دەڵێ سپا بە ئاگاداری تەواوی کاربەدەستە هەرە پلەبەرزەکانی ولات ئەو کارەی دەست پێکرد و ئێستاشی لەگەڵدا بێت گشت کاربەدەستانی ولات ئاگایان لەو قاچاخچییەتییەی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# ڕاگرتنی مۆڵەتی هاتوچۆی گەمیە نەوتکێشە ئێرانییەکان ڕێگەیەکی نوێ بۆ ئابلۆقەی زیاتر ئەو وڵاتە

لە نوێترین هەوڵی ئەمریکا بۆ سەپاندنی سزای زیاتر بە سەر ڕژیمی ئیسلامی ئێران دا،

کۆنگرەی ئەمریکا بە نیازی پەسند کردنی بڕیارێکە کە بە هۆیەوە مۆڵەتی گشت ئەو کەشتی و گەمیە نەوتی بازرگانییە ئێرانیە رادەگیرێت کە لە ئێرانەوە نەوت بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەگوازنەوە، هەروەها مۆڵەتی گەڕان و دۆزینەوەی نەنوتیش بۆ شیرکەتە بێگانەکان قەدەگە دەکات.

بە پێێ ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە ژێر کارتێکەری ئەو گوشارە نوێیانە دا شیرکەتی نۆروێژی " دی ئێن وی" نۆروێژی کە لە ڕیزی کۆمپانیا گەورە نێوەولەتییەکان لە بواری ڕاگوێزان و دۆزینەوەی نەوت دایە و لە ئێران وەبەرهێنانی دەکرد، گشت ڕێکەوتننامەکانی لەگەڵ ئێراندا هەڵوەشاندووەتەوە. ئەو کۆمپانیە نۆرویژییە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا گشت نوێنەرایەتییەکانی لە ئێراندا داخست و کاری لێکۆڵینەوە و مۆڵەت پێدانی بە گەمیە و کەشتییە ئێرانی و بیگانەکان کە لە ئێرانەوە دەردەچن ڕاگرت و بە ١٥ تا ٢٠ سەکۆی گەڕان و دۆزینەوەی نەوتی جێگیر لە ئێرانی ڕاگەیاندووە کە کارەکانیان ڕاگرن و ڕێکەوتننامەکانیانی ڕاگرتووە.

وتەبێژێکی ئەو کۆمپانیایە دەڵێ بە ڕچاو کردنی بارودۆخی نێونەتەوەیی و ئەو دۆخەی لە ئێران هاتووەتە ئاراوە، کار کردن و وەبەر هێنان قازانجێکی ئەوتۆی نەماوە و وا باشترە کە پەیڕەوی لە سزا نێودەوڵەتییەکانی دژ بە ئێران بکەن.

بە گوێرەی نوسینی واشینگتۆن پۆست ئەمریکا دەیەوێت بە گوسار خستنە سەر ئەو شیرکەتە و هاوشیوەکانی، کەرتی بازرگانی و کڕین و فرۆشی نەوت لە ڕێگەی دەریاوە پەک بخات و بە هاندانی ئەو شیرکەتانە بۆ هەڵوەشاندەوەی ڕێکەوتننامەکانیان لەگەل ئێراندا تەنانەت ڕێرەوە ئاوییەکانیش لە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بگرێت.

هەرچەندە ئەوە جاری یەکەم نیە کە بڕیاری لەو شیوەیە لە لایەن مەجلیس و وەزارەتخانەکانی ئەمریکاوە سەبارەت بە راگرتنی مۆڵەتی کەشتیوانی ئێران دەردەچێت، بەڵام بەو حاڵەش هەر ئێستا چەندین شیرکەت و

کۆمپانیای گەورەی وەک " لویدز ریجیستەر، بیورو وریتاس و گرمانیش لویدس" کە لە بواری مۆڵەت پێدانی گەمیە بارهەڵگرکاندا کار دەکەن، لە ئێراندا ماونەتەوە و درێژە بە کاری خۆیان دەدەن.

هەرچەندە ئەو شیرکەتانە باش دەزانن کە شیرکەتی نەوتکێشی ئێران کە ساڵی ٢٠٠٩ بە ناو درا بە کەرتی تایبەت، بەڵام هێشتا هەر لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی دامودەزگاکانی حکومەتی ئێراندایە و بە نیازە بە کەڵک وەرگرتن لە توانا داراییەکانی وەزارەتی نەوت و بازرگانی ئێران، ڕێژەی گەمیە نەوتکێشەکانی زۆر زیاتر بکات، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵی دا هەیە و لە ژێر چاوەدێری ئەوندا ڕۆژانە نەوتی ئێران بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەگوازێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١١

---

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

---

## والستریت ژورناڵ: ئەمریکا لە ئەگەری هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نیگەرانە

ڕۆژنامەی والستریت ژورناڵ ڕۆژی شەممە ٢٤ی سەرماوەز لە ڕاپۆرتێک دا باس لە نیگەرانی لە ڕادەبەدەری ئەمریکا لە ئەگەری هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەکات و دەنووسێت: سەرەڕای ناڕەزایەتی توندی کۆشکی سپی دژ بە بیرۆکەیەکی لەو جۆرە، بەڵام ئیسرائیل لە حاڵی خۆئامادە کردندایە بۆ هێرش کردنە سەر دامودەزگا ناوەکیەکانی ئێران. ئەو ڕۆژنامەیە دەنووسێت دڵگرانی کاربەدەستانی ئەمریکا لەو هێرشە بە ڕادەیەکە کە بەردەوام بیر لەوە دەکەنەوە چۆن هێزەکانیان لە بەرکەوتنی پڕشکی ئەو شەڕە بپارێزن. ئەو ڕۆژنامەیە لە درێژە دا باس لەو پەیوەندیە نهێنیانە دەکات کە ڕۆژانە و بە شێوەیەکی بەردەوام لە نێوان سەرۆک کۆمار و وەزیری بەرگری

ئەمریکا و ڕێبەرانی ئیسرائیل دا ئەنجام دەدەرێت. بە گوێرەی ئەو هەواڵەی والستریت ژورنال، کاربەدەستانی ئەمریکا ڕێبەرانی ئیسرائیلیان لە ئەنجامە پر مەترسیەکانی هێرشێکی لەو جۆرە ئاگادار کردووەتەوە و پێیان ڕاگەیاندوون کە خۆ لە کارێکی وا بپارێزن.

ئەو ڕاپۆرتە والستریت ژورنال تەنیا سێ ڕۆژ پاش تیرۆری زانایەکی ئەتۆمی ئێران بلاو بووەتەوە کە کاربەدەستانی ئێران، ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیل بە تیرۆر ئەو زانایە و ئەوانی پێشتریش تاوانبار دەکەن و ئەو ولاتانەش ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکەنەوە. هەر لەو پەیوەندەیە دا ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە لەم ڕۆژانە دوایی دا وتووێژە تەلەفونیەکانی نێوان باراک ئۆباما و بنیامن ناتانیاهو،ی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل سەبارەت بە خۆ پاراستنی ئیسرائیل لە ئەنجامدانی هەر چەشنە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئێران زۆر چڕ بووەتەوە و تەنانەت بڕیارە حەفتەی داهاتوو بەرپرسی ستادی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بۆ ڕاوێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئیسرائیلی دا بگاتە تێلئابیب. هاوکات لەگەڵ بلاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتەی والستریت ژورنال، هەواڵی ئەوە بلاو کرایەوە کە حکومەتی ئەمریکا پەیوەندییەکی تەلەفوونیان بە بەیتی ڕێبەری ئێرانەوە کردووە و باسیان لە مەترسییەکانی داخستنی تەنگەی هورمز و ئاکامەکانی بڕیارێکی لەو جۆرە کردووە و تەنانەت بە ئێرانیەکان وتراوە کە داخستنی ئەو دەربەندە هێڵی سوورە و بەزاندنی بە قازانجی ئێران نیە. تاکوو ئێستا ڕوون نیە کە کاربەدەستانی ئەمریکا لە چ ڕێگەیەکەوە پەیوەندیان بە بەتی ڕێبەری ئێرانەوە کردووە.

لەوەتەی باراک ئۆباما لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی دا پۆستی سەرۆک کۆماری حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتووەتە دەست، ئەوە جاری یەکەمە کە دۆخی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بە تایبەت پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا تووشی ئالۆزی لەو جۆرە ببێت و مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە لەو ناوچەیە بێتە ئاراوە. هەرچەندە هەوڵ و کۆششەکانی ئەمریکا بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکە لەو ناوچەیە بە توندی بەردەوامە، بەلام کارناسانی سەربازی لەو بڕوایە دان کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ زۆر لە جاران زیاترە و هەموو لایەنەکان بە سڵیمینەوە لە ئنجامەکانی خۆیان بۆ ئامادە کردووە. کێ لەو شەرە دا براوە و کێ دۆراو دەبێ ئەو ڕەنگە دوای کۆتایی شەرە دیارە بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕادیۆ فەردا

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٢

# نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد براییم خانی یوونسی کۆچی دوایی کرد

براییم خانی یوونسی کوڕی سڵمان خانی یوونسی، ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری بانە و لە ناو بنەماڵەیەکی دەست ڕۆشتوویی ئەو شارە دا لە دایک بوو. بنەماڵەی براییم خان یەکێک لە گەورەترین بنەماڵەکانی شاری بانە بوون کە لە بە ڕچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەی حاجی ئەحمەد بەگی ڕیش کە یەکێک لە پیاوە ئازاکانی گرووپی دوانزە سوارەی مەریوان بووە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو تایەفە و بنەماڵەی براییم یونسی ئاغا بوون و خاوەن زەوی و زار و گوند و پاوانێکی یەکجار زۆر لە ناوچەی بانە بوون و چەندین گوندی وەک مجێسە و بەلوە و هتد،یان هەبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە براییم هەر لە سەرەتای لاوییەوە ڕووی لە خوێندن و قوتابخانە کرد و زۆر بە زوویی گشت ئەو پلانە لە خوێندنی بڕی کە لە شاری بانە و تەنانەت کوردستانیش دا هەبوون. لە هەڕەتی لاوەتییە بە هۆی کێشەیەکی بنەماڵەییەوە بانە جێ دێڵێ و ڕوو لە تاران دەکات. هەر لەو کاتە دا دەبێت کە لە دانشکەدەی ئەفسەری دەگیرسێتەوە و ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی تودەی ئێرانەوە دەگرێت. یونسی لە ڕیزی ئەو ئەفسەرانەی حیزبی تودە دا بوو کە پاش ئاشکرا بوونی، لە لایەن ڕوکنی ٢ی ئەرتەش و دەزگای سیخوڕی ساواکەوە گیرا و سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی یەکجار زۆر، سزای ئێعدامی بە سەر دا سەپێندرا. بەڵام بە هۆی ناتەواوی قاچییەوە کە لە کاتی خزمەتی سەربازی دا لە دەستی دابوو، سزاکەی بۆ سزای زیندانی هەتاهەتایی و کاری زۆرەملی بۆ کەمکرایەوە و بۆ تێپەراندنی سزای یەکساڵ بەندی تاکە کەسی ڕوانەی بەندیخانەی قەسر کرا.

بە هۆی زیرەکیەوە براییم خان لە زیندان دا خۆی فێری زمانەکانی فەرانسەوی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی دەکات، کە پاشان لە وەرگێڕان و نووسیەکانی دا پاڵپشتێکی باش بوون. ساڵی ١٣٤١ بەر لێبوردنێکی شای ئێران دەکەوێت و پاش ئازاد بوونی یەکەم کتێبی وەرگێڕدراوی بە ناوی" هونەری داستان نووسین" بڵاو دەکاتەوە. بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبە سەرەتایەک بوو بۆ براییم خان کە بێتە ناو جیهانی ئەدەب و نووسین و سەرەتایەک بۆ شۆڕشی نووسین و وەرگێڕان کە خۆی لە ٨٠ بەرهەمی وەرگێڕدراو و دەیان بەرهەمی نووسراوی خۆی دا بینییەوە.

براییم خانی یووسنی پاش ڕووخانی ڕژیمەکەی حەمەرەزا شای پەهلەوی و بە دەسەڵات گەشتنی یەکەمین حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی موهەندیس مەهدی بازرگان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، پوستی سەرۆکایەتی پارێزگای

کوردستانی پێسپێردرا. هەرچەندە سەردەمی دەسەڵات داریەتی یوونسی لە پارێزگای کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دەیان حیزب و ڕێکخراو و تاقمی سیاسی، بەڵام ناوبراو زۆر بە چاکی توانی ئەرکەکانی بە جێ بگەیەنێت و لەگەڵ خەڵکی کوردستان دا بگونجێ.

پاش دەستپێکی شەری ٣ مانگە و هێرشی بەربڵاو سپای جەهل و نەزانی بۆ کوردستان، براییم خان بە تەواوی وازی لە کاری سیاسی هێنا و بۆ جارێکی دیکە ڕووی لە تارانی پایتەختی ئێران کردەوە. لە ماوەی ٣٣ساڵی ڕابردوو دا زیاتر لە ٨٠ کتێبی ناوازەی لە زمانەکانی ئینگلیسی و کتێبێکیشی لە زمانی فەرانسیەوە وەرگێرایە سەر فارسی، ئەوە جگە لەوەی کە چەندین بەرهەمی دانسقەی سەبارەت بە کولتور و ئەدەبیات و ڕووداوە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بە تایبەت ناوچەی بانە خستە کتێبخانەکانی جیهان، ئێران و کوردستانەوە. ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوییەوە تووشی نەخۆشی لە بیرچوونەوە ببوو و چەندین ساڵ بوو بەو نەخۆشیەوە دەیناڵان، تاکوو سەرئەنجام کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ی ڕێبەندان لە تەمەنی ٨٥ ساڵی دا چاوەکانی لە سەر یەک دانا و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

هەر چەندە بەڕێز یوونسی تاکوو ئێستا هیچ بەرهەمێکی بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، بەلام بە نووسینەکانی کە باس لە مێژوو، ئابووری و کلتووری گەلی کورد بە زمانی فارسی دەکات، خزمەتێکی گەورەی بە کلتوری گەلەکەمان کرد و بووە هۆی ناساندنی هەرچی باشتری گەلی کورد لای نەتەوە فارسی زمانەکان و کەمەنەتەوەکانی دیکە جیگیر لە وڵاتی ئێراندا.

براییم خان سەرەرای دەوڵەمەندییەکی زۆری بنەماڵە و تایفەکەی لە شاری بانە و زانایی و توانای بێ ئەژماری خۆی لە بواری ئەدەب ونووسین دا، بەلام لەو پەڕی هەژاری دا و دوور لە خاک و نەتەوەکەی و لە غەریبی دا سەری نایەوە. وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە کە شوێنی لە دایک بوونیەتی بە خاکی دایک بسپیردرێت.

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی گەورەی براییم خانی یوونسی و یادی بەرز و بەخێر
لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە ناودارە دەکرێ ئاماژە بەو کتێبانەی خوارەوە بکرێت:

**نووسینەکان:**

١- هنر داستان نویسی - (١٣٤١)

٢- دلدادەها

٣- رویا به رویا

٤- ز

٥- مادرم دوبار گریست - (رمان)

٦- کچکلاه و کولی - (رمان)

٧- گورستان غریبان - (رمان) (١٣٥٨)

٨- زمستان بیبهار

٩- شکفتن باغ - (رمان)

١٠- دادا شیرین - (رمان)

١١- اندوه شب بی پایان

١٢- دعا برای آرمن

١٣- خوش آمدی - (رمان)

**کتێب و بابەتە وەرگێڕدراوەکان:**

١- آرزوهای بزرگ - چارلز دیکنز (١٣٣٦)

٢- ادبیات آفریقا

٣- تاریخ ادبیات یونان - رز هربرت جنینگز

٤- تکیەگاه - درایز تودور

٥- قیام شیخ سعید پیران - اولسن رابرت

٦- کردها و کردستان - درک کینان

٧- تاریخ معاصر کرد

٨- جنبش ملی کرد - کریس کوچرا کرد شناس فرانسوی

٩- هنر نمایشنامه نویسی

١٠- طوفان - ویلیام شکسپیر

١١- جنبه‌های رمان

١٢- اگر بیل استریت زبان داشت

١٣- کردها ترکها عربها - سیسل جی ادموندز

١٤- یک جفت چشم آبی - توماس هاردی

١٥- به دور از مردم شوریده - تامس هاردی

١٦- جود گمنام - تامس هاردی

١٧- موسیقی و سکوت - رز تره مین

١٨- بازگشت بومی - تامس هاردی

١٩- گشتی در کردستان ترکیه - شرین لیزر

٢٠- مردی که خورشید را در دست داشت - جک ریموند جونز

٢١- مسله کرد و روابط ایران و ترکیه - السن رابرت

٢٢- با این رسوایی چه بخشایشی - رندل جاناتان

٢٣- علامتچی - چارلز دیکنز

٢٤- داستان دو شهر - چارلز دیکنز

٢٥- چارلز دیکنز - هاردی باربارا

٢٦- دفتر یادداشت روزانه یک نویسنده - فئودور میخایلوویچ داستایفسکی

٢٧- کردها - مصطفی نازدار

٢٨- اسپارتاکوس - فاست هوارد

٢٩- جامعه‌شناسی مردم کرد (آغا، شیخ و دولت) - مارتین وان براینِسِن

٣٠- جنبش ملی کرد - کریس کوچرا

٣١- زندگانی و عقاید آقای تریسترام شندی - استرن لارنس

٣٢- دست تکیده - تامس هاردی

٣٣- تاریخ اجتماعی هنر - هاوز آرنولد

٣٤- سیری در ادبیات غرب - پریستلی، جان بوینتن

٣٥- تاریخ ادبیات روسیه - میرسکی سی دی

٣٦- میراث شوم - گیسینگ جورج

٣٧- لینمارا، عشق و آرزو - گاسکین کاترین

٣٨- زن شیشەای

٣٩- آشیان عقاب - هون کنستانس

٤٠- تامس هاردی - لویس سی دی

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی فێبریوێری ٢٠١٢

---

## ڕوسیە خۆی بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی قورس لە ناوچەی کەنداو ئامادە دەکات

حکومەتی ڕوسیە بە نیازە لە داهاتوویەکی نزیک دا پێگەیەکی موشەکی بە هێز لە دەریای خەزر دا دامەزرێنێت. فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕوسیە هاوکات لەگەڵ ئاڵۆز بوونی دۆخی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی بڵێسەی شەڕ لە ناوچەکە دا، بڕیاری داوە بنکەیەکی چاودێری لە نزیک سنوورەکانی ئێران دامەزرێنێت و کارناسانی سیاسی و سەربازیش لەو بڕوایەدان کە ئەو هەنگاوانەی ڕوسیە ئاماژەیەکن بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە نێوان ئێران و هێزە نێودەوڵەتییەکاندا.

نیکۆلای ماکارۆف،ی سەرۆکی ستادی سوپای ڕوسیە لە وتووێژێک دا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەی ئاشکرا کرد کە مۆسکۆ لە کاتی هەڵگیرسانی هەرچەشنە تێکهەڵچوونێکی سەربازی لە ناوچەکە، ڕێکاری تایبەت و جیاوازی هەیە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا وتی: ئێران جێیەکی زۆر هەستیار و پڕ ئازارە و لەوانەیە تا نزیک هاوین بە جۆرێک بڕیاری لە بارەوە بدرێت و ناکرێ ئەو دۆخە ئاوا بەردەوام بێت.

"پاوڵ فلگن هاور" کارناسی کاروباری سەربازی ڕوسیە لەو بڕوایە دایە کە ڕوسیە خۆی بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە ناوچەکە ئامادە دەکات. ڕوسیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە وڵاتانی قەوقاز و حەوزی

خەزەر ناچارە بە زوویی بکەوێتە خۆ و لە ڕاستی دا گواستنەوەی پێگە موشەکییەکانی و دامەزراندنیان لە وڵاتانی قەوقاز و هێنانی هێزی زیاتر بۆ ئەو ناوچەیەش هەر لەو سۆنگەوە دەبینێت.

لە لایەکی دیکەوە ئیگۆر گوربول،ی لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی ناوگانی سەربازی باشووری ڕوسیە هەواڵی جێگیر کردنی ئەو پێگە موشەکیانەی لە کەنارە ئاویەکانی دەریای خەزەر پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند لە ماوەی یەکساڵی داهاتوو دا ئەو پێگە موشەکیانە لە شوێنە لە پێشدا دیاری کراوەکان جێگیر دەکرێن و تەنانەت وا بڕیارە چەندین تاقی کاریشیان بۆ پێکانی خاڵە دەستنیشان کراوەکان پێ بکرێت. ئەو کاربەدەستە ڕوسی،یە ئاشکرای دەکات کە ئەو موشەکانە لە توانایاندایە لە هەموو کەش و هەوایەک دا چ بە شەو و چ بە ڕۆژ خاڵە دیاری کراوەکان لە ناو ئاوەکانی دەریا دا بپێکن.

لە لایەکی دیکەوە لئۆنید گوسییێف، یەکێک لە کارناسە پلەبەرزەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکانی زانستگەی نێودەوڵەتی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیە، دامەزراندنی ئەو پێگە سەربازیانە بۆ نزیک بوونەوەی وادەی هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە ناوچەکە دا دەگێڕێتەوە و دەڵێت کە ڕوسیە زۆر نیگەرانی ئەنجامەکانی شەڕێکی لەو جۆرەیە، هەر بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەی بەحری خەزەر دا ناچارە کە ئامادەکاری باش بکات.

لئۆنید گوسێیف لەو بڕوایە دایە کە هەڵگیرسانی هەرچەشنە شەڕێک دژ بە ئێران، بۆ ڕوسیە کارەساتێکی گەورەیە، هەربۆیە ڕوسیە گشت هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشگیری لە ڕوودانی ئەو شەرە خستووەتە گەڕ. ڕوسیە بە ڕاوێژ لەگەڵ دۆستەکانی و گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و باس و خواس لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕێکی لەو جۆرە بەکار دێنێت. ڕوسیە دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و بە دڵنیایەوە لەو پەیوەندییە دۆستانەیە بۆ پەشیمان کردنەوەی ئیسرائیلیەکان لە هێرشکردنە سەر ئێران کەڵک وەردەگرێت.

بەڵام گۆسێیف بە پێچەوانەی سەرۆکی ستادی هاوبەشی سوپای ڕوسیە کە پێی وایە لە نزیک هاوین دا کێشەی ئێران چارە سەر دەکری، دەڵێ: من پێوایە کە کێشەی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا، تا کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا درێژەی دەبێت، ئەوە جگە لەوەی کە ڕۆژئاواییەکانی هێشتا بە دۆخی

ناڵەباری سوریەوە سەرقاڵن و گشت بیر و فکریان لە سەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ڕوسیە تۆخ کردووەتەوە.

پاوڵ فلگن هاور لەو بڕوایە دایە کە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و هێزە دەرەکییەکان کارێکی حەتمی،یە و ناکرێ نکولی لێ بکری. ئەو پێی وایە کە ڕوسیە لەو شەڕە دا بەشداری ناکات و تەنانەت چۆنیەتی پشیوانی ڕوسیە لە ئێران و وڵاتانی جیرانی ئەو وڵاتە، پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆیی ڕوسیەوە دەبێت.

ناوبراو لە کۆتایی دا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گشت ئەو ئامادەکاریانەی ڕوسیە و هێنانی ئەو هەموو هێز و جبەخانەی سەربازییەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، نیشانەیەکی باشن بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی دژوار لە ناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی بە گشتی، کە لەوانەیە ئاگرەکەی تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٢

---

## بڵاو بوونەوەی شێعەگەری لە میسر و هۆشداری زانکۆی ئەلئەزهەر و سەلەفی

زانکۆی ئیسلامی ئەلئەزهەری میسر کە بە یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی ئایینی ئیسلامی ناوی دەبرێت و لە دارشتنی یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان، بە تایبەت لای موسڵمانە سوننیەکان جێگە و پیگەیەکی گرینگی هەیە، سەبارەت بە بڵاو بوونەوەی ئایینی شیعە لە میسر دا هوشدار داوە.

ئەحمەد ئەلتەیب سەرۆکی ئەلئەزهەر ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ - ٥ - ٢٠١٢ ڕایگەیاند کە بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ پێشگیری لە بڵاو بوونەوەی شێعەگەری لە میسر دا لەگەڵ گروپ و لایەنە سەلەفی، سۆفی و تاقمی ئیخوان ئەلموسلمین کۆبوونەوەیەکیان پێک هێناوە. کۆبوونەوەی ئەو گروپ و لایەنە سوننیە سەلەفی و توندڕەوانە لەگەل زانکۆیەکی گەورەی وەک ئەزهەر لە میسر دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە لە چەندین ماڵپەڕ و پیگەی ئیسلامی دا وێنەی مەلایەکی شیعەی لوبنانی بە ناوی عەلی کورانی بلاو کرایەوە کە بە هاریکاری بەربڵاوی دارایی حکومەتی ئێران سەرقاڵی بنیات نانی حسنییەیەکە بۆ شێعەکانی میسر. لەو وێنانە دا ئەو مەلا شێعە

لوبنانییە هاوڕێ لەگەڵ چەندین شێعەی لوبنانی دیکە و چەند ژن و پیاوێکی شێعەی میسری دەستیان بە ڕیورەسمی سینە زەنی و لە خۆدان بە شێوەی شێعەکانی ئێران و پاکستان و عێراق کردووە.

لایەن و گروپە سەلەفی و سوننە مەزهەبەکانی میسر ئەو کارەی شێعەکان بە مەترسییەک بۆ سەر کۆمەڵگەی میسر و ئایینی سوننە لەو وڵاتە دەزانن و پێیان وایە کە دەبی پێش بە بلاو بوونەوەی بگرێت. لایەنەکانی پشت ئەو کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە، پەنجەی تاوان بۆ لای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژ دەکەن و پێیان وایە کە سیاسەتە فراوانخوازانەکانی کاربەدەستانی ئەو ڕژیمە بووتە هۆی ئەوەی کە کارێکی لەو جۆرە لە میسر دا بکرێت. ئەوان لەو بروایە دان کە ئەو پاشاگەردانی و ئاشووبە بازاڕەی کە دوای ڕوخانی حکومەتەکەی حوسنی موبارەک لە میسر دا هاتە ئاراوە بووتە هۆی ئەوەی کە دەرگای هاتنە ناوەوەی ئێران بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسی میسر ئاواڵە بێت و ڕژیمی تاران لە هەژاری و نەبوونی خەڵک بۆ برەودان بە ئایینی شێعەگەری لەو وڵاتە دا کەڵکی خراپ وەرگرێت.

هەرچەندە ئەو حسینییەی کە لە لایەن عەلی کورانی،یەوە و بە پۆڵێکی زۆر و زەوەندی ڕژیمی تاران دامەزرابوو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی میسرەوە داخرا، بەڵام دەمڕاستەکانی ئایینی سوننە و بە تایبەت کاربەدەستانی زانکۆی ئەلئەزهەر لەو بروایە دان کە ئێران لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ پەرەپیدانی شێعەگەری و ئاوا بە سانایيش واز لەو مەبەستە گرینگەی ناهێنێت. گروپ و لایەنە سوننەکانی میسر نایشارنەوە کە ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی برەودان بە شێعەگەری، ئاگری شەڕێکی ناوخۆ لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی میسر دا هەڵگیرسێنیت و ئاڵۆزییەکانی پاکستانیش وەک نموونەیەک بۆ ئەو مەترسییەی خۆیان دەخەنە بەرچاو.

کاربەدەستانی زانکۆی ئەلئەزهەر دەڵێن کە جێی خۆیەتی حکومەتی میسر پەیوەندی سیاسی و ئابووری باشی لەگەڵ ئێران دا هەبێت، بەڵام باش وایە ڕیگە بە ئێران نەدرێت کە دەست لە کاروباری ناوخۆی میسر وەردات و لە جیاتی هاوکاری خەڵکی ئەو ولاتە بۆ سەقامگیری سیاسی، کێشەی ئایینی و تایەفەگەری بروە پێ بدات.

پیویست بە ئاماژەیە کە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نانەوەی ئاژاوە و دووبەرکی لە نێوان ئایین و ئایین زاکانی جیهان دا سالانە سەدان ملیۆن دۆلار دەدات بەو تاقم و دەستە توندڕەوانەی کە گوێ لەمستی ئەون و دەیەوێت بە بڵاو کردنەوەی بن ئاژۆیی ئیسلامی شێعە جێگە پێی خۆی لە هەموو ولاتانی جیهان دا بکاتەوە. گومان لەوە دانیە کە ئێران کێشەی نێوان لایەنە سوننە و شێعەکانی ولاتانی ئیسلامی بۆ مەبەستەکانی خۆی بە کار

دێنێت و دوور نیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا چەندین گروپ و تاقمی شێعە لە میسر دا سەرهەڵدەن و تەنانەت هەوڵی چوونە ناو حکومەت و سەرجاوەکانی دەسەڵات لەو ولاتە دابدەن.

خەڵکی میسر کە سەردەمی دەسەلاتداریەتی حوسنی موبارەک بە هۆی ئەو ئازادییە بەربڵاوەی کە لە بواری ژیانی ئاسایی و بە تایبەت لە بواری هونەر و سینەما و ڕەوشی بازرگانی دا بوویان، ئەمڕۆ و پاش ڕۆخانەی حکومەتەکەی موبارەک بەرەوڕووی تەنگژەی گەورەی ئابووری و بەربەستی گروپ و تاقمە توندڕەوە سەلەفی و سوننە مەزهەبەکانی ئەو ولاتە بوونەتەوە و لەوانەیە لە داهاتوو دا بۆ پێشگیری لەو گروپ و تاقمە توندڕەوە سوننە و سەلەفیانە ڕوو لە شێعەگەری بکەن و بیانەوێت خراپ بە خراپتر چارەسەر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٢

---

## ٦٣ هەمین ساڵەوەگەڕی پەسندکرانی جاڕی گەردوونی مافەکانی

ئەمڕۆ ڕۆژی ١٠ دێسامبر، ٦٢هەمین ساڵرۆژی پەسندکرانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤە. ٦٢ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی وەک ئەمڕۆ دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە زۆربەی دەنگ بڕیارنامەیەکی ٣٠ مادەیی پەسند کرد کە تێیدا باس لە پاراستی مافەکانی مرۆڤ لە گشت بوارە سیاسی، کولتوری، ئابوری، ڕەگەزی و تەنانەت ئایینیش دەکات. هەر لە بڕگەی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە دا کە دەڵێ مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و دەبی بە ئازادیش بژی تا دەگاتە خاڵی ٣٠هەمینی، گەشت ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە گەشت وڵاتانی جیهان دەستبەر کراوە و وەک ئەرکێک بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە واژووی ئەو بەیاننامەیان کردووە دیاری دەکات کە دەبی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ جیبەجی کردن و پاراستنی بەند و بڕگەکانی ئەو بەیاننامەیە بدەن.

بە داخەوە لە ماوەی ئەو ٦٢ ساڵە زۆر لە وڵاتانی جیهان بە جۆرێک خۆیان لە جێ بەجی کردنی بڕگەکانی دزیوەتە و تەنانەت پێشێلیان کردووە. یەکێک لەو حکومەتانەی کە ژێر ئەو بەیاننامەیەی واژوو کردووە، ئێرانە.

هەر ئێستا و لە ٦٢هەمین ساڵەوەگەڕی دەرچوونی ئەو بەیاننامەیە دا سەدان هەزار لە ئازادی خوازانی وڵات لە گشت نەتەوە و ئایین زا جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە لایەن کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کراو، ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن و تەنانەت سزای ئێعدام و سێدارەیان بە سەر دا دەسەپێندریت. لەو نێوانە دا گەلی کورد کە بە گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتی ئەم جیهانە دیتە ئەژمار، هەموو کات لە لایەن وڵاتانی داگیرکەری تورکیە، ئیران، عێراق و سوریەوە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی پێشیل کراوە. خاکی داگیر کراوە، ڕۆڵەکانی گیراون و لە سێدارە دراون و تەنانەت زمانی دایکی و جل و بەرگی خۆی لێ قەدەغە. ڕێگەی گشت چالاکییەکی کولتووری و چاندی لێ گیراوە و نەیانهێشتووە کە تەنانەت ناوی منداڵەکانیش بە دڵخوازی دایک و باوکان بوو‌بێت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٦٢ ساڵەی پەسند کردنی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەکەینەوە کە هەر ئێستا دەیان تێکۆشەر و ئازادی خوازی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی ئێراندا لە ژێر توندترین گوشار و ئەشکەنجەی جەلادەکانی ئەو حکومەتە ئیسلامییە کۆنەپەرستە دان. سەدان تێکۆشەر بواری مافەکانی مرۆڤ، سەدان ژنی چالاکوانی مافەکانی ژن و دەیان ڕۆژنامەنووس و نوسەر و ئەدیب و شانۆگەری کورد بەربە چالاکییەکانیان گیراوە و دەستبەسەر کراون. ئێمە لە کاتێکدا یادی پەسند کردنی ئەو بڕیارنامە گرینگە مێژوویی بەرز رادەگرین کە سەدان کرێکاری ماف خواز، سەدان کەس لە ئایین و ئۆلە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە لایەن ئەو ڕژیمە نگریسەوە دەستبەسەرن.

گەلی کورد لە ڕیزی ئەو گەلانە دایە کە لە دێرزەمانەوە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری دوژمنانی دا دەناڵێنێت و سەدان پیلان و بڕیاری پەسند کراوی وەک ئەنفال و شیمیایی باران و قەتڵی بە کۆمەڵی لە دژ دراوە و لەسەر تاقی کراوەتەوە.

لەو پەسندکراوە گرینگە نێودەوڵەتییە دا و لە چوارچێوەی ٣٠ خاڵ دا، باس لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ کراوە. لە خاڵەکانی ٣ هەتا ٢١ی ئەو بەیاننامەیە دا باس لە ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤەکان دەکات بە بێ جیاوازی ئایینی، ڕەگەزی، ڕەنگ و زمان و تێیدا هاتوو: هەر مرۆڤێک ئازادە کە چ بیروباوەڕێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵبژێرێت و لە کام کۆمەڵە و کۆڕ و ڕێکخراو دا ئەندام بێت. یان دەڵێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ سەربەستن بۆ پێک هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و دەبێ حکومەتەکانیان ڕێز لە بیروباوڕیان بگرن و کێشە نەخەنە

بەردەم پێکهاتنی ئەو ڕێکخراوە سیاسی و سنفی و کۆمەڵایەتییانە.

لە برگەی ٢٢ تا ٢٧ باس لە ئازادییە فەهەنگی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات بە بێ جیاوازی. بە گویرەی ئەو خاڵانە هەر مرۆڤێک ئازادە بۆ پێک هێنانی کۆڕ و کۆمەڵی چاندی و کولتوری، خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی و پۆشینی جل و بەرگی خۆی. هەر مرۆڤێک ئازادە لە کوێی ئەم جیهانە پێی خۆش بێت ژیانێکی شەرافەتمەندانە بە پێی یاسا و ڕێسا جیهانییەکان تێپەڕ بکات و کەس مافی ئەوەی نیە کە ئازادی ژیان لەوی دیکە زەوت بکات. مرۆڤەکان ئازادن لە خوێندن و نوسین بە زمانی خۆیان و دەبێ ئەو هەلە بۆ گشت تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بڕەخسێت کە بتوانێ بە ئازای ڕای خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دا دەربڕێت، بێ ئەوە تووشی هیچ چەشنە لێپرسینەوەیەک ببێت.

جگە لەو بەیاننامەیە و دوابەدوای ئەوە دەیان بەیاننامەی دیکە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤەکان پەسند کراوە کە جێی خۆیەتی لەم ڕۆژە دا ئاماژەیەکیان پێ بکەین.

١- ڕێکەتننامەی ژنێف کە تایبەتە بە مافی کۆجبەرییەوە
٢- ڕێکەوتننامەی پاراستنی مافی منداڵان.
٣- ڕێکەوتننامەی پاراستنی مافی ژنان و ڕێگرتن لە عەزیەت و ئازاری ڕەگەزی.
٤- بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دژ بە ئەشکەنجە.
٥- بڕیارنامەی پاراستی مافی کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتانی دیکە و ماڵ و خێزانەکانیان.
٦- ڕێکەوتننامەی جیهانی دژ بە پاکتاوی نەتەوەیی و ڕەگەزی و جینۆساید.
٧- ڕێکەوتننامەی لێپرسینەوە، گەڕان و دۆزینەوە و سزادانی تاوانبارانی شەڕ و مرۆڤایەتی.

ئەوە جگە لە دەیان بڕیار و پەسند کراوی دیکەی ڕێکخراوی وڵاتان، کە لەماوی زیاتر لە نیو سەدە پاش پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە هاتوونە گۆڕێ.

سەیر لەوە دایە کە سەرەڕای بوونی ئەو هەموو پەسند کراوە و بڕیارنامە گرینگە دان پێدانراوە نێودەوڵەتییە، هێشتا گەلی بەشخوراوی کورد لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی لە ٣ پارچەی داگیرکراوی وڵاتەکەی دا بێبەشە و

منداڵانی کورد مافی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان بە زمانی دایکی خۆیان لێ قەدەغە کراوە. هێشتا بەشێکی بەرچاوی مرۆڤی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعسی فاشیستی سوریە دا خاوەنی هیچ چەشنە ناسنامەیەکی فەرمی نین و وەک مرۆڤی پلە ٣ و ٤ سەیریان دەکرێت. لە باکووری کورستان دا هێشتا کورد وەک مرۆڤ سەیری ناکرێت و تەنانەت لە مافی قسە کردن بە زمانی دایکی بێ بەشە.

جێ خۆیەتی لەم ڕۆژە مێژووییە دا سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو خەباتگێڕە کوردانەی کە بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان لە هیچ قوربانی دان و لە خۆبووردوییەک درێغیان نەکردووە. سڵاو بنێرین بۆ ئەو شێرە ژن و پیاوانەی کە هەر ئێستا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەلادە داگیرکەرەکانی کوردستان دان و لە بەندیخانە دا ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن.

سڵاو بنێرین بۆ ئەوە هەزاران شۆڕشگێڕەی کە بۆ بە ئاکام گەیاندنی داوا ڕەواکانی گەلەکەیان و بە دەست هێنانی ئازادی و دیمۆکڕاسی دەستیان لە هەموو شتکێ ژیانیان هەڵگرتووە و ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەیان گرتووەتە بەر.

دڵنیان کە ڕۆژێک دا دێت خۆری سەربەستی و ئازادی لە ئاسۆی گەلی بەش مەینەتی کوردیشەوە هەڵدێت و وەک چۆن هەر ئێستا لە سایەی خوێنی شەهیدانی گەل و زەحمەت و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کوردەوە، لە باشووری کوردستان کورد خۆی فەرمانڕەوایی خۆی دەکات، ئاوا حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەبێتە بنیات نەر و پارێزەری ئازادی و دیمۆکراسی گەلەکەمان.

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگەی ئازاد و دیموکراسی

بروخی ڕژیمی دیکتاتۆر و دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٢

## وێنەگرە تایبەتەکەی ئەحمەدی نژاد و ئەو فیلم و وێنانەی بردنی بۆ ئەمریکا!!

دیی باک یەکێک لە گرینگترین کارە نهێنییەکانی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا "سی ئای ئەی" لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا ئاشکرا دەکات، نهێنییەک کە لەوانەیە بۆ ئێران کارەساتێکی گەورە بە دوای خۆیدا بێنێ. سەرچاوە زۆر ئاگادارە سیخوڕیەکان چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆی ئێرانەوە باس لەوە دەکەن کە "حەسەن گلخنبان" فیلم هەڵگرە تایبەتەکەی مەحمود ئەحمەدی نژاد، کە پاش سەردانەکەی ناوبراو بۆ نیویۆرک و بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبر ئامادە نەبوو لەگەڵ گرووپە ئێرانییەکە دا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، سەدان بەڵگەنامە، فیلم و وێنەی پێگە و بنکە زۆر هەستیاریە ئەتۆمییەکانی ئێرانی داوە بە دەزگای سیخوڕی ئەمریکا. لەو وێنە و فیلمانە دا سەردانی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی هەر لە خامنەیی و ئەحمەدی نژادەوە بگرە تا فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسداران بۆ شوێنە نهێنییەکانی ئێران بەرچاو دەکەن کە وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران سەرقاڵی توێژینەوە و بەرهەم هێنانی کەرەستەی ناوەکین.

گلخانبان چەند ساڵێک بوو جگە لە کاری وێنەگری و فیلم هەڵگرتن بۆ تۆڕی هەواڵی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، وەک یەکێک لە باوەڕپێکراوترین فیلم هەڵگرەکانی ڕژیم، هاوڕێ لەگەڵ هەموو کاربەدەستانی ڕژیم دا سەردانی گشت جێگە و پێگە سەربازییە نهێنی و ئاشکراکانی ئێرانی دەکرد و فیلمی لێ هەڵدەگرتن. بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو زۆر جێی بڕوای کاربەدەستانی ڕژیم بوو و لەگەڵ ئەحمەدی نژاد و گرووپە ١٤٠ کەسەییەکەی دا لە فڕۆکەخانەی تاران سوار فڕۆکە بوون، هەر بۆیە هیچ کەس سەیری جانتاکانی نەکرد و ناوبراو لەو هەلە کەڵکی وەرگرتووە و سەدان فیلم و هەزاران وێنەی دەگمەنی لەگەڵ خۆی لە ئێران هێناوەتەوە دەرەوە و لە نیویۆرک داویەتی بەو کەسانەی کە لە مێژ بوو چاوەڕێی ئەو دیارییە بە نرخانە بوون.

ئەو فیلم هەڵگرە ئێرانییە نوێترین و پڕناوەرۆکترین فیلمەکانی کە لە داودەزگا نهێنییەکانی ئێران لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و ڕادەستی سیخوڕەکانی ئەمریکا کردووە. لەو وێنە و فیلمانە دا هێندێک جێگە بەرچاو دەکەون کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێت، چاوەدێر و پشکنەرەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی سەردانیان نەکردوو و لێی ئاگادار نین. لەو ناو ئەو فیلمانە دا هێندێک گرتەی ویدیۆیی پەیوەندیدار بە پێگەی ناوەکی نەتەنەز، پێگەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە فردو، پێگەی سەربازی پارچین و بنکەی لێکۆڵینەوە ئەمیرئاباد بەرچاو دەکەون.

فیلمەکان نیشاندەری ئەوەن کە کاربەدەستە سەربازییەکانی ڕژێم بە وردی چۆنیەتی کارکردنی ئەو پێگە ناوەکیانە بۆ خامنەیی و ئەحمەدینژاد ڕون دەکەنەوە و تەنانەت دەنگی ئەو کاربەدەستانەشی بە جیا تۆمار کردووە. دیی باک لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا باس لەوە دەکات کە بە پێی ئەو ئاگادارییانەی کە لە سەرچاوە هەواڵییەکانیەوە بە دەستی گەشتووە، گلخنبان بە مەبەستی قاییم کاری، سەرەتاکانی مانگی دیسامبر هاوسەر و منداڵەکانی بە بیانووی سەردانی خزم و کەسانیان ناردووەتە تورکیە و وا پێ دەچێ ئیستا گەشتبنە واشنگیتۆن.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا ئەو بەسیجییە وەفادارە بە ڕژیمی ئێران، توانیویەتی متمانەی تەواوی داودەزگا ئاسایشی و سیخوڕییەکانی ڕژێم بە دەست بێنێت و ئەرکی زۆر هەستیاری وەک فیلم هەڵگری خودی خامنەیی و ئەحمەدی نژاد بگرێتە ئەستۆ و هەستیارترین هەڵسووکەوتەکانی ئەو دوو کەسە زۆر گرینگەی ئێران بکاتە فیلم و لە ئارشیڤی خۆیدا بیانپارێزێت. ناوبراو لە کاتی یەکەم سەردانی بۆ نیۆیۆرک دەکەوێتە داوی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا سی ئای ئەی و پیاوانی ئەو دەزگا سیخورییە توانیان قاییلی بکەن کە هاوکارییان بکات. گلخنبان لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا هەوڵی داوە زۆرترین فیلم و وێنە و گرتەی ویدیۆیی لە پێگە سەربازی و ئەتۆمییەکانی ئێران و تەنانەت کۆبوونەوە داخراوەکانی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران کۆبکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنی بۆ نیۆیۆرک و وەک باشترین دیاری پێشکەشی کاربەدەستانی ئەمریکای بکات.

ئەو فیلم هەڵگرە ئێرانییە کە ئێستا داوای مافی پەنابەری لە حکومەتی ئەمریکا کردووە، لە جێگەیەکی نادیار و لە ژێر چاوەدێری توند پۆلیسی ئامریکا دا پارێزگاری لێ دەکرێ، بۆ ئەوەی لە وەزەنی تێرۆریستانی ڕژیمی تاران پارێزراو بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## «مویان»، نووسەری چینی، براوەی خەلاتی ئەدەبیی نۆبیلی ٢٠١٢

ئاکادیمی پاشایەتی وڵاتی سوید ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی ئاشکرای کرد کە خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ئەمساڵ بە نووسەری بە ناوبانگی چینی «مو یان» دەدرێت.

هەموو ساڵێک لە مانگی ئۆکتۆبر دا چەندین خەڵاتی نۆبێل بە سەر کەسانێکی شارەزا و بە ناوبانگ دا دابەش دەکرێت کە لە بوارێک دا شارەزایی، یان داهێنانێکی باشیان هەبووبێت. ئەو خەڵاتە بریتین لە خەڵاتەکانی فیزیک، شیمی، ئەدەبیات، پزیشکی، ئابووری و ئاشتی. ماوەی چەند ساڵێک بوو خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بە کەسانێک دەدرا کە کەمتر ناسراو بوون و تەنانەت کەس نەیدەناسین، هەر بۆیە ئەمساڵیش وا چاوەڕوان دەکرا کە وەک ساڵانی پێشوو نووسەر یان نووسەرانێکی نەناسراو شانسی بردنەوەی ئەو خەڵاتەیان پێبدرێ، بەڵام ڕۆژی چوارشەممە بە ئاشکرا کردنی ناوی «مو یان»، چاوەڕوانییەکان گەیشتنە کۆتایی.

هەرچەندە ئاکادیمیی پاشایەتیی سوید بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نووسەر و ئەدیبە نەناسراوانە لە ساڵەکانی پێشوو دا بیانووی ئەوە بوو کە ئەو کارەیان بە مەبەستی هاندانی زیاتری نووسەر و ئەدیبە نەناسراوەکان کردوە بۆ ئەوەی هەلێک بەو کەسانەش بدرێ کە لەو بوارە دا لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بە ناوبانگێک بگەن، بەڵام دەستنیشان کردنی بەربژێری ئەمساڵ بۆ ئەو خەڵاتە، تا ڕادەیەکی زۆر گەڕانەوەیەک بوو بۆ سەر ئەو ئەسڵەی کە دەبێ خەڵات بە کەسانێک بدرێ کە بە تایبەت لە بواری ئەدەبی دا داهێنەر و بە ناوبانگ بن.

نووسەری تەمەن ٥٧ساڵەی چینی «مو یان»، بە یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار. ئەو توانیویەتی بە ئاوێتە کردنی ئەفسانەی کۆنی چینی، چەندین ڕۆمانی هەڵکەوتەی مێژوویی بێنێتە بەرهەم کە لە نەوعی خۆیان دا بە بوارێکی نوێ لە ڕۆماننووسی و گێڕانەوەی مێژوو ناو دەبرێن، هەر بۆیە توانیویەتی کە ناو و دەنگێکی باش بۆ خۆی نەک هەر تە نیا لە ناو وڵاتەکەی خویدا، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیش دا بە دەست بێنێت. ڕۆمانی « گەنمە شامیی سوور، یان بە واتا چینییەکەی هەرزنی سوور» کە بۆ سەر چەندین زمانی جیهان و یەک لەوان زمانی فارسی وەرگێڕدراوە، بووتە هۆی ئەوەی کە بەشیک لە ڕخنە گرانی «مو یان»، ناوبراو وەک داهێنەرەی «ڕیالیزمی خەیاڵی» ناودێر بکەن. ڕومانی هەرزنی سوور ساڵی ١٩٨٧ی زایینی ناوبانگێکی جیهانی

پەیدا کرد و تەنانەت گەورە دەرهێنەری چینی ژانگ ییمو فیلمیکی لە سەر ساز کرد کە پاشان لە فستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی برلین دا خەڵاتی ورچی ئاڵتوونی بەدەست هێنا.

«مویان» لە زمانی چینی دا بە واتای بێ زبان، یان لاڵ دێت. «مو یان» دەڵێ ناوی ئەسڵی خۆم « گوان مویە»یە، بەڵام بۆیە ناوی ئەدەبیی «مو یان»،م بۆ خۆم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کە لە وڵاتەکەی من و زۆر جێگەی جیهان دا قسە کردن سەبارەت بە زۆر شت یاساغ و قەدەغەیە، هەر بۆیە منیش ئەو نازناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد، خۆ هەرچەندە لەگەڵ واقیعی من دا یەکناگرێتەوە.

زۆربەی بابەت و بڵاوکراوەکانی «مو یان» بەتایبەت ڕۆمانە مێژووییەکانی چەندین کاردانەوەی جیاوازی لە وڵاتی چین بە دوای خۆی دا هێناوە. زۆر لە ڕخنەگرانی لەو برِوایە دان کە کەسایەتیی «مو یان»، بە هۆی نزیکایەتی لە دەسەلاتدارانی چینەوە، دوورە لە نووسینەکانی، بەڵام بەشێکی زۆریش لە خوازیارانی پێیان وایە کە نووسینەکانی ناوبراو، باس لە ناخی نووسەر دەکات و ڕووکەش ناتوانێ ناسێنەری کەسایەتی مرۆڤەکان بێت.

ڕۆمانەکانی نووسەر زۆر کات باس لە ژیانی سەخت و تاڵی گوند نشینەکانی وڵاتەکەی دەکات. هەرچەندە ئەو ساڵانێکی زۆرە لە ژیانی لادێوە دوورە و لە «پەکین»ی پایتەخت ئەژی، بەڵام ڕوومانەکانی هێندە لە ژیانی گوندنشینەکان نزیکن، کە کەس هەست بەوە ناکات ئەو گەورە نووسەرە دانیشتووی شار بێت. بۆ وێنە لە دوایین بەرهەمەکانی بە ناوەکانی « سزادان بە کورسییە دارەکان» و» ڕاپەڕینی سیر چێنەکان» دا، نووسەر هەوڵی داوە ژیانی ڕاستەقینەی وەرزێرەکان باس بکات. لە ڕۆمانی ڕاپەڕینی سیر چێنەکان دا «مو یان» باس لە ژیانی وەرزێرەکانی باکووری ڕۆژئاوای چین دەکات کە لە ڕێگەی چاندنی سیرەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن. بەڵام داوەدەزگا حکومەتییەکان کە ئەرکی کڕینەوە بەرهەمی جوتیارەکانیان لە ئەستۆیە، لە ناکاو لە کڕینەوەی ئەو بەرهەمە کە تەنیا سەرچاوەی داهاتی جوتیارەکان خۆ دەبوێرن و ئەو هەڵوێستەی کاربەدەستانی ناوچەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جووتیارەکان و هێرش کردنە سەر دامودەزگاکانی حکومەت. «مو یان» لەو ڕومانەشی دا هەر وەک هەرزنی سوور هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ون و کەمرەنگ مێژوو ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بکات. ژیانێک کە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی لە دەست کۆمەڵێک دەسەڵاتدار دایە و بۆ تێپەڕین لەو دەرگانە مرۆڤەکانی سەردەم دەوری پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی کۆنی چین دەگێڕن.

ئەو شێوازە لە کاری وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، هەم بەشێکی زۆر لە لایان گران و ڕخنە گرانی و هەم ئاکادیمی پاشایەتی سویدی هێناتەوە سەر ئەو قەناعەتەی کە نووسین و ڕۆمانەکانی «مو یان» شێوازێکن لە خەیاڵ، نارِوونی و ئەدەب لە قاڵبی مێژوو و سەردەم دا. شێوازێک لە نووسین کە مرۆڤەکان لە جیهانی پێشکەوتووی ئێستاوە دەباتەوە بۆ سەردەمانی کۆن و زیندوو کردنەوەی مێژوو بەڵام بە خەیاڵ و ناسک بینییەکی تایبەت کە کەم نووسەر و ئەدیبی سەردەم توانیانەی ئەو ڕێچکەیە بگرن.

ئالفرێد نۆبێلی داهێنەری سویدیی خەڵاتی نۆبێل، لە وەسیەتنامەکەی دا، پاش بوارەکانی فیزیک، شیمی و پزیشکی، ئەدەبیات وەک بواری چوارەم لە داهێنان دا ناودەبات. ئالفرێد نۆبێل لە سەر ئەو بڕوایە بوو کەسێک شایانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە کە خاوەن داهێنانێکی دەگمەن و گەورەی ئەدەبی بێت.

پیشانگای کتێبی فرانکفۆرت وەک گەورەترین پیشانگای جیهان و هەروەها دۆستانی ئەدەبیات لەو پێشانگایە، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ناساندنی براوەی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٢یان دەکرد. چونکا هاوکات لەگەڵ «مو یان»، چەندین نووسەری گەورەی دیکەش لە چەندین وڵاتی جیهان، لە ڕیزی بەربژێرەکانی ئەو خەلاتە دا بوون کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە کەسانێکی وەک « هاروکی موراکی- نووسەری گەوری ژاپۆنی، توماس مینچون و فیلیپ رۆس و باب دیلون لە ئامریکا، ویلیام تروور لە ئیرلەند و ئادۆنیس لە سوریە بکرێت.

لە ژمارە ٥٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣

## وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران گەورەترین و بە هێزترین دەزگای سیخوڕییە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین دا

نزیکەی ٣٠ هەزار سیخوڕ و بەگرێگیراو لە تۆڕی سیخوڕی و ئیتلاعاتیی ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا کار دەکەن.
وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی ٦٤ لاپەڕەیی دا کە سەبارەت بە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران ئامادەی کردووە، باس لە توانا و کارتێکەری ئەو وەزارەتخانە گرینگەی ڕژیمی تاران دەکات. لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە: چالاکترین و گەورەترین دەزگای سیخوری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانە کە خاوەنی نزیکەی ٣٠ هەزار ئەندامی ئاشکرا و نهێنییە.

ئەو سیخورانەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران هەموو چالاکییە سیخوڕی و تێرۆریستییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبەن. ئەو وەزارەتخانەیە کە ئیمکاناتێکی یەکجار زۆری دارایی لە بەر دەستدایە، بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتگیری لە چالاکییەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، حیزبوڵای لوبنان، حەماسی فەلەستینی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق دا دەکات.

چالاکییەکانی ئەو وەزارەتخانەی و ڕێکخراوەکانی گرێدراوی، گرینگی بەو وڵاتانە دەدەن کە بەرژەوەندییەکانی ئێرانی لییە. بۆ وێنە وڵاتانێکی وەک ئەفغانستان، عێراق، کوەیت، لوبنان، ئاسیای ناوەڕاست، ئەفریقا، ئوستراليا، ئازەربایجان، کرواسی، فەڕانسە، گورجستان، ئاڵمان، تورکیە، بریتانیا و هەموو قارەی ئەمریکا، بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ئێستا دا بە هۆی چالاکییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە وڵاتانی بولیڤی، بەرازیل، ئارژانتین، ئێکوادۆر و ڤێنێزوێلا، ئێران بووەتە مەترسییەکی گەورە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و هاوکات بووەتە هۆی نیگەرانی قووڵی کاربەدەستانی واشنگتۆن.

بە پێی لێکدانەوەی ئەو ڕاپۆرتە، هەوڵەکانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێی ئەمریکا بەشێکە لە ستراتیژی ئێران بۆ بڵاو کردنەوەی بیرۆکەی شیعە و هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی و هاوکات دژایەتی کردنی ئیسرائیل و دروست کردنی ڕایەڵەی سیخوڕی و تێرۆریستی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. بە تایبەت لە ئارژانتین کە ڕێکخراوی تێرۆریستی حیزبوڵای لوبنان بە توندی سەرقاڵی داڕشتنی گەڵالەی هێرش کردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلەوەیە و جگە لەوە بووتە پردێکی گەیاندنی کەرەستە و پێداویستییە سەربازییەکان لە ئێرانەوە بۆ لوبنان.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی پێنتاگۆن، وەزارەتی ئیلاعات لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی ئایەتوڵا عەلی خامنەیی دایە و یەکێک لە مەرجەکانی بوونە وەزیر لەو وەزارەتخانە دا مەلایەتیە. ئەو دەزگا سیخوڕییەی ئێران بی گوێدانە باری ئایینی و ڕەگەزی، بە دوای بەکرێگیراو و سیخوڕی نوێ بە تایبەت لە ناو عەرەب و جوولەکاندا دەگەرێ بۆ ئەوەی بەمەبەستی سیخوڕی لە ناو ئیسرائیل دا بەکاریان بێنێت.

لەو ڕاپۆرتە دا باس لەوە کراوە کە ئێران و سوریە لە ناوچەی باکووری سوریە و بەرزاییەکانی گولانەوە لە لوبنان، دەیان پێگەی بیستن و سیخوڕی و چاوەدێریان بە سەر وڵاتی ئیسرائیل دا بنیات ناوە و بەردەوام چاوەدێری جموجۆڵەکانی سوپای ئیسرائیل دەکەن.

ئەو ڕاپۆرتە بە ئاماژە بە قەتڵە زنجیرەییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینی دا، باس لە هاریکاری بەربڵاوی ڕوسیە لەو سەردەمە دا بە حکومەتی تاران دەکات و نووسیویەتی کە کۆمەڵێکی زۆر لە سیخوڕ و تیروریستەکانی ئێران لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایانی ڕوسیەوە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرا، بە تایبەت لە بواری چالاکی و کردەوە نهێنییەکاندا. دەزگای سیخوڕی SVR ی ڕووسی کە جێگرەوەی " کا گێ بێ"ی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، لەو بوارە دا دەورێکی کاریگەری هەبوو و سەرەڕای جیاوازی زۆری بیروبۆچوونی رووسەکان لەگەڵ دەزگای سیخوڕی ئێراندا، بەڵام هاوکاری ئەوان بە مەبەستی دژایەتی و بەربەستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە جیهان و ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و پێشگرتن بە هاتنە پێشی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بوو. سەرەڕای جیاوازی ئایینی و فکری نێوان ئێران و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بە تایبەت لە بواری ئایینیی واتە شیعە و سوننە دا، بەڵام ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو هاریکاری ئەو ڕێکخراوە دەکات و مەبەستی سەرەکی هەردوو لا دژایەتی ئەمریکا لە عێرا ق و ئەفغانستانە. هاریکاری ئەو دوو لایەنە تێرۆریستیە لە پاش هێرشە تێرۆریستییەکانی ١١ی سێپتامبرەوە زۆر

بەربڵاوتر بووە و لە ئێستا وەک هاوپەیمانی سەرەکی وان بۆ یەکتری.

لە کۆتایی ئەو ڕاپۆرتە دا هاتووە: ئێرانییەکان لە دوو شێوە کردەوەی تیرۆریستی دژ بە نەیارانی خۆیان کەڵک وەردەگرن! شێوەی یەکەم سیخوڕی، کاری تێکدەرانە و بۆمب نانەوە و کردەوەی تیرۆریستییە لەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەک دژایەتی ئێران دەکەن. شێوەی دووهەم تیرۆری دژبەرانی ڕژیم لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە. پاش هەڵاتنی سەردار عەلیڕەزا عەسگەری لە ئێران، کۆمەڵێک زانیاری بە سوود سەبارەت بە سیخوڕەکانی ئێران و بەکرێگیراوانی حیزبوڵا و تەنانەت زانیاری گرینگ سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی سوریە ئاشکرا بوو و یا خۆ گەشتە دەستی داودەزگا سیخوڕییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.

ئەو راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێران یەکەیەکی دژە سیخوڕی تایبەتی بە ناوی " هەڵۆی ٢" دامەزراندووە کە ئەرکی سەرەکی ئەو یەکەیە پارێزگارییە لە پێگە و بەرنامەی ناوەکی ئەو وڵاتەیە لە بەرامبەر هەرجەشنە هێرش و خراپەکارییەک دا.

سەرچاوە: دویچە ولەی فارسی"

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## لە ئێراندا تەنانەت باوەڕپێکراوترین ئەندامانی نیزامی ئیسلامیش سیخووڕییان بە سەرەوە دەکرێ

باس و خواسەکانی جێگیر کردنی میکرۆفۆن و کامێرای سیخوڕی لە ژووری کاری یەکێک لە نوێنەرە توندڕەو و بن ئاژۆکانی مەجلیسی ڕژیم بە ناوی عەلی موتەهەری، بووتە جێی سەرنجی خەڵکانێکی زۆر و تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەریش بووتە باسی ڕۆژ.

عەلی موتەهەری لە بابەتێک دا کە لە ماڵپەڕی شەخسی خۆی دا بڵاو کردووەتەوە، باسی لەوە کردووە کە ئامێری سیخووڕی لە ژووری کارەکەیدا جێگیر کراوە و بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردووە لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی حکومەتی ئیسلامی،یەوە چاوەدێری کراوە. ناوبرا لە بابەتەکەیدا دەڵێ: ئەو ئامێر و کەرەستانە هێندە وەستایانە جێگیر کرابوون کە کەس هەستی بە بوونیان نەدەکرد. ئەو دەڵێ کە چەند کەسێک لە ئەمجامەدەرانی ئەو کارە دەناسێت و ڕێوشوێنی یاسایی دەگرێتە بەر لە دژیان. موتەهەری کە بە یەکێک لە دەم شڕترین نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕژیم دێتە ئەژمار و بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردووە مایەی سەرئێشەی بەردەوام بووە بۆ سیاسەتەکانی حکومەتەکەی ئەحمەدی نژاد، لە درێژەی باسەکەیدا نووسیویەتی: لە کاتێکدا لەگەڵ یەکێک لە ناسراوترین نوێنەرانی مەجلیس کارێکی ئاوا دەکرێ، تۆ بڵێی دژ بە خەڵکانی ئاسایی چی بکرێ کە کەس ئاگای لێی نیە؟ بە بڕوای ئەو، کاربەدەستانی حکومەت هەوڵیان داوە کە بەرپرسانی ئەو کارە لە لێپرسینەوەی یاسایی دەرباز بکەن.

هاوکات لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵی سیخوڕی بە سەر عەلی موتەهەری،یەوە، باسی سیخوڕی دادودەزگاکانی ئاسایشی ئەمریکاش بە سەر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەوە یەکێکی دیکە لە گەرمترین بابەتەکانی دنیای نێت و مەجازییە. هەرچەندە سیخوڕی بە سەر موتەهەری و درکاندنی هێندێک ڕاستی لە لایەن یەکێک لە فەرمانبەرانی پێشووی دەزگای سیخوڕی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ناوی " ئێدوارد جۆزیف سنودن"ەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە یە، بەڵام دیسانیش بوونەتە سەردێری بابەتێکی هاوبەش بۆ بەکار هێنەرانی ئێران و بە جۆرێک کە بابەتەکان کراونەتە هۆکارێکی پێکەنین و گاڵتە پێکردن.

یەکێک لە بەکار هێنەرانی تویتەر نووسیویەتی: لەم ڕۆژگارە دا هەمووان خەریکی سیخوڕین، ئەی ئێوە چی؟ یەکێکی دیکە نووسیویەتی: هاوبەشی ئازیز دڵنیابە کە لە کاتی بە کار هێنانی تەلەفوونەکەت دا بە تەنیا نیت، بۆیە لە شوێنە چۆڵەکانیش دا دڵگران مەبە چونکا کەسانێک هەن کە بەدەوام گوێیان لێتە.

کەسانێکی زۆر ئەو باس و خواسەیان زۆر لا گرینگە و لەو بڕوایە دان کە ئیتر لەمەودوا هیچ کەسێک تەنانەت لە ژووری نووستنیش دا ئاسایش و ژیانی شەخسی پارێزراو نیە و ئیتر کەس نابێ بڕوا بەوە بکات کە نهێنییەکانی ژیانی پارێزراون.

مەسەلەی سیخوڕی و گوێگرتن لە هاووڵاتیانی ئێران لە لایەن دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە شتێکی تازە نیە و لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوو دا خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژانە شاهیدی ئەو کردەوە دزێوەی دەزگای ئیتلاعات و سیخوڕی ئێران بوون و هەن.

سەرچاوە: بەشی فارسی دۆیچە ولە

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٣

---

## لە ڕۆژئاوا سەرنج ڕاکیش و فریودەر، لەماڵەوە پەت و سێدارە

ئەو وتارە لە لایەن ڕۆژنامە نووسێکی ناسراوی سویدی بە ناوی " ڤۆلفگانگ هانسۆن"ەوە لە سەر دوو ڕوویی و ڕوحانی نووسراوە و لە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی سوید بە ناوی " ئافتۆبنلادێت" دا بڵاو کراوەتەوە.

لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی وا باس دەکرێ کە بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حەسەن ڕوحانی، ئێران ڕێرەوەێکی ڕێفۆرمیستی گرتووەتە بەر و ئیتر بۆ ئەوە دەبێ کە لەگەڵی بکەوینە مامەڵە و هاوکاری. بەڵام لە ڕاستی دا دۆخەکە لە ناوخۆی ئێران پێچەوانەی ئەوەیە کە باس دەکرێ. کۆمەڵێکی زۆر ئێعدام کراون و بارودۆخی بەندیخانەکان خراپتر بوون.

ئایا جیهانی ڕۆژئاوا فریوی خواردووە؟

حەبیبولا گوڵپەرییوور پاش دادگاییەکی تەنیا ٥ خولەکی، سزای سێدارەی بە سەر دا سەپێندرا. تاوانەکانی ناوبراو دژایەتی لەگەڵ خودا و فەساد لە سەر ئەرز بوون. ئێعدامی گوڵپەرییوور لە جێیەکی نهێنی جێبەجێ کراو و پاش ئەوەی کە لە سێدارە درا، ئینجا بنەماڵەکەیان لە مەرگی کوڕەکەیان ئاگادار کردەوە.

گووڵپەرپیوور تەنیا یەکێک لەو ٣٠٠ کەسە بوو کە پاش هاتنی ڕۆحانی بۆ سەر کورسی دەسەڵات، لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە لە سێدارە دراون. ڕێژەی ئێعدامەکان لەو ماوە کورتە دا سنوورەکانی تێپەڕاندووە و سەیر لەوە دایە کە بەشیکی زۆریان تاوانەکانیان هێندە قورس نەبوون کە سزای سێدارە بیانگرێتەوە و بەشێکیشیان دژبەرانی سیاسی حکومەتی ئیران بوون.

هەر لە ماوەی دەسەڵاتی کورتی ڕوحانی دا ئێعدامی ئاشکرا، لە شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکاندا بە شیوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. هێزەکانی ئاسایش و فەرمانگە خاوەن دەسەڵاتەکان هەزاران کەس لە گورەپانەکانی وەرزش دا کۆ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان شایەت بن کە چۆن مرۆڤێک ملی دەکرێ بە پەت دا.

" ئەفسانە وەحدەت کە کەسێکی بە ڕچەلەک ئێرانییەوە و ٢٢ ساڵ لەمەوبەر بۆ ڕزگار کردنی گیانی بە ناچاری وڵاتەکەی بە جێ هێشتووە و تا ئێستا نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، سەبارەت بەو ئێعدامانە دەڵێ: لە کاتی لە سێدارە دانی کەسێک دا، خەڵک هیچ چارەیەکی دیکەیان نیە جگە لە بێدەنگی و تێک نانی ناوچاونیان دژ بە کردەوەیەکی ئاوا دژی ئینسانی. لەوانەیە ڕوحانی بۆ خۆی ژێر هیچ کام لەو بڕیاری سزای ئێعدامانە واژوو نەکات، بەڵام ئەو ئاماژانەی کە ئەو دەیانێرێت بەسن بۆ ئەوەی کە کاربەدەستانی دیکەی وڵات چەندیان پێخۆش بێت لە سێدارەی بدەن. بڕیاری لەو شیوەیە لە لایەن "مستەفا پوورمحەممەدی"یەوە دەنێردرێن بۆ وەزیری دادی ئێران. پوورمحەممەدی بەرپرسی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵەی بەندکراوانی سیاسی ئێرانە کە ساڵی ١٩٨٨ ڕوویدا و تێیدا زیاتر لە ٢٠ هەزار زیندانی سیاسی ئێعدام کران. ناو هێنانی ئەو بیری هەموو ئەو خوێنانەمان دەخاتەوە کە لەو کاتە دا بە ناحەق ڕژان.

حکومەتی ئێران پێشتر بەندکراوە سیاسییەکانی لە ژێر ناوی تاوانبارێکی ئاسایی، یان مرۆڤێکی خراپەکار دا لە سێدارە دەدا، بەڵام ئێستا ئیتر بە ئاشکرا و بە بێ شاردنەوەی ئەوەی کە ئێعدام کراوەکان مرۆڤ گەلێکی سیاسین، لە سێدارەیان دەدەن.

لە ئێستا دا ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتێرناسیۆناڵ، هۆشداری داوە سەبارەت بە مەترسی ئێعدامی دوو چالاکوانی گیراوی کورد، بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مورادی، کە لە ژێر ئەشکەنجەی توند دا ناچار کراون دان بە تاوانی کوشتنی کوڕی مەلایەک دا بنێن. ئەوان لە کاتێکدا ئەو تاوانەیان خراوەتە مل کە بە پێی چەندین شاهید و

بەڵگە، لە کاتی کوژرانی کوڕی ئیمام جومعە دا لەو شارە نەبوون.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە جیهان بە نیازە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە ئێران بگۆڕێ. ڕوحانی دەیەوێت بە ڕواڵەت خۆی وەک ڕێبەرێکی مۆدێرن و مەعقوول نیشانی جیهان بدات. پاش ئەوەی کە چەندین ساڵ کاربەدەستانی ئێران، بە هێنانەوەی بیانوو و بەربەست درووست کردن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و دانووستانەکانی پەیوەندی دار بە بەرنامەی ناوەکی خۆی، بەڵام ڕوحانی لە ناکاو مەیلێکی بێ وێنەی بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا دا نیشان دا، بۆ ئەوەی کە بەڕواڵەت بیسەلمێنێ کە ئیران نایەوێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێت. لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە پایزی ڕابردوو لە نیۆیۆرک پێک هات، ڕوحانی بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە و پڕ لە فرت و فێڵ و بە زمانێکی نەرم و لە سەرخۆ لەگەڵ مێدیاکانی ئەمریکا دا تووێژی پێک هێنا و بە ئاشکرا کۆمەڵکوژی جووەکانی لە " هۆلۆکاست" مەحکوم کرد و بە جەنایەت دژی مرۆڤایەتی ناوی برد. ڕێک پێچەوانەی وتەکانی سەرۆک کۆماری پێشوو مەحمود ئەحمەدی نژاد کە ئینکاری ئەو کۆمەڵکوژییە دەکرد و خوازیاری فەوتان و سڕینەوەی ئیسڕائیل بوو لە سەر نەخشەی جیهان.

وا باس دەکرێ کە گوایا ڕێکەوتننامە واژوو کراوەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان لە دانیشتنەکانی کۆڕی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دۆخی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە و جیهانی خستووەتەوە سەر هێڵی ڕاست و ئێران پێ مل بووە کە دانووستانەکان ئاسایی ببێتەوە، لە بەرامبەریش دا داوای سووک کردنی سزا ئابوورییە سەپێندراوەکانی سەر وڵاتەکەی دەکات. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بە چاوخشاندنێک بە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەربکەوێت کە پەیوەندی ئەو دوو وڵاتە لە پاش دزینی ئاکامی شۆڕشی گەلای ئێران لە لایەن مەلاکانەوە لە ساڵی ١٣٧٩ دا، هیورییەکی وەک ئێستای بە خۆیەوە نەدیوە. تەنیا چەند مانگ لەوەبەر بوو کە سەرۆکی هەردووک وڵات لە ڕێگەی تەلەفوونەوە بە یەکەوە دووان. ئەوە بۆ جاری یەکەمە لە ماوەی تەمەنی حکومەتی ئیسلامی ئێراندا کە سەرۆکی ئەو دوو وڵاتە ڕاستەوخۆ بە یەکەوە بدوێن.

سەیر لەوە دایە کە ڕوحانی سەرەڕای ئەو هەموو گەڕموگوڕیی و ڕووخۆشییەی لە پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ دنیای دەرەوەی، بەڵام لە ناوخۆی ئێراندا ڕوخسار و کردارێکی تەواو جیاوازی هەیە. هاوکات لەگەڵ شەپۆلی ئێعدام و کوشتاری نەیاران دا، دۆخی زیندانەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچن. ئاست و ڕێژەی خواردنی بەندکراوەکان زۆر خراپ بووە و هیچ چەشنە میوە و سەوزییەکیان نادرێتێ و دەبێ خۆیان بیکڕن. ئەوە جگە لەوەی

کە دەستیان بە دکتور و دەرمان ڕاناگات و مردنی زیندانی بە هۆی نەگەیاندنی لە کاتی خۆیدا بۆ نەخۆشخانە، بووتە شتێکی ئاسایی.

مەترسی سەرەکی لەوە دایە کە ڕۆژئاوا لە خۆفی پێشگیری لە هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەشتنی بە چەکی ئەتۆمی، هەموو ئەو پێشێلکارییانەی کە دژ بە مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆی ئێراندا لە لایەن ئەو ڕژیمەوە دژ بە خەڵکی ئەو وڵاتە ڕۆژانە ئەنجام دەدەرێن بخاتە گۆڕەوە و لە بیر خۆی بباتەوە.

ئیلیزابێت لۆڤگرێن لە ئامنستی ئینتێرناسیۆناڵ دەڵێ: ئەو کارەی ڕۆژئاوا وەک ئەوە وایە کە ڕوحانی و دەسەڵاتدارانی ئێران بگریتە باوەشێکی گەرم و کێشە ناوخۆییەکان و هەرچی کە لەو وڵاتە دا دژ بە خەڵکی سڤیل ڕوو دەدەن، دیزە بە دەرخۆنە بکەیت.

وەرگێڕانی لەو سویدیەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## دەی دێسامبر، ڕۆژی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و چەند وتەیەک

٦٥ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆ دا جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پاریسی پایتەختی فەڕانسە واژوو کرا. ئەو جاڕنامەیە ڕۆژی ١٠ی دێسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، لە لایەن ئەلنوور ڕۆزوێلیت، ژنی سەرۆک کۆماری کۆچکردووی ئەمریکا فرانکلین ڕۆزوێڵتەوە خوێندرایەوە و کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بریتی بوو لە ٤٦ وڵاتی ئەندامی فەرمی، ئەو پرۆژە گرینگەیان واژوو کرد. کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە ئامادە نەبوون دەنگ بەو جاڕنامەیە بدەن و لەو بڕوایە دا بوون کە سەروەری حکومەتەکان پێشێل دەکات، کە لە ڕیزی ئەو وڵاتانە دا دەکرێ ئاماژە بە وڵاتانی وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، عەرەبستانی سعودی و ئەفریقای باشوور بکرێ.

ئەو بەیاننامەیە کە لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی دا لە لایەن النوور ڕۆزوێلتەوە خوێندرایەوە، ئاکامی ماندوو بوون و هەوڵ و کۆششی سەدان یاسا ناس و پرۆفسۆری گەورەی جیهان و کۆکراوەیەک بوو لەو یاسا و بڕیاراتە نێودەوڵەتیانەی بوو کە ساڵەکانی ١٦٨٩ لە ئینگلیس، بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ و بەیاننامەی مافی مرۆڤ کە پاش شۆڕشی فەڕانسە، لە ٢٦ی ئوتی ١٧٨٩ دا نووسرابوون. ئەو بەیاننامەیە سەرەتا لە ٣٠ بڕگە پێکهاتبوو، کە گرینگترینیان ئەوە بوو کە ئاماژە کرابوو مرۆڤەکان هەموو وەک یەک و خاوەن مافی هاوبەشن و دەبێ هەموو وەک یەک سەیریان بکرێ.

ئەو جاڕنامەیە هەرچەندە بە یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار، بەڵام بە کەم و کورییەکی زۆرەوە لەو ڕۆژە دا پەسند کرا، بەلام ساڵانی دواییتر و لە چەندین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا گۆڕانکاری تیدا پێک هات و هاوکات دەیان وڵاتی دیکەی تازە پەیوەست بوو بەو ڕێکخراوەیەوە، واژووی خۆیان لە ژێر دا.

سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانی دوایی تر و پاش چەندین گۆڕانکاری گرینگ لەو جاڕنامەیە دا، زۆربەی هەرە زۆری ولاتانی جیهان ئەو ڕێکەوتننامە گرینگەیان واژوو و پەسند کرد، بەڵام بە درێژایی دەیان ساڵی بڵاو بوونەوەی ئەو بڕیارنامەیە و تاکوو ئێستاش بڕگە و بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە لایەن خودی ئەو وڵاتانەوە پێشێل دەکرێت. بە تایبەت لە وڵاتانی جیهان سێهەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەروویی هەموویانەوە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەربەدەر کردن و کۆچی زۆرەملی، کوشتنی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە، سوتاندن، خاپوور کردن، بەکار هێنانی چەکە قەدەغە کراوەکان و هەزاران جەنایەت و پێشێلکاری دەرحەق بەو ڕێکەوتننامەیە ئەنجام دراوە.

کوشتنی دیلەکانی شەڕ و ئێعدامی بە کۆمەڵی خەڵکی بێتاوان، بەردباران و هەڵواسینی بەندکراوان بە بەرچاوی خەڵکەوە و دەیان جەنایەتی دیکەی لەو شێوەیە، لەڕیزی ئەو پێشێلکارییانە دان کە بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو، دژ بە گەلی کورد و لە سەر دەستی داگیرکەرانی وڵاتی دابەشکراومان ئەنجام دراون.

ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە ریزی ئەو حکومەتە داگیرکەرانەی کوردستان دایە کە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات

گەشتنییەوە، لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ نەک تەنیا دژ بە گەلی کورد، بەڵکوو دژ بە هەموو گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دەستی نەپاراستووە و هیچ جەنایەت و خیانەتێک نەماوە کە لە لایەن دەسەڵات دارانی ئەو وڵاتەوە دژ بە خەڵک ئەنجام نەدرابێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەی کە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی پەسند کردووە و واژوویی لە ژێر هەموو ئەو ڕێکەوتننامە داوە کە باس لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتەییە ئایینی و نەتەوەییەکان دەکات، بەڵام ئەو حکومتی تاران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دەیان جار لە لایەن کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووە و ڕێکخراوەکانی داکۆکی کاری مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە، بەڵام هێشتا لە سەر پێشێلکاری بەردەوامە و ئەو بڕیارنامانە هیچ کارتێکەرییەکی ئەو تۆی لە سەر کرداری ئەو حکومەتە دیکتاتۆرە نەبووە. گرتن و ئەشکەنجەی ڕۆژنامە نووسان و جیابیران و تەنانەت کوشتنی بە نهێنی نەیارانی سیاسی لە ئێراندا بووتە کارێکی ئاسایی و بە گشتی کەم مرۆڤ ماوە لەو وڵاتە دا کە لە جیات پاراستنی مافەکانی، تووشی ئەزیەت و ئازار نەبووبێ.

بۆ ئێمەی کورد کە سەدان ساڵە چ لە لایەن داگیریکەرانی وڵاتەکەمان و چ لە لایەن وڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە زوڵم و بی عەداڵەتیمان دەرحەق دەکرێ و مافە سەرەتاییەکانی ژیانمان لێ زەوت کراوە، زۆر گرینگ و پێویست کە جگە لە ناسین و ئاشنا باوون بە یاسا و ڕێسا جیهانییەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە، هەوڵی جێگیر کردن و پاراستنی ئەو یاسانەش بدەین و هەوڵ بدەین کە بڕگە بە بڕگە و خاڵ بە خاڵی ڕێکەوتننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە نزیکەوە بخوێنینەوە بە شیکاری و لێکدانەوەی عیلمی درووست، هەوڵی جێگیر کردنیان سەرەتا لە ناو خۆماندا و پاشان لە کۆمەڵگا و وڵاتەکەماندا بدەین و هاوکات دەبێ ئێمەی کورد کە یەکێک لە گەورەترین قوربانییەکانی پێشێلکارییەکانی مافەکانمانین، هەوڵی جێگیر کردنیان لە کومەڵگەی کوردستان دا بدەین.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بڕگە و خالەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لە خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو بڕیارنامەیە دەخەینە بەر دیدەی ئێوەی ئازیز.

## دەقی ڕاگەیانراوی جیهانی مافی مرۆڤ بە کوردی

**ماددەی: ١**

هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابڕوو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابەرن . هەموویان خاوەنی عەقل و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجووڵێنەوە.

Article 1:

All human beings are born free and equal in dignity and rights. They are endowed with reason and conscience and should act towards one another in a spirit of brotherhood.

**ماددەی: ٢**

هەر کەس دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێک بەتایبەتی لە باری رەگەز، رەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاو گیرانی رەچەڵەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی، دارایی‌و سامان، چونیەتیی لە دایکبوون یا هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو مافو ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون.

هەروەها نابێ هیچ چەشنە فەرق‌و جیاوازی‌یەک لەسەر بناغەی وەزعی سیاسی، قەزایی یا نێونەتەوەیی وڵاتێک یا سەرزەوی‌یەک کە مرۆڤێک پێیەوە بەستراوەتەوە، رەچاو بکرێ. چ ئەو وڵات یا سەرزەوی‌یە سەربەخۆ بێ، چ سەر بە وڵاتێکی دیکە یا خودموختار بێ، یا دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی بە جۆرێک بەرتەسک کرابێتەوە

**ماددەی: ٣**

هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئەمنییەتی تایبەتی خۆی هەیە.

**ماددەی: ٤**

هیچ مرۆڤێک نابێ بکرێتە کۆیلە و، کڕین‌و فرۆشتنی کۆیلەکان بە هەر شێوەیەک بێ، پێشی پێ دەگیرێ.

**ماددەی: ٥**

هیچ کەس نابێ ئەشکەنجە بدرێ یا بکەوێتە بەر رەفتارو سزای زۆردارانەو دژی ئینسانی‌و، سووکایەتیی پێ بکرێ.

**ماددەی: ٦**

**هە مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کەسایەتی‌یە حوقووقی‌یەکەی لە هەموو جێ‌یەک بە رەسمی بناسرێ.**

**ماددەی: ٧**

**ئینسانەکان لە بەرامبەر قانووندا یەکسانن‌و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازیدانانێک لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لەبەرامبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە پێشێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.**

**ماددەی: ٨**

**لەبەرامبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەرەتی‌یەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ئەو مافانە بەهۆی قانوونی بنەرەتی یا هەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پێدانراوە، هەر کەس مافی هانا بردن بۆ دادگا نەتەوەیی‌یە بڕوا پێکراوەکانو داواکردنی پێڕاگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە. ماددەی 9هیچ کەس نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێو یا دوور بخرێتەوە.**

**ماددەی: ٩**

**هیچ کەس نابی سەرەرویانە دەستبەسەر، زیندانی یان شاربەدەر بکریت.**

**ماددەی: ١٠**

**هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەو پەڕی بەرابەری لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بەکێشە و سکاڵاکەی رابگەن و دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکانو پێویستی‌یەکانی وی یا هەر تاوانێک کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.**

**ماددەی: ١١**

**هەر کەسێک بە هەر تاوانێک تاوانبار کرابێ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆ کردنی ئەو دابین کراون، تاوانبار بوونی وی بەشێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتوە، بە بێ**

تاوان دەژمێردرێ.

هیچ کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێک یا ئەنجام نەدانیکارێک کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی یا نێونەتەوەییەکان بە تاوان نەناسراوە، مەحکووم ناکرێ. هەروەها هیچ کەسێک نابێ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاری کراوە، مەحکووم بکرێ.

**ماددەی: ١٢**

هەر چەشنە خۆتێهەڵقوتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کارو باری بنەماڵەیی، ماڵو شوێنی مانەوە و نامە نووسینی مرۆڤەکاندا،هەروەها هەر کار و کردەوەیەک کە زیان بە شەرەف، نامووس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێک بگەیەنێ، مەحکوومە. لە بەرامبەر ئەو جۆرە خۆتێهەڵقوتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیرێ.

**ماددەی: ١٣**

١- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێکدا ئازادانە هاتوچۆ بکاو بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێ

٢- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێک بە وڵاتەکەی خۆشیەوە بەجێ بێڵێ یا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی

**ماددەی: ١٤**

١- لە بەرامبەر ئەشکەنجەو ئازاردران و راوەدوونران، هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێ و پەنا بباتە بەر وڵاتێکی دیکە

٢- ئەو کاتانەی کەسێک سەبارەت بە تاوانی گشتیو ناسیاسی و بەهۆی کردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانجو ڕێوشوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕادەدوونان، ناتوانێ لەم مافەی کەلک وەربگرێ.

**ماددەی: ١٥**

١- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە "تابعیت"ی (مافی هاونیشتمانەتی) پێ بدرێ

٢- هیچ کەس نابێ لە خۆوە لە مافی هاونیشتمانەتی یا لە مافی گۆڕینی هاونیشتمانەتی بێبەش بکرێ

**ماددەی: ١٦**

١- هەر ژن و پیاوێک کە گەیشتنە تەمەنی خۆناسین (بالغ بوون)ەوە، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاو گرتنی هیچ سنوورێک لە باری رەگەز، نەتەوایەتی یا ئایینەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێک بێنن. لە تەواوی ماوەی ژنو مێردایەتیو هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژنو پیاو لە کاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەشدا مافی بەرامبەریان هەیە.

٢- پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش دەبێ بە رەزامەندیی تەواوو ئازادانەی ژنو پیاو بێ

٣- بنەماڵە کۆڵەکەی سروشتی و بنەرەتیی کۆمەڵگەیە و دەبێ لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ بکرێ

**ماددەی: ١٧**

١- هەر کەسێک بە تەنێ یا بە شێوەی بەکۆمەڵ مافی خاوەنەتی (مالکیت)ی هەیە

٢- هیچ کەسێک نابێ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بێبەش بکرێ

**ماددەی: ١٨**

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدانو دینی هەبێ. ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یا بیرو باوەڕ و هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنیبیروڕا لە چوارچێوەی فێر کردنی ئایینی، بە جێهێنانی رێوشوێنەکانو بەرێوەبردنی رێورەسمە ئایینیەکاندا چ بە شێوەی تەنیا یا بە کۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یا گشتیی هەیە.

**ماددەی: ١٩**

هەر کەس مافی ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕای هەیە و ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوە کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە وەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاو گرتنی تێبینیە سنوورییەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە رابگا.

**ماددەی: ٢٠**

**١- هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەنو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ**

**٢- هیچ کەس نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ**

**ماددەی: ٢١**

**١- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە راستەوخۆ یا لە رێگای نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵیان دەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ**

**٢- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی وەدەست بێنێ**

**٣- بڕیاری خەڵک، بناغەی دەسەڵاتی حکوومەتە. ئەو بڕیارە دەبێ لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوە دەچن، خۆی دەر بخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەریو یەکسانیی تێدا رەچاو بکرێ، بە دەنگی نهێنی بێ یا بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا.**

**ماددەی: ٢٢**

**هەر کەسێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، مافی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی هەیە و بۆی هەیە بەهۆی یارمەتی و هاوکارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ئەو مافە ئابووری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و کەرامەتو گەشە کردنی ئازادیی کەسیەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە رێکخراوە و سەرچاوەکانی وڵات، وەدەستیان بێنێ.**

**ماددەی: ٢٣**

**١- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کار بکا، کاری خۆی بە ئازادی هەڵ بژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای رەزامەندی بۆ کار تێدا کردن داوا بکا و لە بەرامبەر بێکاریدا پشتیوانیی لێ بکرێ.**

**٢- هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ جیاوازیدانان لە بەرامبەر کاری وەک یەکدا، هەقدەستی وەک یەک وەربگرن**

**٣- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکی لە قازانج و بەرژەوەندەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکە یەکیەتی پێک بێنێ، یا بچێتە نێو ئەو یەکیەتییانە کە تێکۆشانیان هەیە**

**ماددەی: ٢٤**

هەر کەس مافی حەسانەوە و پشوودان و کەلکوەرگرتن لە سەرگەرمیی هەیە و بەتایبەتی دەبێ ڕێوشوێنە باشەکانی تایبەت بە سەعاتەکانی کار و مەرەخەسیو پشوو دیاریکراوەکانەوە، لەبارەیەوە بەڕێوە بچن.

**ماددەی: ٢٥**

١- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابین کردنی سڵامەتیو ئاسوودەیی خۆیو بنەماڵەکەی بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێرییە پزیشکییەکانو خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یا بێوە مێردی، پیریو، لە تەواوی ئەو حاڵەتانەدا کە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسەو ئامرازەکانی ژیانو بەڕێوەچوونی لە دەست دەر چوون، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێ.
٢- دایکانو منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتیو چاوەدێریی تایبەتییان بۆ تەرخان بکرێ. هەموو منداڵێک چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی هاوبەش بن، چ ئەوانەی بە بێ زەماوەندی رەسمی هاتوونە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە باری کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

**ماددەی: ٢٦**

١- هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندنو پەروەردە بکرێ. پەروەردەو فێر کردنو لانی کەم خوێندنی سەرەتاییو بناغەیی، دەبێ بە خۆڕایی بێ. خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە. فێر کردنی فەننی و حیرفەیی دەبێ بکرێتە گشتی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبێ بە یەکسانیی تەواوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایەو توانای خۆیان کەلکی لێ وەربگرن.
٢- ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێ پشکواندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی ئینسانو برەودان بە ڕەچاو کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردە و فێر کردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێک تێگەیشتنی باشترو وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقمو گرووپە رەگەزی یا ئایینییەکاندا بێ و هەروەها یارمەتی بە پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا بکا.
٣- دایکو باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدەو فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیاندا، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن

**ماددەی: ٢٧**

**١- هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی فەرهەنگیی کۆمەڵدا بەشداری بکاو نەخشی هەبێو لە هونەرەکانو بەتایبەتی پێشکەوتنی زانستو دەسکەتەکانی کەلک وەربگرێ**

**٢- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددیو مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبیو هونەرییەکانی خۆی کەلک وەربگرێ**

**ماددەی: ٢٨**

**هەر کەس مافی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیو نێونەتەوەییدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەو بەیاننامەیەدا بە تەواوی دابین بکا و بەرێوەیان ببا.**

**ماددەی: ٢٩**

**١- هەر تاکێک تەنیا لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا کە گەشەکردنی ئازادانە و هەموولایانەی ئەوی مسۆگەر کردوە، ئەرکی دەکەوێتە سەر شان**

**٢- هەر کەس لە بەر کار هێنانی مافەکانو کەلکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرامبەر ئەو لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بەمەبەستی بە رەسمی ناسین و رەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بە نیازی وەبەرچاو گرتنی پێداویستییە ئەخلاقییە دادپەروەرانەکان بە نیازی نەزمی گشتی و خێرو خۆشیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا، پەسند کراون.**

**٣- ئەو مافو ئازادییانە لە هەرحاڵدا نابێ لەگەڵ ئامانجەکان و رێوشوێنو بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە دژایەتی دابن**

**ماددەی: ٣٠**

**هیچ یەک لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم بەیاننامەیە نابێ بە جۆرێک لێکبدرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یا کەسێک کە بە کەلکوەرگرتن لەو لێکدانەوەیە، بۆ لە نێو بردنی مافو ئازادییەکانی گونجاو لەم بەیاننامەیەدا تێبکۆشن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - رێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٣**

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

## ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ ئێران یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەم هێنانی مادەی هۆشبەری شیشە،یە لە جیهاندا

تریاک و ئافیوون و حەشیش نەیارێکی نوێیان بۆ پەیدا بووە. سەردەم سەردەمی کریستاڵ مێت، یان بە ناوە ئێرانییەکەی شیشەیە، مادەیەکی هۆشبەری شیمیایی کە کارتێکەرییەکی زۆر پڕ مەترسی لە سەر مێشکی مرۆڤ هەیە.

(مێت ئانتی فامین، مێتان، یان شیشە) مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام شێوە و ڕێژەی بەکار هێنانەکەی تارادەیەک نوێیە. لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا سوپای ئەڵمانی نازی ئەو مادە هۆشبەرەی بە سەربازەکانی بە تایبەت بە فڕۆکەوانەکانی دەدا ، چونکا بە هۆی کارتێکەرییە نەرێنییەکانی لە سەر مێشک، مرۆڤەکانی بۆ زۆر کاری نەخوازراو هان دەدا. لە ساڵەکانی دەیەی ٥٠ و ٦٠ی زایینی، ئەو مادەیە بۆ کەم کردنەوەی کێش و بەرگری لە قەڵەو بوون و هەروەها زیاد کردنی هەستی جنسی پیاوان، لە ئەمریکا برەوێکی زۆری هەبوو، بەڵام هەر لەو سەردەمانە دا بوو کە هەست بەوە کرا کە دەکری ئەو دەرمانە وەک مادەی هۆشبەریش کەڵکی لێ وەرگیرێ. هەر بۆیە وڵاتان هێدی هێدی بەرهەم هێنان و فرۆشتنیان لە بازاڕ دا قەدەغە کرد و هەر ئەو قەدەغە کردنەش بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر لەوە بەدواوە بە شیوەیەکی نهێنی و لە ژێر زەمینە داخراوەکاندا و ئەمجار بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بەرهەم بهێندرێ و جگە لەوە، دەیان مادەی شیمیای دیکەشی بۆ کارتێکەری زیاتر لە سەر بەکار هێنەرەکەی، تێکەڵ بکرێ.

کەڵک وەرگرتن لە شیشە زۆر پڕ مەترسییە و پاش ماوەیەکی کورت لە بەکار هێنانی، دەیان و سەدان نەخۆشی لە کۆئەندامی هەناسە و ناو دەم و تەنانەت مێشکی کەسی تووش بوو دا سەرهەڵدەدەن، ئەوە جگە لە تووڕە بوون و

دەست دانە کاری نەشیاو و هێرش و هەڕەشە بۆ سەر خەڵک.

دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە پەرەسەندنی بە پەلەی بە کاری هێنانی ئەو مادەیە لە هەموو جیهاندا دەکات. ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە و تەنانەت وڵاتانیش لەوە نیگەرانن کە بەرهەم هێنانی ئاسانە، بەڵام پێشگرتن لێی زۆر دژوار و ئاستەمە. حکومتی ئێران نزیکەی ٦ ساڵ لەمەوبەر هەواڵی دەستپێکی بڵاو بوونەوە و بەکار هێنانی ئەو مادەی لە ناو وڵاتەکەی دا ئاشکرا کرد، بەڵام ئیستا ئەو وڵاتە بووتە یەکێک لە گەورەترین بەرهەم هێنەرانی لە جیهاندا. بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەورەترین بازاڕی ساخ کردنەوە و فرۆشتنی مادەی شیشەی بەرهەم هێندراو لە ئێران، ولاتانی تازە پێگەشتووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو مادەیەش لە ڕێگەی ئاسمانەوە و بە فڕۆکە بەرەو جێی فرۆش دەنێردرێ.

تاکوو ئێستا هیچ ئامارێک سەبارەت بە ڕێژەی بەکار هێنانی ئەو مادەیە لە ناو ئێراندا لە بەر دەستدا نیە، بەڵام ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە شیشە هەم بۆ بواری خۆشی و هەم بۆ خۆ لاواز کردن بەکار دەهێندرێ. کاربەدەستانی ئێران باس لەوە دەکەن کە مادە هۆشبەرە شیمیاییەکان هێدی هێدی جێگەی مادە هۆشبەرە گیاییەکانیان گرتووەتەوە و ئاستی بڵاو بوونەوەی ئەو مادە شیمیاییانە لە ناو ئەو وڵاتە دا گەشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت خوێندکارانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکانیش ڕوویان تێ کردووە.

ڕاپۆرتێکی دیکە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لەوە دەکات کە ئێران لە پلەی پێنجەمی ئەو وڵاتانەی جیهاندایە کە لە ماوەی ڕابردوو دا دەستیان بە سەر ڕێژەیەکی زۆری ئەو مادەیە دا گرتووە، ئەوەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە بەکار هێنانی ئەو مادەیە لە ناوخۆی ئەو ولاتە دا لە ئاستێکی بەرز دایە. هەرزانی نرخ و کارتێکەری ئەو مادەیە لە چاو مادەگەلێکی وەک تریاک و حەشیش، بووەتە هۆی نیگەرانییەکی گەورە و شارەزایانی ئەو بوارە لە بڕوایە دان کە ئەگەر ئاوا بڕوات تووشبوون بەو مادەیە دەبێتە دێوێکی هێندە گەورە کە ئیتر گێڕانەوە بۆ ناو فانۆسەکە زۆر ئاستەم دەبێ.

سەرچاوە: بی بی سی فارسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٤

## سەردانی کۆمپانیا و بازرگانە ئەمریکاییەکان بۆ ئێران، لە ژێر سێبەری سزا و ئابڵووقە نێودەوڵەتییەکاندا

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆستی ئەمریکایی لە ڕاپۆرتێک دا کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ مەی ٢٠١٤ دا بڵاو کردووەتەوە، باس لە چوونی کۆمەڵێک بازرگانی ئەمریکایی بۆ ئێران دەکات. لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە: پاش چەند دەیە لە پچڕانی پەیوەندیی سیاسی، ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، لە ماوەی رابردوو دا کۆمەڵێک بازرگانی ئەمریکایی، بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار و ئەگەری ئیمکانی وەبەرهێنان لەو وڵاتە، سەردانی تاران کردووە. ئەو سەردانە بە مانای کرانەوە هێندێک ڕێگەی بازرگانییە کە ماوەی دەیان ساڵە بە تەواوی داخراون.

ئەوەی ماوەی چەندین ساڵ ئابڵووقەیەکی قورسی ئابووری بە سەر ئێراندا سەپێندراوە و ئەو ئابڵووقەیە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی بازرگانی و تیجارەییەکان ئەگرێتەوە، هەربۆیە وا چاوەروان دەکرێ کە سەردانی ئەو بازرگانانە هیچ ئاکام و ئەنجامێکی باشی بە دواوە نەبێ، بەڵام بەو حاڵەش خانەخوێ ئێرانییەکان هەموو بوارەکانیان بۆ سەردانی ئەو کۆمەڵە بازرگانە ئەمریکییە بۆ کێڵگە، کارخانە، بازاڕی بۆرسی تاران و دەیان جێگەی دیکە بۆ مەیسەر کردوون و دەیانەوێت وا بنوێنن کە دەرگای بازاڕەکانی ئەو وڵاتە بە ڕوویی ئەواندا کراوەیە، هەر بۆیە کۆمەڵێکی زۆر لە شیرکەت و کۆمپانیا و تەنانەت بازرگانە سەربەخۆکانیش لە هەوڵی بە دەست هێنانی ویزای چوون بۆ ئێرانن و لە ڕاستی دا لە نۆبەی ئەو سەردانە دا وەستاون.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتە دا هاتووە: ئەگەرچی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دەست بەکار بوونی زۆر چالاکانە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بازرگان و کۆمپانیا بێگانەکان بۆلای بازاڕی ئێران دەستی داوەتە پڕۆپاگاندەیەکی بەربڵاو، بەلام بەو حاڵەش تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت هیچ ئاماژەیەک بە بانگهێشتی کۆمپانیا و بازرگانە ئەمریکییەکان لە تەوەری کاری پرۆپاگاندەکارانی ئێرانی دا نەبینراوە، کەچی کۆمپانیا زەبەلاحە نەوتییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبێل و ماکینە گەورەکان، لە ساڵی ٢٠١٣وە کەوتوونەتە دانووستان لەگەڵ بازرگانە ئێرانییەکان و چاوی تەماحیان بڕیوەتە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە و دانیان لەو داهاتە بێ سنوورە چیر کردووەتەوە کە لە ئەگەری کرانەوەی دەرگاکانی ئێران بە ڕوویاندا دەستگیریان دەبێ.

لە ساڵانی دوایی دا و بە هۆی سزا سەپێندراوەکانی سەر ئێران، پەیوەندییە تیجاری و بازرگانییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی وەک ئاڵمان، فەڕانسە و ئیتالیا ڕووی لە داکشان کرد و بووە هۆی لاواز بوونی سەرمایە دانان و وەبەر هێنانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەو وڵاتە دا، بەڵام بەو حاڵەش، دوایین ڕاپۆرتی کۆنفڕانسی تیجارەت و پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لە هەڵکشانی سەرمایە دانان تا ڕادەی ٥ میلیارد دۆلار تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠١٣ دا دەکات و ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەو قازانجە بە ولاتانی چین، ڕوسیە و تورکیە گەشتووە، هەرچەندە ئێران چاوەڕوانی زۆر لەوە زیاتری دەکرد.

پێداوسیتییەکانی ئێران بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی و سەرمایە دانان لەو وڵاتە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە هەوڵی جیددی دان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی ئەمریکا بۆ ناو وڵاتەکەیان و ئەو بازرگان و چاوەدێرە سیاسییە ئەمریکییانەی کە بەم دواییانە سەردانی ئەو وڵاتەیان کردووە، باس لە ئیمکان و زەمینەی لەبار بۆ هاوکاری نێوان دوو لایەن دەکەن.

دێک سایمۆن،ی بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای بینا سازی " ئارِ ئێس ئای" کە بنکەی سەرەکی لە بۆستۆنە لەو بارەوە دەڵێ: هەلێکی یەکجار زۆر بۆ کار کردن و سەرمایە دانان لە ئێراندا هەیە و من خۆم بیرم لەوە کردووەتەوە کە لە داهاتوو دا دەست بە وەبەرهێنان بکەم و لەو بڕوایە دام کە وڵاتانی دیکەی جیهانیش هەر بڕیارێکی لەو جۆرە دەدەن.

بەڵام لای چاوەدێرانی سیاسی پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە تۆ بڵێی لە ژێر سێبەری ئەو ئابلۆقە و سزا ئابووریانەی کە لە لایەن ئامریکاوە بە سەر ئێراندا سەپێندراوە، ئیمکانی ئەوە هەیە کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دوو وڵاتە بەرەو گەشانەوە بچێت؟ ئامانجێک کە لە ژێر تیشکی دانووستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، بووەتە مەبەستی سەرەکی هەردوو حکومەتی ئۆباما و ڕوحانی.

ئەو کەسانەی کە لەم دواییانە دا لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە باس لەوە دەکەن کە جگە لە بواری وزە و کۆمپانیا گەورەکان، ئێران پێویستییەکی یەکجار زۆری بە بەشی پەیوەندی و گەیاندن هەیە، هەر بۆیە لە ئیستا هەوڵی کاربەدەستانی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو بەشە و سەرئەنجام وەرگرتنی زانیار و کەرەستەی پێویستە لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان زۆر بەرچاوە، چونکا ئێرانییەکان دەتوانن لەو کەرستانە بۆ چەندین مەبەستی تایبەت وەک

پەیوەندییە گشتی و سەربازییەکان و هاوکات چاوەدێری و کۆنترۆڵی بەکار هێنەرانی کەڵک وەرگرن. ئەوە جگە لە بوارەکانی چاندن و بەروبوومە کشت و کاڵییەکان کە لە ئیستا دا بە سەرەکیترین پێداویستییەکانی ئەو وڵاتە دێنە ئەژمار.

لە کۆتایی ئەو ڕاپۆرتەی واشنگتۆن پۆست دا هاتووە: بە بێ ڕچاو کردن و ئاوڕ دانەوە لە کێشەی دەیان ساڵەی نێوان دوو وڵات، لە ئێستا دا ئەوەی گرینگە، ئەو پێداویستییە زۆرەیە کە هەردووک وڵات بە یەکتری هەیانە، بە تایبەت لە ئێراندا ئەو کەرەستە و کەلووپەلانەی کە مارکەی ئەمریکاییەیان پێوەیە، برخێکی زیاتر دەکەن و لە بازاڕیش دا کڕیارێکی زیاتریان هەیە و لە ئەگەری هەڵگیرانی سزا و ئابلۆوقە نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران، دەروازەیەکی گەورە بۆ فرۆش و ساخ کردنەوەی کاڵا و کەرەستە ئەمریکایی و ئوروپاییەکان لەو وڵاتە دا دەکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠١٤

---

## دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان و قازانجەکانی بۆ تورکیە

ڕۆژنامەی فایناشناڵ تایمزی بریتانی لە ڕاپۆرتێک دا باس لە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی تورکیە لە ئەگەر دروستبوونی حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان دەکات و دەنووسێ: یەکێک لە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵات دار لە تورکیە، باس لە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ قبووڵ کردنی دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە باکووری عێراق دەکات. حەسەن سیلیک،ی وتەبێژی پارتی داد و گەشەپێدان لە وتووێژێک دا لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێ: لە ڕابردوو دا تەنانەت بیرکردنەوەش لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە تورکیە دەبوو هۆی شەڕ و تێکهەڵچوون، بەڵام ئێتر ئەمڕۆ بارودۆخەکە گوڕاوە. هەرچەندە هێشتا ناو هێنانی کوردستان لای هێندێک کەس کێشە خوڵقێنە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئێستا ئیتر کوردستان بووەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. ئەگەر عێراق بەرەو لێکهەڵوەشان بچێت، کە وەک دیارە وا دەبێ، کوردەکان برای ئێمەن و ئێمە ڕێگری لە هیچ هەنگاوێکی ئەوان ناکەین کە خۆیان بڕیاری لێ بدەن.

بە دوور لەو وتانەی کاربەدەستانی حیزبی دەسەڵاتداری تورکیە، چاوەدێرانی سیاسی و ئابووری لەو بڕوایە دان کە هەناردە کردنی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی تورکیەوە بۆ بازارەکانی جیهان و ئەو قازانجە زۆرەی کە لەو ڕێگەیەوە دەست حکومەتی تورک دەکەوێ، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە و تەنانەت لایەنە رەگەزپەرستە تورکەکانیشی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە نەک پێکهاتینی کیانێکی کوردی لەو دیو سنوورەکانی خۆیانەوە قبووڵ بکەن، بەڵکوو ببنە پشتگیر و پشتیوانی، چونکا پاش دامەزران و سەقامگیر بوونی ئەو حکومەتە، قازانجێکی بەرفراوان گەورە بە هەردووک لا دەگات.

فایناشنال تایمز لە درێژە دا دەنووسێ: دامەزرانی حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان گەورە، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گوشاری کوردەکانی تورکیەش بۆ سەر حکومەتی ئانکارا و هاتنە خوارەوەی ئاستی داواکارییەکانیان، چونکا گەشانەوەی ئابووری حکومەتی باشووری کوردستان، دەبێتە هۆی کۆچی کوردانی باکووری کوردستان بۆ ئەو وڵاتە و کرانەوەی سنوورەکان بە ڕووی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا. هاوکات ئەو بەڵێنیانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستانەوە سەبارەت بە پەرەپێنەدانی سنوورەکانی حکومەتەکەیان، دەبێتە هۆی دڵنیایی دەسەلاتدارانی تورک و تەنانەت حکومەتەکانی دراوسێی کوردستان و کەمبوونەوەی ویستی سەربەخۆیی خوازی کوردانی تورکیە.

جووجوڵە سەربازییەکانی ئەوم دواییانە لە هەرێمی کوردستان، وەک کۆکردنەوەی هیزی پێشمەرگە، درێژکردنەوەی ماوەی سەربازی، بانگهێشتی پێشمەرگە دێرینو خانەشینەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان چەک دەگرێ لە لایەن مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەو وتانەی سەرەوە. بەڕێز مەسعود بارزانی لە سەردانێکی دا لە بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی کورکووک، لە وتەیەک دا رایگەیاند کە شاری کەرکووک و هەموو ناوچە کوردستانییە دابراوەکانی باشوور کوردستان، کە دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کراون، تاهەتایە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دا مێننەوە و بۆ پەیوەست بوونەوەی یەکجارەکی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە، راپرسییەکی گشتی لە ناو دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دا ئەنجام دەدرێ.

ئەو وتانەی کاربەدەستانی تورک هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی پشتگیری کاربەدەستانی ئیسرائیل بۆ دامەزرانی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی. هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بڵاو بوونەوەی دەنگووی دامەزرانی ئەو حکومەتە کوردییە،

کاربەدەستە ورد و درشتەکانی ئیسڕائیل، لە چەندین بۆنە و جێگەی جیاواز دا رایانگەیاندووە کە ئەوان پشتگیری لە دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن. لە دوایی ئاماژەش دا، ڕۆژی یەکشەممە بنیامین ناتانیاهو،ی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئیسرائیل، ڕایگەیاند کە ئەوان دڵخۆش بە دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان و ئەوان بە هەموو توانایانەوە پشتگیری ئەو حکومەتە کوردییە دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە و بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستانەوە بڵاو کراونەتەوە، ڕۆژی یەکشەممە، مەسعود بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، داوای لە نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە ئەو ڕێکخراوە هاریکاری کوردانی باشوور بکات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕاپرسییەکی شەفاف، سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی ئەو هەرێمە لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٤

---

## گیارەنگ ئەو سەرچاوەیەی کە ڕۆژانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەڵکی لێ وەردەگرم.

لە ڕۆژانەی سەرەتای ئاشنا بوونم بە ماڵپەڕی گیارەنگ هەموو کات بیرۆکەی ئەوەم لا درووست دەبوو کە تۆ بڵێی ڕۆژێک دا بێت منیش بتوانم ماڵپەڕێکی ئاوام هەبێ و ڕۆژانە هەواڵ و بابەت و نووسینەکانی خۆم و خەڵکانی دیکەشی تێدا بڵاو بکەمەوە؟ پاش چەندین ساڵ لە ماڵپەڕێکی سیاسی دا دەستم بە کار کرد و ڕۆژانە هەواڵ و کارو چالاکی تێدا بڵاو دەکەمەوە.

ئیستا کە خۆم کەوتوومەتە ئەو بوارەوە هەست پێ دەکەم و دەزانم کە بەراستی بەڕێوەبردن و بەڕۆژ کردنەوەی ماڵپەڕێکی گشتی وەک گیارەنگ چەندەی کات و وزە دەوێت. ماڵپەڕی گیارەنگ یەکێک لەو دەگمەن ماڵپەرە کوردییانە کە بۆتە نوێنگەی زۆر بیر و بۆچوونی جیاواز و تەنانەت خەڵکی بۆ ناساندنی کێشە و گرفتە سەخسییەکانی خۆشیان هانای بۆ دێنن. نازانم ئەوە لە سیاسەتی کاری ماڵپەڕەکەوە سەرچاوە دەگرێ یان لە دڵفراوانی و گەورەیی بەڕێوەبەرەکەیەوە کە بە درێژایی تەمەنی، هەم خۆی و هەم بنەماڵە و کەس و کاری لە

خزمەت کردن بە خەڵک و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی گەلەکەمان بێ سڵەمینەوە لە کەندوکۆسپەکان بەردەوام بوون. گیارەنگ زۆر جاران تووشی قەیرانی دارایی و تەنانەت ڕووبەڕووی هەڵوێستی سیاسی و تەنگوو چەڵەمەی جیهانی بەربەرینی ڕایەڵە ئینتێرنێت بۆتەوە، بەڵام تاکوو ئێستاشێ لەگەڵ دا بێت هەر لە سەر سیاسەتی ڕاستەقینە و پاک و بێگەردی خۆی بەردەوام بووە و هیچکات ڕێگەی نەداوە کە گۆڕانکاری لە کەش و هەوای سیاسی دا کاربکاتە سەر سیاسەتی بەجێی. ئێستا ئیتر گیارەنگ بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کەم کەس هەیە کە لەگەڵ یەکەم ساتەکانی ئاشنا بوون لەگەڵی دا بتوانێ کۆتایی بە دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەو ماڵپەڕە ڕەنگینە بێنێت.

من جگە لە پیرۆزبایی گەرمم بە بۆنەی هەڵکردنی مۆمی دەساڵەی تەمەنییەوە، لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم و هیوادارم کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ وەشان و بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتی شۆڕش و خۆڕاگری و سڕینەوەی ئاسەواری زمانی بێگانە لە ناو زمانی کوردی دا و ببێتە لەمەپرێکی قاییم لە بەردەم هێرشی کولتووری بێگانە.

سڵاو لە گیارەنگ و بەڕێوەبەرانی

لەگەڵ ڕێزی بێ کۆتاییم

مستەفا مامە قالە "ئازاد بانەیی"

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٤

## پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دیموکراتی کوردستان پێ دەنێتە ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزراندییەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، لە سەر دەستی پێشەوای مەزنی گەلی کورد پێشەوا قازی محەممەد،

لە شاری مەهاباد و لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد " ژێکاف" دامەزرا.

لاپەڕەکانی میژووی ئەو حیزبە تێکۆشەرە هەر لە ڕۆژی سەرەتای دامەزرانییەوە پڕە لە شانازی و دەستکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان. حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم حزبی مۆدێرنی کوردی بوو کە پاش دامەزرانی خۆی، یەکەمین حکومەتی سەربەخۆی کوردی دامەزراند، ئاڵای کوردستان هەڵکرد و یەکەمین سپای سازماندراوی لە ژێر ناوی سوپای میللی کوردستان دا مەزراند. ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی بۆ ئەو ڕۆلە لە خۆ بووردوانە دا نا کە خۆبەخشانە بۆ پارێزگاری لە گەل و نیشتمانەکەیان دەستیان دابووە چەک.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی ئەو ٧٢ ساڵە بە بەردەوامی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا ماوەتەوە و دژ بە داگیرکەرانی کوردستان چ بە شێوەی نهێنی و چ بە شێوەی ئاشکرا خەباتی کردووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی پاشایەتی دا سەدان کەس لە تێکۆشەرانی و لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبەر و سەرۆک کۆمارەکەی پێشەوای خۆشەویستی گەلی کورد لە سێدارە دران، خرانە زیندانەوە، دوور خرانەوە و یان بۆ پاراستنی گیانیان پەریوەی وڵاتانی جیهان بوون.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی گەندەڵی پاشایەتی و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕژیمی تێرۆریستی ئیسلامی، شانی دایە بەر خەباتێکی چەکداری خوێناوی و تا ئیستاشی لەگەڵ دا بێ بەردەوامە. بە درێژایی ٣٨ ساڵ خەباتی جەکداری ئاشکرا دژ بە ڕژیمی ئیسلامی زیاتر لە ٥ هەزار کەس لە کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی شەهید کراون. ٢ ڕێبەری گەورەی وەک شەهیدان دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دکتور سادق شەرەفکەندی و سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی لە لایەن تێرۆریست و پیاوکوژانی ئەو ڕژیمە دژی ئینسانییەوە تێرۆر کراون.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کەندوکۆسپ و هەوراز و نشێوەی کە بە درێژایی ٧٢ ساڵ خەباتی نەپساوە هاتووەتە سەرڕێ، هێشتا لە جاران چالاکتر و تۆکمە تر لە مەیدانی خەبات دایە و بۆ بە دەست هێنانی مافی رەوای گەلەکەمان و بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵێن نوێ ئەکاتەوە کە هاوشانی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی دیکە گۆڕەپانی

خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕزگاری یەکجاری و زاڵ بوون بە سەر داگیرکەرانی کوردستان دا لە خەبات ڕانەوستێ و دڵنیاین کە ئامانجی گەورەمان، واتە ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی ولاتی ئازیزمان کوردستان لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا دێتە دیی.

پیرۆز بێ ٢٥ گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد، حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی ناوداری شاری بانە



بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی کەریم وسووقی، کەسایەتی ناسراو و خۆشناوی شاری بانە و یەکێک لە کۆنترین ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو شارەمان پێگەیشت. کاک حاجی کەریم وسووقی یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانەی گەلەکەمان بوو کە لە دوای کۆمەڵەی ژ.ک و درووست بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە یەکەمین کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری بانە دامەزراند.

ئەو کەسایەتییانە بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە زۆر زوو توانیان خەڵکێکی یەکجار زۆر لە ناو شار و گوندەکانی ناوچەی بانەی لەدەوری سیاسەتەکانی حیزب کۆکەنەوە و ببنە پێگەی قاییم بۆ کۆماری کوردستان و شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. حاجی کەریم وسووقی بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤێکی خاوەن زانست و لیزان

دەبێ، زۆر زوو دەبێتە خۆشەویستی ناو هاوڕێیانی و کۆمەڵانی خەڵک و بەشێکی زۆر لە کاروباری حیزب لەو شارە دەکەوێتە ئەستۆی. پاش ڕوخانی کۆمار و هێرشی سوپای دڕندەی ڕژیمی ڕوخاوی پاشایەتی، تەشکیلات و کۆمیتەکانی حیزب لە بانە و دەورەووبەر تووشی نوشستی دەبەن، بەڵام بە هیممەتی حاجی کەریم و هاوڕێیانی بۆ جارێکی دیکە تەشکیلاتەکان سەر لەنوێ بونیات نایەوە، بەڵام پاش خۆ بەدەستەوە دانی سمایل قاسملوو حاجی کەریم و کۆمەڵێک لە هاوڕێیان ئەگیرێن و ڕاپێچی ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیم دەکرێن، بەڵام نە گرتن و نە ئەشکەنجە کار ناکاتە سەر ئیرادەی پۆڵایینیان و پاش چەند ساڵ ئەشکەنجە و ئازار سەرئەنجام ئازاد دەکرێن. حاجی کەریمی وسووقی تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٣٣٠ی هەتاویش لە ناو ڕیزەکانی حیزب دا هەر چالاک دەبێ، بەلام بە داخەوە پاش گەڕانەوە لە بەندیخانە دەست لە کاری سیاسی دەکێشتەوە و ژیانی ئاسایی دەست پێدەکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش حاجی کەریم وسووقی خاوەن جێگە و پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوو لە ناو شاری بانە و دا و لە ڕیزی کەسانی بڕوا پێکراوی شار دا بوو کە بۆ چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان پێشەنگ و پێشڕەو بوو.

کاک حاجی کەریم مرۆڤێکی لە سەرخۆ، هێمن و جێگەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵک بوو. هەموو کات دەستگیرۆدەیی هەژار و فەقیرانی ئەکرد و لە هیچ هەرەوەزێکی کۆمەڵایەتی دا دوا نەدەکەوت.

بە مەرگی حاجی کەریم وسووقی شارەکەمان کەسایەتی خاوەن هەڵوێست و خۆشناو و گەلەکەمان مرۆڤێکی خاوەن هەڵویست و تێکۆشەری لە دەست دا.

ڕۆحت شاد و یاد و ناوت لە دڵماندا بە زیندوویی ئەمێنێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

# مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵکی بانە.



مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵکی بانە، دژ بە یاساو ڕێسا دژی ئینسانییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران پێی نایە ۲۱هەمین ڕۆژی خۆیەوە. سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشە و وەعدە بێ بنەماکانی ڕژیم بەڵام خەڵک لە سەر داوای خۆیان سوورن و ئامادە نین ئاوا بە سانایی واز لە خواستی رەوای خۆیان بێنن. کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی شار گیراون و بەرەو گرتووخانە نادیاریەکانی دەزگای سەرکوتگەری ئیتلاعات راگوێزراون. ڕژیم لە ڕێگەی هێندێک مۆرەی خۆیەوە هەڕەشەی لە دۆکاندار و بە تایبەت دوکاندارانی پاساژەکانی شار کردووە کە دەبێ دوکانەکانیان بکەنەوە. هێزێکی یەکجار زۆر لە شارەکانی سەقز، مەریوان و سنەوە بەرەو بانە هێنراون و جگە لە دامەزراندن و بڵاو پێکردنیان بە شەقام و گۆرەپانە سەرەکییەکانی شار دا، لەبەر دەم هەر پاشاژێک دا کۆمەڵێک چەکدار دانراون. ڕژیمی هەموو کۆنە جاش و بەکرێگیراوە ناوخۆییەکانی چەکدار کردووەتەوە. ئینتێرنێت بڕدراوە و تە نانەت هێڵەکانی تەلەفوونیش لە ژێر کۆنترۆڵی بەردەوام دان. دوێنێ پاش نیوەڕۆ بە هێڵی تەلەفوونی ئاسایی لەگەڵ هاوڕێیەکم قسەم کرد، بەڵام دواتر لە ئیدارەی ئیتلاعاتەوە تەلەفوونیان بۆ کردبوو و لێیان پرسیبوو کە ئەوە کێ بووە لە دەرەوەی وڵاتەوە پەیوەندی پێوە گرتی!

ڕژیم ترسێکی زۆری لێ نیشتووە و مەترسی ئەوەیان لا درووست بووە کە ئەو مانگرتن و ناڕەزایەتییە بەرەو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش بگوازرێتەوە. کومیتەی هاوئاهەنگی مانگرتنەکان داوایان لە نانەواخانە و تاکسییەکانیش کردووە بچنە ڕیزی مانگرتووەکانەوە. ژیان و ئیش و کاری ئاسایی لە ناو شار دا بە تەواوی ڕاوەستاوە.

٥ی مای ٢٠١٨

* داودەزگای ئیتلاعاتی ڕژیم لە ڕێگەی هێندێک مۆرەی لاوازی خۆیەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستی کردووە بە پڕوپاگاندەی ژەهراوی دژ بە ٢٢ ڕۆژ مانگرتن و خۆڕاگری مەدەنیانەی خەڵکی ئەو شارە قارەمانە و دەیانەوێ ئیرادەی ئەو خەڵکە بە چۆک دا بێنن. تکام وایە با هەموو لایەکمان هۆشیار بین و ڕێگە نەدەین تۆوی دڕدۆنگی و دوو دڵی لە ناو خەڵک دا چەکەرە بکات و ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی بانە لاواز بکرێ. ڕژیمی ئیسلامی ٢٢ ڕۆژە بە هەر شێوەیەک کە بۆی کرابێ و بە هەر کەرەستەیەکی کە لە بەردەستی دا بووبێ هەوڵی شکاندنی ئیرادەی خەڵکی بانە داوە و سەرکەوتوو نەبووە و دوایین هەوڵی خۆی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی مافخواز خستە گەڕ بە هێنانی دەیان هەزار پاسدار و بەسیجی و هێزی ئینتزامی چەقۆکیش و بەرەڵا، بەڵام خوێن ساردی خەڵکی شار و هاوکات ئیرادەی پۆڵایینیان شکستی بەو دوایین پەلەقاژەی ڕژیم هێنا و ئەو هێزە بودەڵەی کە هێناویەتیە ناوشار لە بیکاری خۆیان وەڕز بوون و بێکار و بێ چارەنووس بە شەقام و کۆڵانەکانی بانە دا سەرگەردانن. خەڵکی بانە بە دەولەمەند و هەژارییەوە، بە دوکاندار و کۆڵبەر و شۆفێر تاکسییەوە تا دەگاتە خەڵکی ئاسایی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کێشەکانی سەرسنوور و کۆڵبەرییەوە نیە، یەک دەنگ و یەک هەڵوێست لە بەرامبەر ناعەدالەتی، زوڵم و زۆر و خۆسەپاندنی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی راوەستاون و ئاوا بە سانایيش ئامادە نین واز لە داوا ڕەواکانیان بێنن. دوژمن دەیەوێ بە تێکشاندنی ئیرادەی مانگرتن و خەباتی مەدەنی شاری بانە، خەباتی مافخوازی کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چۆک دا بێنێ. بەڵام هەم ڕژیم و هەم مۆرە لاوازە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەو ڕژیمە خەیاڵیان خاوە. کورد ئیرادەی پۆڵایین و سەبری تولەی زۆر بە هێزە. ئەمڕۆ بانە، سبەی مەریوان. دوو ڕۆژی دیکە سابڵاغ و سنە و دیواندەرە و سەقز و سەرئەنجام هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە مەیدان بۆ داواکاری مافی ڕەوای خۆیان و بە دەست هێنانی ئازادی. مەرگ و ڕوورەشی بۆ ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و بەکرێگیراوە جۆراوجۆرەکان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٨















# سڵاو و رێز لە بنەماڵەی تێکۆشەر و خۆشەوێستی هاوڕێ ئازاد بانەیی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: بانەمەڕی ٢٧١٨ی کورد - مای ٢٠١٨ی زایینی